# زانستی کەلام و جێ دەستی
# مەنهەجێتیەکەی لە فیکری ئیسلامیدا

دکتۆر سەعید فودە

## نەزەریەی مەعریفەت

باوکی غەزالی مەلا رەزوان



پەیامەکانی حەق و نوور

پەیامی نۆیەم

# زانستی کەلام و جێ دەستی

# مەنهەجێتیەکەی لە فیکری ئیسلامیدا

عەللامەو موتەکەللیم دکتۆر سەعید فودە

## نەزەریەی مەعریفەت

باوکی غەزالی مەلا ڕەزوان



بسم الله الرحمن الرحيم

السلام عليكم ورحمة الله وبركاته

ئیمان، ئیسلام، ئیحسان

دەق، عەقڵ، دڵ

# ڕێگامانا

برایەتی، یەکگرتن، خزمەت

چاکەخوازی، ئاشتی

## پێشەکی وەرگێڕ

بسم الرحمن الرحيم، والصلاة والسلام على أشرف المرسلين، وسيد العارفين والمتكلمين، مولانا محمد خاتم النبين، وآله وصحبه ومن سار على نهجه إلى يوم الدين.

أما بعد:

لەم کتێبەکەدا فەیلەسوف و عەللامەی زەمان، وە زمانی ئوممەت دکتۆر سەعید فوودە هەڵساوە بە توێژینەوە لە زانستی کەلام، کە زانستێکە پەیوەندی بە بیروباوەڕی موسڵمانانەوە هەیە، وە کۆ باسێکە بۆ لێکۆڵینەوە لە زاتی خواو سیفاتی خواو ماددەو گەردوون و وجود، وە بابەتە بیستەنیەکان لە دەقەکانەوە سەبارەت بە قۆناغەکانی دوای مردن، وە

له هەموویشی گرینگتر سەلماندنی بوونی خودایه به بنەماکانی عەقڵی که زۆر زۆر گرینگه بۆ ئەم سەردەمه بۆ ڕەددانەوەی فەلسەفه ئیلحادیەکان و ڕەواندنەوەی شەك و گومانەکان ئەوانەی کەوا ڕوویان له دینی ئیسلام و موسڵمانان کردووه، بۆیه پێویسته ئەم زانسته زیندوو بکرێتەوە.

زانستی کەلام ئەو ئیستیدلالەنەیه که له چوارچێوەی شەڕعدا کۆمەڵە بنەمایەیەکی لەسەر بنیات نراوەو دەست له ملێی قوڕئان و سوننەت ئەکات و ئەوەی پەیامبەران پێی هەڵساون زانا موتەکەللیمینەکانیش هەمان شتیان کردووه بۆ ئیستیدلاله نەزەڕیەکان، چونکه زانستی کەلام حیکمەته وه ئیستیدلالێکه خودا ئەیبەخشێ،

پەیوەندی بە هیچ سەردەمێکەوە نیە تا سنووردار بکرێ، یاخود مەنع بکرێ، چونکە گەر وامان کرد ئەوە دینی فراوانی خوای گەورەمان بەر تەسك کردووتەوە ئەوەتا خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿يُؤۡتِي ٱلۡحِكۡمَةَ مَن يَشَآءُۚ وَمَن يُؤۡتَ ٱلۡحِكۡمَةَ فَقَدۡ أُوتِيَ خَيۡرٗا كَثِيرٗاۗ وَمَا يَذَّكَّرُ إِلَّآ أُوْلُواْ ٱلۡأَلۡبَٰبِ ٢٦٩﴾ [1]واتە: خوای گەورە ویستی لەسەر هەر کەسێك هەبێت ئەوە ئیستیدلال و حیکمەتی پێ ئەبەخشێت، جا هەر کەسێکیش بەهرەمەندبوو بەهۆی ئەو حیکمەت و ئیستیدلالەوە ئەوە بەڕاستی خێرو چاکەیەکی گەلێك زۆری پێ بەخشراوە، بەڵام ئاگاداربن تەنیا ئەو کەسانە

[1] سورة البقرة آية ٢٦٩.

ئەبنە خاوەنی ئەو حیکمەت و ئیستیدلالە کە خاوەن عەقڵن و ئاسۆکانی بیرکردنەوەیان زۆر فراوان و تیژە. وە بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەش کە پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فەرموویەتی: (الكَلِمَةُ الْحِكْمَةُ ضَالَّةُ الْمُؤْمِنِ فَحَيْثُ وَجَدَهَا فَهُوَ أَحَقُّ بِهَا)[٢]، واتە:

---

[٢] ئیبن و ماجە لە (سنن ابن ماجه)(ژ٤١٦٩). وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٢٦٨٧). وە بەیهەقی لە (المدخل فی سنن الكبرى)(ژ٤١٢). وە ئیبن و عەدی لە (الكامل في الضعفاء)(ب١_ل٣٧٦). وە عوقەیلی لە (الضعفاء)(ب١_ل٦١_ژ٥٦) گشتیان لە ئەبو هورەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە، جا ترمذی ئەفەرمووێت: "ئەمە فەرموودەیەکی غەریبە نایناسم تەنیا لەم ڕووەوە نەبێ، وە ابراهیمی کوڕی فەزڵی مەخزومی فەرموودەی بە زەعیف دانراوە لەبەر خراپی حیفزەکەی". وە ڕەویانی لە (مسند الروياني)(ژ٣٣) لە ئیبن و بوڕیدەوە ئەویش لە باوکیەوە.

وه ئیبن و عەساکیریش له (تاریخ مدینه دمشق)(ب٥٥_ل١٩٢_ژ٦٩٥٥) به دوو ڕێگەوه له ئیمامی عەلی. وه ئیبن و عبد البر له (جامع بیان العلم وفضله)(ب١_ل٤٢٢_ژ٦٢٢) له عەلیەوه. وه ئیبن و حیبان له (کتاب المجروحین من المحدثین)(ب١_ل١٠١_ژ١٥) له تەرجەمەی ابراهیمی کوڕی فەزڵی مەخزومی. وه قوضاعی له (مسند الشهاب)(ژ١٣٩) له زەیدی کوڕی ئەسلەمەوه ڕیوایەتیان کردووه. وه ئیبن و ئەبی شەیبەش له (مصنف إبن أبی شیبه)(ب١٢_ل٤٥٥_ژ٣٦٦٩٢) له سەعیدی کوڕی ئەبو بوڕدەوه ڕیوایەتیان کردووه وه ئیمامی سیوطیش ئەفەرمووێت: "ترمذی له ئەبو هوڕەیڕەوه، وه ئیبن و عەساکیر له عەلیەوه ڕیوایەتیان کردووەو فەرموودەیەکی حەسەنه"، وه مەنناویش و غوماریش بەحەسەنیان داناوه، بڕوانه: (فیض القدیر)(ب٥_ل٦٥_ژ٦٤٦٢)، وه (المداوي لعلل الجامع الصغیر)(ب٥_ل٧٧_ژ٦٤٦٢) وه ئەلبانیش ئەفەرمووێت: "زۆر زەعیفه"، بڕوانه: (ضعیف الجامع الصغیر)(ژ٤٣٠٢)، وه (ضعیف الترمذي)(ژ٥٠٦). وه ئەم

ڕیوایەتەش هاتووە: (العلم ضالة المؤمن يغدو في طلبه، فكلما أصاب منه شيئا حواه، ويطلب إليه غيره)، واتە: زانست ونبووی ئیمانداره، هەر بۆیەش کە بەیانی کردەوە پەلە ئەکات بۆ داواکردنی، جا هەر کاتێك شتێکی لەو زانستەی وەدەستکەوت ئەوە لە لای خۆی کۆی ئەکاتەوە، داوای زانستێکی تر ئەکات. ئەبو نوعەیم لە (الحلية الأولياء)(ب٣_ل٣٥٤_ژ٢٤٧). وە بەیهەقی لە (المدخل فی سنن الكبرى)(ژ٤١٣). وە حافیزی ئەبو خەیثەمە لە (كتاب العلم بتحقيق الألباني)(ب١_ل٦١_ژ١٥٧) هەر لە عبد الله کوڕی عوبەیدی کوڕی عومەیرەوە ڕیوایەتیان کردووە. جا لێکۆلەری کیتابەکەی ئیبن و عبد البر کە ئەبو ئەشبال زوهەیریە سەبارەت بە سەنەدی ئیبن و عبد البر ئەفەرمووێت: سەنەدەکەی (لَیِّنَ) نەرمیەکی تێدا هەیە، وە سەبارەت بە ڕیوایەتەکەی ئەبو نوعەیم و بەیهەقیش ئەفەرمووێت: "سەنەدەکەی حەسەنە". وە ئەلبانیش ڕیوایەتەکەی ئەبو خەیثەمەی بە صەحیح داناوە. منیش ئەڵێم: فەرموودەکە حەسەنە. جا خۆشەویستان زانستی کەلامیش حیکمەتێکە خوای گەورە ئیلهامی دڵی حەکیم و زاناکانی کردووە، دروستەو هیچ پێچەوانەیەکی

وتەو ئیستیدلال و حیكمەت ونبووی ئیماندارە، جا لە هەر شوێن و كاتێكا ئەو ئیستیدلال و حیكمەتەی دۆزیەوە ئەوە حەقی خۆیەتی، مافی كەسێكی تر نیە تا

---

شەڕعی تێدایە نیە، ئەوەتا، هەر كەسێكیش ئەمە مەنع بكات لە پەی نەبردنیەتی بەو ئیستیدلالە مەزنانە كە لەنێو ئەو زانستەدا كۆكراونەتەوە، بۆیە ئەو نابەڵگەیەی كە هەندێ لە زاناكان ئەیانەوێ بیكەنە بەڵگە كەوا ئەو زانستە لەسەردەمی پێغەمبەری خوایا صلی الله علیه وسلم نەخوێندراوە ئەوە پەی نەبردنە وەك گوتمان، ئەی خۆ زانستی نەحو و صەڕف و ئوصولێ و گشت زانستەكانی تریش خۆ وجوودیان نەبووە وەكوو بنەماو ئوصولێ بەڵكوو دەقەكان هەبوون لەو سەردەم دواتر دەقەكان ڕێكخران و بابەتی نوێ ئیجتیهاد كرا بە پێی سەردەمەكان، زانستی كەلامیش پشكی وەكوو زانستەكانی ترە كە لە هەموویان مەزنترە چونكە بیروباوەڕی موسڵمانە.

شانازی پێوە بکات و بەهی خۆی بزانێ، چونکە ئەو دۆزیویەتەوەو خۆی شایەنیەتی.

جا دکتۆر سەعید فوودەش لێکۆڵینەوەیەکی وردو بە پێزی بۆ ئەو زانستە کردووەو ئێمەش پێمان باش بوو کەوا وەریبگێڕین لەبەر گرینگی ئەو توێژینەوەو ناحاڵی بوونی هەندێ کەس دەرحەق بەو زانستە مەزنە.

بێگومان زانستی کەلام ئیستیدلالێکی نەزەریە بۆ گەیشتن بە مەعریفەت، جا بەندە هەڵساوە نەزەریەی مەعریفەی نووسیوە کە ئیستیدلالێکی نەزەری و عەمەلیە بۆ گەیشتن بە مەعریفەت ئینجا دوای ئەوە توێژینەوەکەی دکتۆر سەعید فودە دەست پێ دەکات،

واتە: کتێبەکە لە دوو بەش پێکهاتووە: بەشی یەکەم باسی هەر دوو ئیستیدلالەکە نەزەری و عەمەلی کراوە لە باسی نەزەریەی مەعریفەت، وە بەشی دووەمیش کۆباسێکی گرینگە لە سەر زانستی کەلام لە ڕووی مێژووی سەرهەڵدان و سەرخەران و نەیارانی ئەم زانستە مەزنە.

هیوادارم ئەم کتێبە جێگای ڕەزامەندی خوای گەورەو پێغەمبەری خوا بێ صلى الله عليه وسلم، چونکە خوا ئەفەرمووێ: خواو پێغەمبەر لە پێشترو شایەنترن کەوا ڕازی بکرێن. وە ببێتە مایەی سوود بۆ میللەتی کوردی خێر لە خۆ نەدیو کە ئەناڵێنێ بە دەست هەموو شتێکەوە بەتایبەتی مەهزەلەی فیکری عەلمانیەکان و مولحیدە سەر سەختەکانی، وە ببێتە

مایەی شانازی گشت موسڵمانێك و كەلێنێكمان پڕ

كردبێتەوە لە هزرو فیكری ئیسلامیدا، سوپاسی

هەموو لایەك ئەكەم كە یارمەتی دام لە ئامادەكردنی

ئەم كتێەو بە چاپگەیاندنی. خودا قەبووڵی بكات و

بیكاتە توێشووی قیامەتی هەموو موسڵمانێك وەك

خێرێكی نەبڕوا، خوداش لە دواوەی هەموو

مەبەستەكانە.

تێبینی

١ـ لە وەرگێڕانەكەی دكتۆر سەعید فوودە زۆر

گرینگیم بە وشەی پەتی كوردی نەداوە لەبەر

تێگەیشتن، وە هەروەها هەندێ وشەی عەرەبی هەیە

وەكوو خۆی دامناوەو نەمكردووەتە كوردی چونكە

لەبەر بەهێزی مانای وشەکەو نەبوونی وشەیەکی کوردی بەرامبەری بۆیە هەروەکوو خۆی دامان ناوە.

٢ـ خودی توێژینەوەکە تۆزێ سەختە بۆیە گەر خوێندنەوەیەکی ڕۆمانانەی بۆ بکەیت ڕەنگە لێی تێنەگەی، جا هەوڵدە بە بیر کردنەوە بیخوێنیتەوە.

٣ـ هەر کاتێ ئەو هێمایەت بینی (ك هـ) ئەوە مەبەستمان بە کۆتایی هاتنی وتەی ئەو کەسەیە کە لێمانەوە نەقڵمان کردووە.

٤ـ هەوڵدەن زانستە عەقڵیەکان بخوێنن چونکە زۆر زەڕورە بۆ ئەم سەردەمە لەوانە: (زانستی کەلامی ئەشعەریەکان و ماتۆریدیەکان، وە کتێبە مەنتقیەکان) چونکە گەر بنەماکانی ئەو زانستانەت زەبت کرد بڕوام

پیْ بکە ئەڕستۆ بەو گەورایەتیەی خۆی بیْتە بەرامبەرتان ناتوانیْ وتەکانی بەسەرتداندا زالْ بکات بەڵکوو لە کانیاوی بنەما کەلامی فەلسەفیەکانی قورِئان و سوننەت نەك بە ئایەت و فەرموودە بەڵکوو بە بەڵگە عەقلْیەکان بە سەریدا زالْ ئەبیت، بۆیە بە گرینگی بزانە.

نوسەر

باوکی غەزالی مەلا ڕەزوان

(٢٠٢٠/٤/٤) زاینی

(١٠/ شعبان/١٤٤١) کۆچی

کوردستان / هەولیْر

## نەزەریەی مەعریفەت (بە پێنووسی باوکی غەزالی)

بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان، دروستکەری کەون و جن و ئینسان، خاوەن سیفاتی بەرزی بێ پێکچوان، ڕەهاو ئەزەلی و ئەبەدی و پاشای دونیاو ڕۆژی پەصلان، ئینجا صەلات و سەلام لە ڕووحی **محمد** گیان، ڕەئوف و ڕەحیم بە وەصفی مەننان، دڵ بە فکیرو دەم بە زیکرو ئەعزەم نەبی و فەیلەسوف تا ڕۆژی هەڵسان، گەورەی موڕسەلین خاوەن وەسیلەت دەست بە لیوای حەمد تکاکاری خەڵك لە ساحەی میزان، ئینجا لە ئال و یارو یاوەران، لەگەڵ شوێنکەوتوو تێکڕاو هەموومان، خودا ببووریَ لەوان و لە ئێمەو هەڵەو پەڵەی ئەو نوسینەمان. ئامین

لە پاش ئەمە:

خۆشەویستان: بێگومان نەزەریەی مەعریفەت شتێك نیە لە ئان و ساتی ئێستاکەدا داڕێژ رابێ، بەڵکوو بە درێژایی مێژوو مرۆڤەکان هەوڵی مەعریفەتیان داوە، چ مەعریفەی ئیلاهی بێ کە مەزنترین مەعریفەیە، وە چ مەعریفەی گەردوون بێ بەگشتی واتە بەمرۆڤیشەوە بگرە، ئەم مەعریفانە وایان لە مرۆڤەکان کردووە هەریەکەیان بە تێڕوانینێك سەیری ئەو بابەتە بکەن، چونکە هەر یەکەیان لە کلاّو ڕۆژنەی دڵ و مێشکیەوە بابەتەکان لێك ئەداتەوەو حەلی ڕموززاتەکانیان ئەکات، ئیتر هەر یەکەیان بە پێی ئاستی ژیریان، هەیە گەیشتووە بە لوتکەی مەعریفەت، هەشە کەوتووەتە ژێریەوە بەهۆی هەڵخلیسکانەکانیەوە، هەشە نێوەندە، ئیتر لەوەوە ئەو حەزو ئارەزووەی کە لە مرۆڤدا هەبووە حەزی لە ناسینی شتەکان کردووە، بۆ نموونە من کێم؟ بۆ لێرەم؟ بۆچی هاتووم؟ کێ ئەم گەردوونە مەزنەی

دروستکرووە؟ ئەبێ گەردوون بێ خاوەن بێ؟ ئیتر هەزارەها پرسیاری تر بە پێی کات و شوێنەکان و ڕووداوەکان ئەو مرۆڤە بە مێشکیدا هاتووە، مێژووی مەعریفەتیش بە بۆچوونی ئاینەکان لەو ڕۆژەوەی کەوا خودا مرۆڤی دروستکردووە ئیستیدلالێکی نەزەڕی لەگەڵ ئیستیدلالێکی عەمەلی پێ نیشانداوە. یەکەم مرۆڤیش ئادەمە سەلامی خوای لەسەر بێ. بزانین ئەو دوو ئیستیدلالە چیە؟

ئیستیدلال نەزەری: واتە: بەڵگەیەکی تێڕامانی وە لەگەڵ بە گوتنەوە، ئێمە لێرەدا زیاتر وشەی ئیستیدلال بەکار ئەهێنین لە بری بەڵگە، بێگومان ئیستیدلال لە زانست پێکهاتووە کە کۆمەڵە زانیاریەکە لە خۆیدا گردی کردووەتەوەو بۆ سەلماندنی ئەو شتەی کە ئەیەوێ جا ئیستیدلالەکەی ڕاست بێ یان هەڵە.

## ئیستیدلالی نەزەری

### پلەکانی زانست

ئیمامی نەسەفی لە پێشەکی عەقائیدەکەیدا ئەفەرمووێ: هۆکارەکانی بە دەستهێنانی زانست بۆ خەڵکی سێ جۆرە: "هەستە ساغەکان (چاوو گوێ و بۆن وتام و دەست لێدان)، وە هەواڵێکی ڕاستگۆ، لەگەڵ عەقڵ". ك ه

بێگومان زانستی کەلامیش لەسەر ئەو ئەساسە بونیات نراوە، یەکەم کەسێکیش هەڵسا بێ بۆ گەیشتن بەو مەعریفەتە باوکمان ئادەمە سەلامی خوای لەسەر بێ، کاتێ کە ناوەکانی فێرکرد، جا ئەو ناو فێرکردنە چ ڕاستەوخۆ فێری کردبێ وە چ لە ڕێی ئەو هۆکارانەی سەرەوە، وە ئیستیدلالی عەمەلیشی لێوە ئەبینرێ لەمەودوا باسی لێوە دەکەین بەو یستی خوا. ئەمە

یەکەم شت بوو کەوا بوونەوەرێکی مەزن هەوڵی داوە لە ڕێی ئەو ئیستیدلالانەوە بە مەعریفەتی خوداو وجود بگات کە ئەمەش گەورەترین داخوازی خوای بەدیهێنەرە کە لە بوونەوەرانی خۆی ئەیەوێ. جا ئەم مەعریفەیە سەردەم لە بۆ سەردەم بەپێی لەباربوونی کات و ساتەکان خودا پەیامبەرانی خۆی بۆ ئەم خەڵکی سەرزەویە ناردووە تاوەکوو لە ڕێی ئەوانەوە ئاشنایەتیان لە مەعریفەی خوداو نهێنی وجود هەبێ بۆ نموونە با بچینە چیرۆکی گەورەمان ئیبراهیم سەلامی خوای لەسەر بێ کە باسی ئەو صیراعە فیکریەمان بۆ ئەکات لە نێوان مولحیدێك و ئیماندارێك کە چۆن ئەو ئیماندارە توانیویەتی ئەو مولحیدەو قەومەکەی بە ئیستدیلالی نەزەری لەسەر وجودی باری تەعالا بەڵگە بهێنێ و لە شانۆی بەردەمیاندا نیشانیان بدات، کە ئەم چیرۆکەش گەورەترین شۆڕشی فیکریە بە زانستی

کەلام لە نێوان باتڵ و حەق ڕووناکی و تاریکی هەروەك خودا لە بارەیەوە فەرموویەتی: ﴿وَإِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِيمُ لِأَبِيهِ ءَازَرَ أَتَتَّخِذُ أَصۡنَامًا ءَالِهَةً ۖ إِنِّيٓ أَرَىٰكَ وَقَوۡمَكَ فِي ضَلَٰلٖ مُّبِينٖ ﴿٧٤﴾ وَكَذَٰلِكَ نُرِيٓ إِبۡرَٰهِيمَ مَلَكُوتَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَلِيَكُونَ مِنَ ٱلۡمُوقِنِينَ ﴿٧٥﴾ فَلَمَّا جَنَّ عَلَيۡهِ ٱلَّيۡلُ رَءَا كَوۡكَبٗا ۖ قَالَ هَٰذَا رَبِّي ۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَآ أُحِبُّ ٱلۡأٓفِلِينَ ﴿٧٦﴾ فَلَمَّا رَءَا ٱلۡقَمَرَ بَازِغٗا قَالَ هَٰذَا رَبِّي ۖ فَلَمَّآ أَفَلَ قَالَ لَئِن لَّمۡ يَهۡدِنِي رَبِّي لَأَكُونَنَّ مِنَ ٱلۡقَوۡمِ ٱلضَّآلِّينَ ﴿٧٧﴾ فَلَمَّا رَءَا ٱلشَّمۡسَ بَازِغَةٗ قَالَ هَٰذَا رَبِّي هَٰذَآ أَكۡبَرُ ۖ فَلَمَّآ أَفَلَتۡ قَالَ يَٰقَوۡمِ إِنِّي بَرِيٓءٞ مِّمَّا تُشۡرِكُونَ ﴿٧٨﴾ إِنِّي وَجَّهۡتُ وَجۡهِيَ لِلَّذِي فَطَرَ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضَ حَنِيفٗا ۖ وَمَآ أَنَا۠ مِنَ ٱلۡمُشۡرِكِينَ ﴿٧٩﴾﴾[٣]. واتە: ئەوەیان بۆ باس

---

[٣] سورة الأنعام: ٧٤ـ٧٩.

بکە کە چۆن وەختی خۆی ئیبڕاهیم بە ئازەری باوکی وت: ئەوە بۆچی ئەو بتانە ئەپەرستی و بە خودایان حیساب ئەکەی؟ کاری وەها کەی ڕەوایە؟ بەڕاستی من وا ئەزانم و دڵنیام کە تۆیش و قەومەکەیشت ڕێگاتان لێ تێکچووەو لە گومڕاییەکی ئاشکرادان (٧٤) ئا وەها دەلیلی خودایەتی خوداو پەروەردگاری ئەو بە ئیبڕاهیم پیشان ئەدەین، کە خودا خاوەنی ئاسمانەکان و زەویە، تا بە تەواوی یەقین پەیدا بکات بەوەی باوەڕی پێیەتی و خەڵکی بۆ بانگ ئەکات، چونکە ئینسان تا باوەڕو یەقینی بە شتێ نەبێ ناتوانێ خەڵکی بۆ بانگ بکات (٧٥) کە باوکی جێ هێشت و نەفرەتی لە بتەکانی ئەکردو بەدوای ڕاستیدا ئەگەڕاو شەوی بەسەردا هات، ئەستێرەیەکی گەشی جوانی دی، وتی: ئەمەیە پەروەردگاری من، بەرزەو دەست پێ نەگەییوەو، ڕووناك و ورشەدارە! گە ئەستێرەکە ئاوابوو

و شوێنەواری نەما وتی: من شتی ئاوابووم خۆش ناوێ، شتێکم ئەوێ هەمیشەیی بێ (٧٦) جا کە مانگی دی هەڵهات و ڕووناکی پەخش کردەوە وتی: ئەمەیە خودای من و پەروەردگاری من. کە ئەمیش ئاوابوو وتی: ئەمە چیە؟ بەڕأستی ئەگەر خودا نەمخاتە سەر ڕێگای ڕاست و بەرچاوم ڕوون نەکاتەوە ئەچمە ڕیزی گومڕاهانەوە (٧٧) ئەمجارە کە خۆری پڕتەوداری دی هەڵهات و جیهانی پڕ کرد لە تین و ڕووناکی، وتی: ئا ئەمەیە خودای من. ئەمە لەوانی تر گەورەترە. کە ئەمیشی دی ئاوابوو و، لەبەر چاو ونبوو، وتی: ئەی خێڵەکەم! من دوورم لەو شتانەی کە ئێوە کردووتانن بە هاوبەشی خودا (٧٨) بێگومان وا من ڕووم کردە ئەو پەروەردگارەی بێ وێنەیە کە هەموو ئاسمانەکان و زەوی دروستکردووەو، لە نەبوونەوە هێناویەتە بوون. من لەوانە نیم هاوبەش بۆ خودا دائەنێن، خودا تاك و

تەنیایە(٧٩). قەتادە ئەفەرمووێ: مەلەکووتی ئاسمانەکان مەبەستی پێ خۆرو مانگ و ئەستێرەکان بووە، وە مەلەکوتی زەویش ئەوە چیاکان و دارو دەریاکان بووە (هەموو ئەوانەشی وەك ئیستیدلالێکی نەزەری نیشانداوە) تاوەکوو لەدڵنیاکەرەوان بێ، ئەمەش عەتفە لەسەر مانا، ماناکەی وایە: ئێمە مەلەکووتی ئاسمانەکان و زەویمان پیشانی ئیبراهیمدا، بۆئەوەی ئیستیدلالی پێ بکات (لەسەر تاك و تەنهایەتی خودای مەزن) وە هەمیش لە دڵنیاکەرەوان بێ (واتە: لە ئیمانداران بێ). لێرەدا ئێمە ناچینە ناو تەفاصیلی تەفسیرەکان کە ئایا ئەم ڕووداوە پێش پێغەمبەرایەتی بووە یان دوای پێغەمبەرایەتی ئەوەی کە گرینگە بەلامانەوە ئەو ئیستیدلالە نەزەریەی ئیبراهیمە بۆ گەیشتن بە مەعریفەت و یەقین هەم بۆ خۆی هەم بۆ گەلەکەی کە لە ڕێی هەست و عەقڵەوە

توانیویەتی هۆکاری گەیشتن بە مەعریفەت ڕوونبکاتەوە جیا لەو وەحیە نورانی و بێ خەوشە نەزەڕی و عەمەلیەکەش کە بۆی هاتووە لە لایەن بەدیهێنەری مەزنەوە، چونکە وەحی هەم نەزەڕیە وە هەمیش عەمەلیە.

ئەم جارە بچینە خزمەت هەردوو پەیامبەری مەزن هاڕون و موسا سەلامی خوایان لەسەر بێ لە ئیستدلال هێنانەوەیان بۆ گەیشتن بە مەعریفەی ئیلاهی و وجوود هەروەك ئەو واقیعە مێژووییە ڕاستە کە لە نێوان گەورەترین خودای درۆینەو دوو گەنجی گەیشتوو بە مەعریفەت ڕوویداوە وەك خودا فەرموویەتی: ﴿قَالَ فَمَن رَّبُّكُمَا يَـٰمُوسَىٰ ﴿٤٩﴾ قَالَ رَبُّنَا ٱلَّذِىٓ أَعْطَىٰ كُلَّ شَىْءٍ خَلْقَهُۥ ثُمَّ هَدَىٰ ﴿٥٠﴾ قَالَ فَمَا بَالُ ٱلْقُرُونِ ٱلْأُولَىٰ ﴿٥١﴾ قَالَ عِلْمُهَا عِندَ رَبِّى فِى كِتَـٰبٍ ۖ لَّا يَضِلُّ رَبِّى وَلَا يَنسَى ﴿٥٢﴾

ٱلَّذِى جَعَلَ لَكُمُ ٱلْأَرْضَ مَهْدًا وَسَلَكَ لَكُمْ فِيهَا سُبُلًا
وَأَنزَلَ مِنَ ٱلسَّمَآءِ مَآءً فَأَخْرَجْنَا بِهِۦٓ أَزْوَٰجًا مِّن نَّبَاتٍ شَتَّىٰ
﴿٥٣﴾ كُلُوا۟ وَٱرْعَوْا۟ أَنْعَـٰمَكُمْ ۗ إِنَّ فِى ذَٰلِكَ لَـَٔايَـٰتٍ لِّأُو۟لِى ٱلنُّهَىٰ
﴿٥٤﴾ ۞ مِنْهَا خَلَقْنَـٰكُمْ وَفِيهَا نُعِيدُكُمْ وَمِنْهَا نُخْرِجُكُمْ تَارَةً
أُخْرَىٰ ﴿٥٥﴾ وَلَقَدْ أَرَيْنَـٰهُ ءَايَـٰتِنَا كُلَّهَا فَكَذَّبَ وَأَبَىٰ ﴿٥٦﴾»[4].

واتە: فیرعەون بە موسای گوت: خودای ئێوە کێیە (٤٩) موساش گوتی: خوای ئێمە ئەو کەسەیە کە هەموو بوونەوەرێکی دروستکردووەو سیفەتی بوونی داوەتێ و ڕێگای پیشان داوە چۆن بۆ خۆی بجوولێتەوە (٥٠) ئینجا فیرعەون گوتی: باشە ئەی ئەم گشتە ڕشتەی ئادەمیزادە که لە سەدەکانی پێشوودا بوون حاڵیان چۆنەوئەنجامیان چیە (٥١) موساش گوتی: زانینی ئەحواڵی ئەو میللەتە دێرینانە لای خوای

[4] سورة طه: ٤٩-٥٦.

پەروەردگارمەو لە (لوح المحفوظ)دا نوسراوە. خودا نە هیچی لێ ون ئەبێ نە هیچی لە یاد ئەچێ (٥٢) ئەو خودایەی زەوی کردووە بە بێشکە بۆ ئێوەی ئادەمیزاد ئارام ئەگرن و پێ ئەگەن تیایاو ڕێگای بۆ تێدا دروست کردوون هاتوچۆیان پیا بکەن و ئاوی بارانی لە ئاسمانەوە بۆ باراندوون، جا بەو بارانە چەند جۆرمان گژوگیاو دارو درەخت لە زەویدا بۆ ڕوواندوون (٥٣) پێشم گوتن: بۆ خۆتان لەو گژوگیایانەو لەو بەری دارو درەختانە بخۆن و چوارپێکانیشتان بلەوەڕێنن. ئەمەی ئێمە بۆمان کردوون نیشانەی زۆری تیایە بۆ کەسانێ وێڵ و کەماڵیان ببێ و فامێکی وایان ببێ لە کاری بەد بیانگرێتەوە (٥٤) لەو ئەرزە ئێوەمان دروستکردووەو پاش مردنیش ئەتانگێڕینەوە بۆ ناو ئەو ئەرزەو جارێکی تریش کە لە ڕۆژی قیامەتدا مردوو زیندوو ئەکرێتەوە لەو ئەرزەتان ئەهێنینە دەرەوە (٥٥)

بەڕاستی ئێمە هەموو نیشانەو موعجیزەکانی خۆمانمان پیشانی فیرعەوندا، بەڵام ئەو هەر موسای بە درۆزن داناو قایل نەبوو ئیمانی پێ بهێنێ و باوەڕی پێ بکا (٥٦). ئەو هەموو ئیستدلالە مەزنە نەزەریانەی کە پیشانی فیرعون و دارودەستەکەی دا تەنها بۆ ئەوەبوو بگەن بە مەعریفەتی ئیلاهی و مەعریفەتی وجود لە ڕێی هەست و هۆش و ئەو هەواڵانەوە کە موسای بەوەحیەوە لە خوداوە بۆی هێنابوو، کەچی هەر سەر کەشیان کرد.

ئەم جارە ئەچینە خزمەت مەزنترین مرۆڤ لە نێو هەموو مرۆڤایەتی کە حەزرەتی محمدە صلی اللّٰه علیه وسلم، دایکمان خەدیجە باسی ئەوە ئەکات پێغەمبەری خوا صلی اللّٰه علیه وسلم، "بەر لە ئەمری پێغەمبەرایەتیەکەی ئەچووە ئەشکەوتی حیڕاو لەوێ

ئەمایەوە چەند ڕۆژێك"، بێگومان مانەوەکەشی لەبەر بیرکردنەوە بووە لە گەردوون کە ئەبێ خودایەکی هەبێ، لەوەوە ئەو تێڕامانانەی کە سەروەرمان لە شەو و ڕۆژەکانی بەسەر بردنی نێو ئەو ئەشکەوتەدا کردوویەتی کۆمەڵە ئیستیدلالێك بووە بۆ گەیشتن بە مەعریفەت ئەویش لە ڕێی هەستەکان و عەقڵەوە. جا ئەوەی فەیلەسووفەکانیش کە کردوویانە هەمان ئەو شتە بووە بۆ گەیشتن بە مەعریفەت بەڵام هەتا نەزەرِیەی عەمەلی نەیێ هەست بە ساغی و کەم و کوڕی ئیستیدلالی نەزەری ناکرێ ئیستدلالی عەمەلی چیە؟

## ئیستیدلالی عەمەلی

بێگومان بەڵگەیەکی کرداریە بۆ گەیشتن بە مەعریفەت وە تەصدیقی ئەو مەعریفەتەش لە دوو پلەدا خۆی ئەبینێتەوە:

١ـ علم الیقین ـ حق الیقین (زانستێکی دڵنیایی کراو بێ گومان کە حەقەو ڕاستە، بۆ نموونە: کەسێکی ڕاستگۆ هەواڵت ئەداتێ دەربارەی شارێك کە چۆتە نێویەوەو تۆش ئەو شارەت نەبینیوە، وە بە تەواویش لە ڕاستگۆیی ئەو کەسە دڵنیای بەجۆرێکی وا خەڵکی ئەوندە متمانەیان پێیە تەصەوری درۆی لێ ناکەن، جا ئەو هەواڵە حەقەی کە هێناوە ئەوە زانستێکی دڵنیاکراوەیەو حەقەو درۆی تێدا نیە، وە ئیستیدلالێکی نەزەڕیە بۆ تۆ لەسەر وجودی ئەو شارە چونکە تۆ نەت بینیوە، جا کە تۆ بڕوای پێ ئەکەی و

یەقینیشت هەیە کەوا وجودی هەیەو ئاواتەخوازی ئەوەیشی کە ڕۆژێ بێ ئەو شارە ببینی.

٢ـ عین الیقین (کە هیچ گومانێك ناهێڵێتەوەو بە عەقڵ و هەستەکانیەوە ئەگاتە ئەو هەواڵە یەقینیە، بۆ نموونە: کە تۆ چوویتە شارەکە بە چاوی سەر بینیت ئەوە لات ئەبێتە شتێکی بەدیهی و بێ تێڕامانی کە ئەمە ڕاستە ئەو ئەو کەسە ڕاستگۆیە هەواڵی هێنا.

با نموونەیەکی تر بهێنینەوە تا زیاتر ڕۆشنتر بێ کە بەسەرهاتێکە لە نێوان گەورەمان ئیبڕاهیم و خوای گەورەدا ڕوویداوە هەروەك خوای گەورە بەیانی کردووە لە قوڕئاندا کە ئەفەرمووێ ﴿وَإِذۡ قَالَ إِبۡرَٰهِـۧمُ رَبِّ أَرِنِی كَیۡفَ تُحۡیِ ٱلۡمَوۡتَىٰۖ قَالَ أَوَلَمۡ تُؤۡمِنۖ قَالَ بَلَىٰ وَلَـٰكِن لِّیَطۡمَىِٕنَّ قَلۡبِیۖ قَالَ فَخُذۡ أَرۡبَعَةࣰ مِّنَ ٱلطَّیۡرِ

فَصُرۡهُنَّ إِلَيۡكَ ثُمَّ ٱجۡعَلۡ عَلَىٰ كُلِّ جَبَلٖ مِّنۡهُنَّ جُزۡءٗا ثُمَّ ٱدۡعُهُنَّ يَأۡتِينَكَ سَعۡيٗاۚ وَٱعۡلَمۡ أَنَّ ٱللَّهَ عَزِيزٌ حَكِيمٞ ﴿٢٦٠﴾[5]. واتە: ئەوە بێنە یادت کە وەختێ ئیبڕاهیم وتی: خودایە پیشانم بدە چۆن مردوو زیندوو ئەکرێتەوە؟ خوداش فەرمووی: ئەی تا ئێستا ئیمانت نەهێناوە؟ ئیبراهیمیش فەرمووی: بەڵێ ئیمانم هێناوە، بەڵام حەزم ئەکەم دڵنیا بم و دڵم ئاو بخواتەوەو ئارام بگرێ. خوجاش فەرمووی: دە چوار دانە پەلەوەر بهێنەو ڕایان بکێشە بۆ لای خۆت و سەریان ببڕەو، لەسەر هەر شاخێك هەندێ لەوانە دانێ، ئینجا بانگیان بکە بۆ لای خۆت، بە ڕاکردن دێن بۆ لات، هەرەوەها باش بزانە خوا بەسەر کردەوەی خۆیا زاڵەو ئەتوانێ

[5] سورة البقرة: ٢٦٠

هەموو شتیّ دروست بکات و، هەموو کارەکانیشی پڕ لە حیکمەتن.

شاهێدمان لەسەر ئەمانە چیە؟ گەورەمان ئیبڕاهیم ئەیزانی کە مردن حەقە زیندوو بوونەوە حەقە بەس سروشتی مرۆڤـ وایە داخوازی شتە بەر هەستەکان ئەکات، جا لە پلەی ئیستیدلالێکی نەزەڕیەوە کە بڕوا بوونەکەی بوو بە مردن و زیندووبوونەوە بۆ بەرزبوونەوە بەسەر پلەکانی ئیسیدلالی عەمەلی کە ئەوەبوو بە چاوی خۆی مردن و زیندوو بوونەوەی بینی.

وە ئەوەی قسەکردنەکەی موسا لەگەڵ خوای گەورەو هاتنی وەحیەکە بۆ موساو هاڕوون ئیستیدلالێکی عەمەلیە سەبارەت بەوان ئەمما بە غەیری ئەوان ئیستیدلالێکی نەزەڕیە، کاتیّ حەزرەتی محمد صلی الله علیه وسلم گەیشتە پلەی شەڕافەتی پێیغەمبەرایەتی

جوبریل و وەحی و ئاسمانەکان و خوداو ئەو دیو سروشتی بینی لە ئیستیدلالێکی نەزەڕیەوە گەیشتە مەعریفەتێك کە ئەویش ئیستیدلالێکی عەمەلیە لەسەر وجودی زاتێك کە هەبوونی واجبە، وە لەسەر فەلسەفەی وجود.

کاتێ گەورەمان ئەبو بەکر بەر لە مردنی هەواڵی بە عائیشە دا کەوا کچی خاریجە کە خێزانی بوو سکی هەیەو کیژۆڵەیەکی ئەبێ، ئەم هەواڵە بۆ ئەبو بەکر ئیستیدلالێکی عەمەلیە بۆ عائیشەش نەزەڕیە، جا کاتێ عائیشە کیژۆڵەکەی بینی بووە ئیستیدلالێکی عەمەلی.

گەورەمان عومەر لەمەدینەی پیرۆز لەسەر مینبەر هاواری بۆ ساریە کرد کە لەناو سوپای موسڵمانانداا بوو لە وڵاتی فارس، ئەی ساریە چیا چیا. خەڵکی مەدینە

بەو گوفتارەی عومەر سەرسام بوون ئەوە چی دەڵێ. جا کاتێ هەندێ لەوانەی کە لە وڵاتی فارسدا بوون هاتنەوەو گوتیان گوێمان لە دەنگی عومەر بوو کە بانگی ساریەی کرد. ئەمە ئیستیدلالێکی عەمەلیە بۆ عومەر کە بە مەعریفەت گەیشتووە.

کاتێ ئەبوو موسلیمی خەولانیان فڕێدایە ناو ئاگر نەسووتا کە تابیعیەکی زۆر مەزن بوو، ئەوە ئیستیدلالێکی عەمەلیە لەسەر ئیمان و ئیسلامەتی و مەعریفەتەکەی.

جا موعجیزەی هەموو پەیامبەران ئیستیدلالێکی عەمەلیە هەم بۆ خۆیان هەم بۆ ئەوانەی کە بینیویانە، ئەمما بۆ ئەوانەی کە نەیانبینیوە ئەبێتە ئیستیدلالێکی نەزەری حەق بەڵام دەرگاکە دانەخراوە تا بەو ئیستیدلالە عەمەلیە بگات چونکە قاعیدەیەك هەیە

له عەقیدە کە ئەڵێ: "هەموو موعجیزەیەك دروستە ببێتە کەرامەتێك بۆ وەلیەك بەڵام بەمەرجێ بانگەشەی پێغەمبەرێتی پێوە نەکات". ئەمەش چۆن بە دەست دێ؟ ئێمە ناتوانین بە درێژی لەسەر بە دەست هێنانی ئەو ئیستیدلالە عەمەلیە بکەین ئەتوانن بگەڕێنەوە بۆ ئەو دانراوەمان (ژیانەوەی دڵی ئیمانداران) کە لەسەر زانستی دڵە. بەڵام بە کورتی لێرە شتێکی لەبارەوە ئەهێنین.

له جابری کوڕی عبد الله وە (ڕەزای خوایان لێ بێ) گێڕدراوەتەوە کەوا پێغەمبەری خوا صلی الله علیە وسلم فەرموویەتی: (الْعِلْمُ عِلْمَانِ عِلْمٌ فِي الْقَلْبِ فَذاكَ عِلْمٌ نَافِعٌ، وَعِلْمٌ عَلَى اللِّسَانِ فَذاكَ حُجَّةُ اللهِ عَلَى ابْنِ

آدَمَ)[٦]، واته: دوو جۆر زانست و ئیستیدلال هەیە یەکیان کەوا لە دڵدایە ئەم جۆرە ئیستیدلالە

---

[٦] حەسەن و صەحیحە. ئیمامی مونذری لە (الترغیب والترهیب)دا ئەفەرمووێت: "ئیمامی حافیز ئەبوبەکر خەطیب لە (تأريخ بغداد)(ب٥_ل٥٦٨) بەسەنەدێکی حەسەن ڕیوایەتی کردووە، وە ئیبن وعبد البر لە کیتابی (العلم)(ب١_ل٦٦١) لە حەسەنەوە بە مورسەلی بەسەنەدێکی صەحیحەوە ڕیوایەتی کردووە، وە دەیلەمیش لە (مسند الفردوس) وە ئەصبەهانیش لە کتێبی خۆی ڕیوایەتیان کردووە، وە بەیهەقیش لە (شعب الإيمان)(ب٢_ل٢٥٢) لە فوزەیلی کوڕی عیازەوە بە گوتەی ئەو بێ ئەوەی بەرزی بکاتەوە. وە ئیبن و موبارەك لە (الزهد)(ل٤٠٧)، وە ئیمامی ئەحمەد لە (کتاب الورع)(ل٢٠٠) ڕیوایەتیان کردووە. وە هەروەها حافیزی سەخاویش ئەفەرموێت: "حەکیمی ترمذی لە (النوادر) وە ئیبن و عبد البر لە مورسەلاتی حەسەنەوە بەسەنەدێکی صەحیح ڕیوایەتی کردووە". وە هەروەها ئیمامی عەسکەریش لە (الحكم والأمثال) لە فەرموودەکانی فوزەیلی کوڕی عیاز لە هیشامەوە ئەویش لە حەسەنی بەصرییەوە ڕیوایەتی کردووە. بڕوانە (تخريج الأحاديث الأربعين السلمي للحافظ

السخاوي)(ل٥٥_٥٦). وە ئەبو نوعەیم لە ئەنەسەوە وە ئیبن وئەبی شەیبەش لە حەسەنەوە بە مورسەلی وە دارەمیش لە حەسەنەوە بە مەوقوفی ڕیوایەتیان کردووە بڕوانە: (مصنف ابن أبی شیبه)(ب٧_ل٨٢_ژ٣٤٣٦١). وە (سنن الدارمی)(ب١_ل١١٤_ژ٣٦٤). وە ئیبن و لجەوزی هەروەك بەناوبانگە لە لایەن زاناکانەوە کە بە سەدان فەرموودەی بە زەعیف و هەڵبەستراو داناوە لە (العلل المتناهية)(ب١_ل٧٣) بە دوو ڕێگا هێناویەتی ئەفەرمووێ: "صەحیح نیە". جا حافیزی عێراقی ئەفەرمووێت: "سەنەدی ئەم فەرموودەیە (جیدە) چاکە، وە ئیبن و لجەوزی ڕیوایەتەکەی یەحیای کوڕی یەمانی ئیعلال کردووە کەوا ئەحمەد فەرموویەتی ئەو پیاوە فەرموودەکانی جێگای بەڵگە نین، کەچی ئیمامی موسلیم بە بەڵگەی داناوە، وە یەحیای کوڕی مەعینیش ئەفەرمووێت: ئەو پیاوە جێگای متمانەیە، وە ئیبن و مەدینیش فەرموویەتی: "پیاوێکی ڕاستگۆیە". وە حافیزی عێراقی ڕیوایەتەکەی حەکیمی ترمذی و ئیبن و عبد البر کە لە حەسەنەوە بەمورسەلی ڕیوایەتیان کردووە بە صەحیحی داناوە، وە حافیزی زەبیدی و ئیبن و سبوکیش موافیقن لەسەر وتەکانی حافیزی عێراقی، بڕوانە: (تخريج الأحاديث الإحياء)(ب١_ل١٦٩_ژ١٥٠). وە حافیزی

ئیستیدلالێکی بەسوودە، وە جۆرێکی تریش لە ئیستیدلال هەیە کەوا لەسەر زمانە ئەمەشیان بەڵگەی خوای گەورەیە بۆ ئادەمیزەکان. خۆشەویستان ئەمە گەورەترین شایەتی پێغەمبەری خوایە صلی الله علیە وسلم لەسەر هەبوونی زانست و ئیستیدلالێك کە شوێنەکەی لە دڵدایەو وە چ سوودێکی مەزنی هەیە، خوای گەورە ئەفەرموویێت: ﴿إِنَّ فِي خَلۡقِ ٱلسَّمَٰوَٰتِ وَٱلۡأَرۡضِ وَٱخۡتِلَٰفِ ٱلَّيۡلِ وَٱلنَّهَارِ لَأٓيَٰتٖ لِّأُوْلِي ٱلۡأَلۡبَٰبِ

---

سیوطی و مەنناوی غوماری و سەمهەوەدی بە حەسەنیان داناوە. بڕوانە: (فیض القدیر)(ب٤_ل٣٩_ژ٥٧١٧). جا ئەوەی جێی داخەو مایەی دڵگرانیە ئەلبانی بە زەعیفی داناوە بێ ئەوەی ڕەچاوی ئەو هەموو حافیزو فەرموودەناسانە بکات. بڕوانە: (ضعیف الجامع الصغیر)(ژ٣٨٧٨). (جامع الأحادیث للسیوطي)(ب١٤_ل٣٦٤_ژ١٤٤٩٩). وەرگێڕ

﴿١٩٠﴾ [٧]واته: بێگومان له دروست كردنی ئاسمانه‌كان و زه‌وی و جیاوازی نێوان شه‌وو ڕۆژدا كۆمه‌ڵە نیشانه‌و ئیستیدلالێكی مه‌زن هه‌یه بۆ ئه‌و كه‌سانه‌ی كه‌وا خاوه‌ن عه‌قڵن و بیر له مه‌زنێتی په‌روه‌ردگاریان ئه‌كه‌نه‌وه كه‌وا له‌به‌رزترین لوتكه‌ی به‌دیهێنان و به‌جوانترین شێوه ئه‌م گه‌ردوونه ناوازه‌ی به‌دیهێناوه، جا بێگومان له ئه‌نجامی ئه‌و بیركردنه‌وه‌یه به‌روبوومی ئیستیدلالی زانستی كه‌لام و فه‌لسه‌و حیكمه‌ت به‌رهه‌م هات ئه‌مه‌ش خوای گه‌وره ئیزنی داوه كه‌وا مرۆڤ بیر له گه‌ردوون و زات و كۆمه‌ڵگا بكاته‌وه.

وه هه‌روه‌ها مامۆستا نوڕسی به ڕه‌حمه‌ت بێ فه‌رموویه‌تی: "زانسته گه‌ردوونیه‌كان ڕووناكین بۆ عه‌قڵ، وه زانسته دینیه‌كانیش ڕووناكین بۆ دڵ". واته:

---

[٧] سورة آل عمران آية ١٩٠.

ئەمیان بۆ ئیستیدلالی نەزەڕی و ئەوەی تریشیان بۆ ئیستیدلالی عەمەلی

وە هەروەها ئیبن و قەیم ڕەحمەتی خوای لێ بێ ئەفەرمووێ: "زیکر کردن و بیرکردنەوە دوو پلەن کەوا جۆرەها مەعریفەت و ڕاستیەکانی ئیمان و ئیحسان بەرهەم ئەهێنێ، جا کەسی عاریف و خواناس بەردەوام ئەبێت لە بیرکردنەوە لەسەر زیکرەکانی، وە لە زیکر کردن لەسەر بیرکردنەوەکانی هەتاوەکوو قوفڵی دڵی ئەبێتەوە بە ویستی فەتتاح و عەلیم"، وە حەسەنی بەصرِی ئەیفەرموو: "کەسانی زانستخواز بەردەوام خۆیان ڕائەهێنن بە زیکرکردن لەسەر بیرکردنەوە، وە بە بیر کردنەوە لەسەر زیکر کردن، وە قسە لەگەڵ دڵەکان

ئەکەن هەتاوەکوو ئەو کاتەی دەست بە گوفتار ئەکات"[٨].

کەواتە بۆ گەیشتن بە ئیستیدلالی عەمەلی ئەبێ دەست بە ئیستیدلالی نەزەڕیەکەوە بگرێ پاشان بیر بکرێتەوە لەو ئیستیدلالە لەکاتی زیکرو فیکرەکاندا بە بەردەوامی هەتا ئەم پەردە ڕەشانەی بەردەم دڵی گرتووە لا بچێ بۆ گەیشتن بە ئیستیدلالە عەمەلیەکە کە پێی ئەگوترێ فیڕاسەت، بۆ پەیامبەرانیش موعجزیە. فیڕاسەت چیە؟

فیڕاسەت دوو واتا لە خۆ ئەگرێت:

---

[٨] مدارج السالكين (ب١_ل٤٤١).

یەکەم: کەسێك کە شارەزایە بە حاڵ و باری خەڵکی و هەڵسەنگاندیان، ئەمەش لە ڕێی ئەزموون واتە ئیستیدلالی نەزەڕی و عەمەلیەوە ئەم فیڕاسەتە بەدەست دێت، وە پەیوەندی بە ئیستیدلالەکەی دڵەوە نیە.

دووەم: مرۆڤی موسڵمان لە ڕێی تەقواو خواناسیەوە، وە لە ڕێگای ئیستیدلالی دڵەوە ئەگاتە پلەی فیڕاسەت، ئیتر لەو کاتەدا چاوی دڵی ئەبێتەوەو بە نووری خوای گەورە شتەکان ئەبینێ و ئەگاتە مەعریفەت. جا ئەوەی لای ئێمە کە شایەنی باس کردن بێت ئەمەی دووەمە، چونکە کەسانێك ئەم دەرگایەیان بەسەر خەڵکیدا داخستووەو ئینکاری ئەم ئیستیدلالە پیرۆزە ئەکەن، وە هەر بەوەندەش نەوەستاون بەڵکوو

ئەوەی بڵێ فلاَن کەس فیڕاسەتی هەیە ئەوان ئەم کەسە بە موشریك لە قەڵەم ئەدەن، چونکە بەگومانی ئەوان ئەم کەسە بانگەوازی بۆ ئەوە ئەکات کەوا غەیب ئەزانێ، جا حاشا لەم قسەیان، ئەمە تێگەیشتنێکی زۆر هەڵەیە چونکە دەرگا داخستنە بە ڕووی ئوممەتی ئیسلام لەو ڕەحمەتەی کە بەو ئوممەتە ئەبەخشێت لە ڕێی دڵ بە زیکرو دەم بە فیکرو زیهن بە تێڕامانان، جا فەرموودەکە صەحیحەو بە ڕاشکاوی باسی فیڕاسەتی کردووە، جا کەسێك ئینکاری ئەم شتە جوانە ئەکات کە شتەکان بەجوانی نابینێت، ئەمەش ئێوەو ئەو بەڵگانەی کە بوونی فیڕاسەت ئەسەلمێنن لە شەرعی پیرۆزماندا.

خۆشەویستان پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم ئەفەرموویێت: (إِتَّقُوا فِرَاسَةَ الْمُؤْمِنِ فَإِنَّهُ يَنْظُرُ بِنُورِ اللّه)[٩]، واتە: خۆتان لە فیڕاسەتی مرۆڤی ئیماندار

---

[٩] حەسەن و صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (تاريخ الكبير)(ب٧_ل٣٥٤). وە ترمذی لە (سنن الترمذی)(ژ٣١٢٧) لە ئەبو سەعیدی خودریەوە. وە تەبەڕانی لە (معجم الأوسط)(ژ٣٢٥٤). وە ئەبو نوعەیم لە (حلية الأولياء)(ب٦_ل١٢٧) وە ئیبن و جەریر لە (تفسير الطبري)(ب١٤_ل٩٦) لە ئەبو سەعید و ئیبن و عومەرەوە ڕیوایەتیان کردووە. جا ترمذی ئەفەرموویێت: "فەرموودەیەکی غەریبە". بڕوانە: (جامع الأحاديث السيوطي)(ب١_ل٣٣٤_ژ٥٣٠). ئەلبانی بە زەعیفی داناوە، بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الضعيفة)(ب٤_ل٣٠٠_ژ١٨٢١). من وا ئەبینم لەبەر یەك شت ئەم فەرموودەی بە زەعیف داناوە ئەویش لەبەر ئەوەی زۆر هەستیارن بەرامبەر بە مەسەلەی فیڕاسەت کەوا کەسێك موژدەیەك یاخود ئەحوالێکی خەڵکی بە نووری خوای گەورە بزانێ و دەری بخات جا ئەو و وێنەی ئەویش ئەو کەسانە بە موشریك

ئەزانن ئەمەش لەبەر پەی نەبردن بەو حەقیقەتانە ئیتر پێیان وایە ئەمانە بانگەشەی زانستی غەیب ئەکەن، هەر بۆیەش هەموو هەوڵێکی بۆ ئەوە داوە تاوەکوو هەموو ڕێگاکانی ئەم فەرموودەیە بە زەعیف دابنێ، وە هیچ گرینگیەکیشی بە وتەی حافیزکانی پێش خۆی نەداوە سەبارەت بەو فەرموودەیە. من ئەوەندە ئەڵێم: ئیبن و لجەوزی و ئیبن و تەیمیەو ئیبن و لقەیمیش ئینکاری فیڕاسەت و کەڕامەتیان نەکردووە، ئیتر نازانم ئەمانە دینی خۆیان لە کێ وەرگرتووە، خوای گەورە لێیان ببوورێ. ئەم فەرموودەیە. هەیثەمی ئەفەرموویێت: "تەبەڕانی ڕیوایەتی کردووەو سەنەدەکەشی حەسەنە". بڕوانە: (مجمع الزوائد)(ب١٠_ل٢٦٨_ژ١٧٩٣٧). ئیمامی سیوطی ئەفەرموویێت: "حەسەن و صەحیحە"، بڕوانە: (اللآلئ المصنوعة في الأحاديث الموضوعة)(ب٢_ل٣٢٩). وە حافیزی سەخاویش ئەفەرموویێت: "فەرموودەکان هەندێکیان بەهۆی هەندیکیانەوە بەهێز ئەبن"، واتە: فەرموودەکە بەهێزە، بڕوانە: (تخريج الأحاديث على الأربعين السلمي)(ل١٣٤/١٣٥). وە لە (مقاصد الحسنة)(ژ٢١) بە حەسەنی داناوە. ئیمامی مەنناوی و حافیزی غوماریش پشتگیری بەچاك دانانەکەی سیوطی و هەیثەمی ئەکەن، بگرە غوماری بەرپەرچی هەموو ئەوانەی داوەتەوە کەوا ویستوویانە زەعیفی بکەن،

بپارێزن چونکە بە نووری خوای گەورە سەیری شتەکان ئەکات. وە لە ڕیوایەتێکی تردا هاتووە (إِحْذَرُوا فِرَاسَةَ الْمُؤْمِنِ فَإِنَّهُ يَنْظُرُ بِنُورِ اللّٰهِ، وَيَنْطُقُ بِتَوْفِيقِ اللّٰهِ)[١٠]، واتە: ئاگاداری فیڕاسەتی ئیماندار بن! چونکە بەنووری خوای گەورە شتەکان ئەبینێت، وە بەیارمەتی و پشتیوانی خوای گەورەش دێتە گۆفتار. ئەمەش گەیشتنە بە پلەی ئیستیدلالی عەمەلی کە هیچ

---

بەڵکوو ئەوەی ئەوان کردوویانە تەنیا وەهمێکەو تێی کەوتوونە، بڕوانە: (فیض القدیر)(ب١_ل١٤٢_ژ١٥١). وە (المداوی لعلل الجامع الصغیر)(ب١_ل١٩١_ژ١٥١). ئیمامی زەڕقانی ئەفەرمووێت: حەسەنە بەغەیری خۆی". بڕوانە: (مختصر مقاصد الحسنة)(ل٥٢_ژ٢١).

[١٠] ئیبن و جەریر لە (التفسیر)(ب١٤_ل٤٦) لە ثەوبانەوە بە مەڕفوعی ڕیوایەتی کردووە. سەیری هەمان تەخریجی فەرموودەکەی پێشوو تر بکە.

گومانێك ناهێڵێتەوە بۆ بابەتەکان.  وە هەروەها خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿إِنَّ فِي ذَٰلِكَ لَأٓيَٰتٖ لِّلۡمُتَوَسِّمِينَ﴾[11]، واتە: ئەمانەی کە پیشانمان دان کۆمەڵە نیشانەو ئایەتێك بوون تەنیا ئەو کەسانە پەی پێ ئەبەن کە خاوەن فیڕاسەتن. خەتیبی بەغدادی بە مەڕفوعی لە ئەبو سەعیدی خودریەوە ڕیوایەتی کردووە کەوا ﴿لِّلۡمُتَوَسِّمِين﴾ واتە: (لِلْمُتَفَرِّسِينَ) ئەوانەی کەوا فیڕاسەتیان هەیەو بە نووری دڵ شتەکان ئەبین[12]. وە موجاهیدیش هەمان تەفسیری بۆ کردووە.

---

[11] سورة الحجر آية ٧٥.

[12] ترمذی لە (سنن الترمذی)(ژ٣١٢٧) لە ئەبو سەعیدی خودریەوە. وە خەتیبی بەغدادی لە (تاريخ بغداد)(ب٣_ل١٩١). وە ئیبن جەریر

وە هەروەها ئەفەرمووێت: (إِنّ للّهِ عِبَاداً يَعْرِفُونَ النَّاسَ بِالتَّوَسُّمِ)[13]، واتە: خوای گەورە لە نێو خەڵكیدا

لە (تفسير الطبري)(ب١٤_ل٩٤) لە موجاهیدەوە ڕیوایەتیان كردووە. وە (تفسير مجاهد)(ل٤١٧). وە سیوطیش لە (در المنثور)(ب٤_ل١٠٣) هێناویەتی و داویەتە پاڵ تەبەڕی و ئیبن و مونذیر. وە ئیبن و ئەبی حاتەمی ڕازی لە (تفسير القران العظيم)(ب٧_ل٢٧٠_ژ١٢٤٢٧) لە ئەبو سەعیدی خودریەوە ڕیوایەتی كردووە. وە سەیری هەمان تەخریجی فەرموودەكەی پێشوو تر بكە.

[13] حەسەنە. تەبەڕانی لە (معجم الأوسط)(ب٣_ل٢٠٣)، وە ئیبن و جەریر لە (التفسير)(ب١٤_ل٤٦) لە ئەنەسەوە بە مەڕفوعی ڕیوایەتیان كردووە. هەیثەمی ئەفەرمووێت: "بەززار ڕیوایەتی كردووەو تەبەڕانیش لە (معجم الأوسط) وە سەنەدەكەشی حەسەنە"، بڕوانە (مجمع الزوائد)(ب١٠_ل٢٦٨). وە ئەلبانیش بە حەسەنی داناوە، بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ژ١٦٩٣). وە حافیزی عێڕاقی بە حەسەنی داناوە، بڕوانە: (تخريج الأحاديث

هەندێ بەندەی هەن کەوا خەڵکی ئەناسن بەهۆی نیشانەوە، جا ئەو نیشانەش پێی ئەگوترێت فیڕاسەت.

وە هەروەها ئەبو هورەیرە ڕەزای خوای لێ بێ لە پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم بۆ مان ئەگێڕێتەوە کەوا ئەفەرمووێت: (قَالَ رَسُولُ اللَّهِ صلى الله عليه وسلم: رَأَيْتُ لَيْلَةَ أُسْرِيَ بِي لَمَّا انْتَهَيْنَا إِلَى السَّمَاءِ السَّابِعَةِ فَنَظَرْتُ فَوْقِي فَإِذَا أَنَا بِرَعْدٍ وَبَرْقٍ وَصَوَاعِقَ، قَالَ: وَأَتَيْتُ عَلَى قَوْمٍ بُطُونُهُمْ كَالْبُيُوتِ فِيهَا الْحَيَّاتُ تُرَى مِنْ خَارِجِ بُطُونِهِمْ، فَقُلْتُ: مَنْ هَؤُلَاءِ يَا جِبْرِيلُ، قَالَ، هَؤُلَاءِ أَكَلَةُ الرِّبَا ، فَلَمَّا نَزَلْتُ إِلَى السَّمَاءِ الدُّنْيَا نَظَرْتُ أَسْفَلَ مِنِّي فَإِذَا بِرَهْجٍ وَدُخَانٍ

---

الإحياء)(ژ٢٠١٤). وە سەخاویش بە حەسەنی داناوە، بڕوانە: (مقاصد الحسنة)(ل٥٩_ژ٢٣).

وَأَصْوَاتٍ، فَقُلْتُ مَا هَذَا يَا جِبْرِيلُ؟ قَالَ: هَذِهِ الشَّيَاطِينُ يَحُومُونَ عَلَى أَعْيُنِ بَنِي آدَمَ، لَا يَتَفَكَّرُوا فِي مَلَكُوتِ السَّمَوَاتِ وَالْأَرْضِ، وَلَوْلَا ذَاكَ لَرَأَوْا الْعَجَائِبَ)[١٤]، واته:

---

[١٤] حەسەنە. ئیمامی ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ٨٦٤٠). وە ئیبن و ماجە بە کورتی لە (سنن ابن ماجه)(ژ٢٢٧٣) لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتیان کردووە. لەفزەکەش هی ئەحمەدە. هەیثەمی ئەفەرموویت: "ئەحمەد ریوایەتی کردووەو ئەبو صیلتی تیدایە نایناسم"، بروانە (مجمع الزوائد)(ب٨_ل١٦٧_ژ١٣٣٦٠). وە ئەحمەد شاکر لەسەری بێ دەنگە، تەنها ئەفەرموویت: "ئەبو صیلت ئەوە عەلی کوری زەیدی کوری جودعانە کە لە ئەبو هورەیرەوە ریوایەتی کردووە"، بروانە: (مسند أحمد بتحقيق أحمد محمد شاكر)(ب٨_ل٣٧٤_ژ٨٦٢٥). جا هەیثەمی لە بارەی عەلی کوری جودعانەوە ئەفەرموویت: "جێگای متمانەیە، بەلام حیفزی خراپە". بروانە (مجمع الزوائد)(ب٧_ل٨٠_ژ١١٠٦٤). وە مەنناویش ئەفەرموویت: "دارەقوطنی و غەیری ئەو بە نەرمیان داناوە (لَيْن)"، بروانە: (فيض القدير)(ب١_ل١٥٧_ژ١٨٠). ئەلبانیش ئەفەرموویت: "عەلی کوری زەیدی کوری جودعان زەعیفیەکی تێدا

ئەو شەوەی کەوا شەوڕەویم پێکرا (کە بەشەوی ئیسڕاو میعڕاج بەناوبانگە) لەو کاتەی کە کۆتایمان بە ئاسمانی حەوتەم هێنا (واتە: تێمان پەڕاند) جا سەیری سەرەوەی خۆمم کردو بینیم گرمەی هەورە تریشقەو بروسك ئەهات، جا چوومە لای و خەڵکانێکم بینی ورگ و سکیان وەکوو خانووی ماڵەکان وابوو پڕببوو لە مار، جا سکیان ئەبینرا لە دەرەوە، منیش گوتم: ئەمانە کێن؟ جوبریل فەرمووی: ئەمانە ئەو کەسانەن کەوا سوو ڕیبا ئەخۆن، جا کاتێکیش گەڕامەوە بۆ ئاسمانی دونیا سەیری ژێرەوەی خۆمم کرد، بینیم تەپووتۆزو

---

هەیە بەڵاّم فەرموودەی حەسەنە بۆ شاهێدی". بڕوانە: (سلسلة الأحاديث
الصحيحة)(ب٤_ل١٠٠_ژ١٥٧١_ب٦_ل٨٨٥_ژ٢٨٧٦).

دوکەڵ هەیە، وە دەنگانێکیشم بیست، منیش گوتم: ئەمانە کێن؟ جوبریل فەرمووی: ئەمانە شەیتانەکانن چاوی ئادەمیزادەکان دا ئەپۆشن و ڕێگری ئەکەن لەوەی کەوا بیر لە ئاسمانەکان و زەوی بکەنەوە، جا ئەگەر بێت و ئەم شەیتانانە نەبوونایە ئەوە شتی سەرسام و عەجیبیان ئەبینی.

وە هەروەها دایکمان عائیشە ڕەزای خوای لێ بێ لە پێغەمبەری خواوە صلى الله عليه وسلم بۆ مان ئەگێڕێتەوە کەوا فەرموویەتی: (قَدْ كَانَ يَكُونُ فِي الْأُمَمِ قَبْلَكُمْ مُحَدَّثُونَ[15]، فَإِنْ يَكُنْ فِي أُمَّتِي مِنْهُمْ أَحَدٌ، فَإِنَّ عُمَرَ بْنَ الْخَطَّابِ مِنْهُمْ. قَالَ ابْنُ وَهْبٍ: تَفْسِيرُ مُحَدَّثُونَ

[15] مُحَدَّثُونَ: ئەو کەسەیە کەوا بە نهێنی یاخود لە دڵیەوە قسەی لەگەڵ ئەکرێت و ئیلهامی بۆ ئەکرێت.

مُلْهَمُونَ)[16]، واتە: کەسی وا هەبووە لە نێو گەلەکانی پێشووتردا لە لایەن خوای گەورەوە ئیلهامیان بۆ ئەکرا، جا ئەگەر بێت و کەسێکیش وەکوو ئەوان لە نێو ئەو ئوممەتەی مندا هەبێت ئەوە عومەری کوڕی خەتتابە. جا هەر ئیمامی موسلیم تەفسیری (مُحَدَّثُونَ)ی لە ئیبن و وەهبەوە هێناوە کە یەکێکە لە ڕاویەکانی ئەو فەرموودەیە کەوا بەواتای (ئیلهام کراو) تەفسیری بۆ کردووە.

ئیبن ولقەیم ئەفەرمووێت: "فیڕاسەتی ڕاستگۆ بە واتای ئەوە دێت کەوا بەصیرەت و بینایی لە زەوی دڵ

---

[16] صەحیحە. ئیمامی بوخاری لە (صحیح البخاری)(ژ٣٤٦٩/٣٦٨٩). وە موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ٢٣٩٨).

دروست ئەبێت و چەکەرە ئەکات، کە نوورێکە خوای گەورە ئەیخاتە نێو دڵەوە، کە حەق و باتڵ، وە درۆو ڕاستی لە یەکتری جیا ئەکاتەوە"[١٧].

وە هەروەها ئیمامی قوشەیری ئەفەرمووێت: "فیڕاسەت خاطیرەو ئەندێشەیەکە کە هێرش ئەکات سەر دڵ جا نەفی دژەکەی خۆی ئەکات"، وە هەر لە ئیمامی واسطیەوە نەقڵی کردووە کەوا ئەفەرمووێت: "بێگومان فیڕاسەت نوورێکە ئەدرەوشێتەوە لە دڵ، وە کەسێکی خاوەن کەماڵی مەعریفەتیش نهێنی گەلێکی شاراوەی غەیبی هەڵگرتووە لە غەیبێکەوە بۆ غەیبێکی تر هەتاوەکوو شایەتی کۆمەڵە شتانێك

[١٧] مدارج السالكين (ب١_ل١٤٨).

ئەبێت بەو شێوەیەی کەوا خوای گەورە پیشانی ئەدات، ئیتر لەوەوە قسە لە نهێنی و ویژدانی خەڵکەوە ئەکات (واتە ئەوەی کە لە دڵ و دەروونیاندا هەیە لای ئەوان ڕۆشنە چونکە خوای گەورە پیشانی داون)[١٨].

جا خۆشەویستان هەر کاتێك ئیماندار بە دڵ و نەفسەوە ڕوو لە دونیا بکات ئەوە بەهۆی شەیتانەکانەوە ئەم بینینەی لێ قەدەغە ئەکرێت، وە هەر کاتێکیش بە ئینشیڕاحی سینگەوە ڕوو لە پەروەردگاری بکات ئەوە شتە عەجایبەکانی جیهانی غەیبی بۆ دەرئەخرێ و بە چاوی سەرو دڵ شتەکان ئەبینێ و ئەگاتە پلەی ئیستیدلالی عەمەلی، ئیتر ئەم

[١٨] (الرسالة القشيرية)(ل١٠٥).

دڵەی ئەبێتە نوورێك بەردەوام ئیلهامی بۆ ئەكرێت لەلایەن خوای گەورەو فریشتەكانەوە، ئەم ئیلهام كردنەش لە ڕێی جیهانی ئەمرەوەیە، چونكە ڕووح لە جیهانی ئەمرە، ئیتر ئەویش ئیلهامەكان لەوێوە وەرئەگرێت، بەڵێ خۆشەویستان ئەو جۆرە كەسە بە نووری خوای گەورە شتەكان ئەبینێ ئەگاتە مەعریفەت نەك بەهوونەری خۆی، جا هەر كاتێك بەربەستەكانی نەفس و دڵ نەمان ئەو كاتە ئەگاتە پلەی فیڕاسەت و ئەم ئیستیدلالە. خوای گەورە ئەفەرمووێت: ﴿يَعۡلَمُ مَا بَيۡنَ أَيۡدِيهِمۡ وَمَا خَلۡفَهُمۡۖ وَلَا يُحِيطُونَ بِشَيۡءٖ مِّنۡ عِلۡمِهِۦٓ إِلَّا بِمَا شَآءَ﴾[19]، واتە: خوای گەورە زاتێكە

[19] سورة البقرة آية ٢٥٥.

ئاگادارەو زانایایە بە زانست و هەواڵی پێش و پاشی بوونەوەرانی، جا هیچ کەسێك ناتوانێ دەوری ئەو زانستەی خوایی بدات تاوەکوو شتێکی لەو غەیبیاتانە بزانێ مەگەر کەسێك نەبێ کە خۆی ویستی لەسەریەتی و بۆی دەربخات ئەمەش بۆ پێغەمبەران و پیاوچاکان و ئیماندارانی.

وە هەروەها لە شوێنێکی تردا ئەفەرمووێت: ﴿عَٰلِمُ ٱلۡغَيۡبِ فَلَا يُظۡهِرُ عَلَىٰ غَيۡبِهِۦٓ أَحَدًا ﴿٢٦﴾ إِلَّا مَنِ ٱرۡتَضَىٰ مِن رَّسُولٖ فَإِنَّهُۥ يَسۡلُكُ مِنۢ بَيۡنِ يَدَيۡهِ وَمِنۡ خَلۡفِهِۦ رَصَدٗا ﴿٢٧﴾﴾[20]، واتە: خوای گەورە زانای پەنهانەکانە، بۆیە هیچ شتێکی لەو شتە غەیبیانە بۆ

[20] سورة الجن آية ٢٦_٢٧.

هیچ کەسێك ئاشكرا ناكات مەگەر خۆی ویستی لەسەر هەبێت ڕەزامەندی لەسەر دەربڕێ بۆ نێردراوێكی خۆی یاخود بەندەیەكی چاكی، زەحاك ئەفەرمووێت: "هەر كاتێك پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم فریشتەیەكی وەحی كراوی بۆ بنێردرابایە ئەوە فریشتەی تریشی لەگەڵ ئەهاتن تاوەكوو لە پێش و پاشیەوە پارێزگاری لە پێغەمبەری خوا بكەن صلی الله علیه وسلم نەوەكا شەیتان خۆی بخاتە سەر شێوەی فریشتە". وە هەروەها قەتادە ئەفەرمووێت: "خوای گەورە غەیب ئاشكرا ئەكات بۆ كەسێك كە خۆی ویستی لەسەر هەبێت و هەڵیئەبژێرێت بۆ ئەم كارە"[٢١].

---

[٢١] (تفسیر الطبري)

وە فەرموودەی حەنزەڵەش کە بە گەورەمان ئەبو بەکر گەیشت کە پێی گوت حەنزەڵە موونافیق بووە... تا کۆتایی فەرموودەکە کە سەروەرمان پێی ئەفەرمووێ: سوێند بەو کەسەی کە گیانی منی بە دەستە ئەگەر بێت و ئێوە بەردەوام بن لەسەر ئەو زیکرو حاڵەی کە لەلای من هەتانە ئەوە فریشتەکان تەوقەتان لەگەڵ ئەکەن لە ڕێگاکانتان لە ماڵەکانتان لەسەر جێگاکانتان. موسلیم و ترمذی گێڕاویانتەوە.[٢٢]

[٢٢] صەحیحە. ئیمامی موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ٢٧٥٠). وە ترمذی لە (سنن الترمذي)(ژ٢٥١٤). ڕیوایەتیان کردووە، وە ترمذی ئەفەرمووێت: "فەرموودەیەکی حەسەن و غەریبە". وە ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە: (سلسلة الأحاديث الصحيحة)(ب٤_ل٥٩٢_ژ١٩٤٨).

وە هەروەها هاوەڵی بەڕێزی پێغەمبەری خوا صلی الله علیه وسلم عیمڕانی کوڕی حوصەین ئەفەرمووێت: (سەلامم لیَ ئەکرا هەتاوەکوو ئەوکاتەی سوتاندم، بۆیە وازیان لێم هێنا، پاشان وازم لە سوتاندنەکە هێنا ئەوەبوو گەڕانەوە). ئەمە ڕیوایەتی موسلیمە زۆر بەکورتی هێناویەتی، جا ئیمامی نەوەوی لە ڕوونکردنەوەی فەرموودەکە ئەفەرمووێت: "عیمڕانی کوڕی حوصەین نەخۆشی بەواسیری[٢٣] هەبوو ئەویش لەسەر ئەو ناخۆشیانە ئارامی ئەگرت، بۆیە فریشتەکانیش سەلامیان لیَ ئەکرد، جا کە جێگای

[٢٣] بەواسیر: جۆرە نەخۆشیەکەیە لە پاشەوەی مرۆڤ پەیدا ئەبێت لە بەشی سەرەوەی سەر سمت کە بە کلێنجە مەشهوورە لە ناویدا کۆمەڵە موویەك خڕ ئەبێتەوەو شوێنەکە ئیلتیهاب ئەکات بەمەش ئازارێکی زۆر بەو کەسە ئەگەیێنێت.

بەواسیرەکەی سوتاند ئەوەبوو فریشتەکان لەو پچڕان، بۆیە عیمڕانیش وازی لە سوتاندنەکە هێناو ئەوانیش گەڕانەوەو دووبارە سەلامیان لێ کردەوە"[24].

[24] صەحیحە. ئیمامی موسلیم لە (صحیح المسلم)(ژ١٢٢٦) لە موطەڕڕیفەوە. وە ئەحمەد لە (مسند أحمد)(ژ١٩٨٣٣). وە ئیبن و حبان لە (صحیح ابن حبان)(ژ٣٩٣٨). وە تەبەڕانی لە (معجم الكبير)(ژ٢٤٨). وە طەیالیسی لە (مسند أبی داود الطيالسي)(ژ٨٢٧) ڕیوایەتیان کردووە. شوعەیب ئەڕنائوط ئەفەرمووێت: سەنەدەکەی صەحیحە لەسەر شەڕتی شەیخەین". وە بۆ وتەکەی ئیمام نەوەویش بڕوانە: شرح النووى على الصحيح المسلم (ب٨_ل٢٠٦). وە ئیبن و لجەوزی ئەم بەسەرهاتەی بە درێژی هێناوە لە مەناقیبی عیمڕانی کوڕی حوصەین لە کتێبی (صفة الصفوة)(ب١).

وە چەندەها بەڵگەی تر کە ناکرێ بیان هێنین کە گشتیان بەڵگەی ئیستیدلالی عەمەلی ئەسەلمێنن بۆ مەعریفەتی ئیلاهی و وجود.

وە هەندێ لە ئیستیدلالە عەمەلیەکان کە ڕوویانداوە: چیرۆکی منداڵە بەنی ئیسرائیلیەکە لەگەڵ ڕاهیبەکە، وە فەرموودەی جورەیجی بەنی ئیسرائیلی کە بەناوبانگە. وە فەرموودەی سێ کەسەکە کە چوونە ئەشکەوت دواتر بەردەرگای ئەشکەوتەکە بەهۆی بەردێکی گەورەوە گیراو پاش تر لاکەوت، وە چیرۆکی هاوەڵانی ئەشکەوت کە لە سورەتی کەهفدا هاتووە، کە گەورەترین کەرامەت و ئیستدیدلالی عەمەلی بوو بۆ ئەو حەوت کەسە، وە بینینی فریشتەکان لە غەزای بەدر لە لایەن هەندێك لە هەوالانەوە، جا لە هەمووش

سەرسام تر ئەو فریشتەیەی کە ئیمامی عەباسی دەستگیر کرد، وە زیکر کردنی قاپ و دەفری نان خواردنی هەندێك لە هاوەڵە بەڕێزەکان کە بۆ خۆیان گوێیان لەو زیکرە بووە، وە زۆری تریش.

خۆشەویستەکەم بزانە ئیبن و قەیم چۆن وەصفی وەلی خوا ئەکات: "ئەمانە بە دڵەکانیان جیهانەکانیان بڕیوەو لە ژێر عەڕشیش سوجدەیان بردووە، وە لاشەکانیشیان لەسەر جێگاکانیانە، هەروەکوو ئەبو دەڕداو فەرموویەتی: (کاتێ بەندەی ئیماندار ئەخەوێ

ڕۆحی بەرز ئەکرێتەوە هەتاوەکوو سوجدە لە ژێر عەرشی خوای گەورە ئەبات)[٢٥].

[٢٥] عبد الله کوڕی موبارەك لە (الزهد لإبن المبارك)(ژ١٢٤٥) بە مەوقووفی ڕیوایەتی کردووە. وە فەرموودەی تریشمان هەیە لە ئیمامی عومەرەوە کە پشتگیری ئەم ڕیوایەتە ئەکات، ئەویش تەبەڕانی لە (معجم الأوسط)(ژ٥٢٢٠)، وە حاکم لە (مستدرك)(ژ١١٩٩) ڕیوایەتیان کردووە. (کەوا گوێم لە پێغەمبەری خوا بوو ﷺ کە ئەیفەرموو: هەر بەندەیەکی پیاو و ئافرەت بخەوێ یاخود خەوەکەی زۆری پێ بهێنێ تاوەکوو بخەوێ ئەوە الا بە ڕۆحی بەرز ئەبێتەوە بۆ لای عەرش.......). وە سەبارەت بە وتەکەی ئیبن ولقەیمیش بڕوانە: (طریق الهجرتین)(ل٢٦٢). منیش ئەڵێم: بەڵێ ئەمە شتێکی زۆر ڕاستە، بەتایبەتی لە کاتی زیکرکردن ئەگەر ئەم حاڵەتە ڕووبدات ئەوە جاری وا ئەبێت وەنەوزی لێ دێت، ئیتر زاتێك لە لاشەی دەر ئەچێت گەڕان ئەکات زۆر بەخێرایی بە نێو جیهانی میسال کەچی لاشەشی دانیشتووە یاخود پاڵی داوەتەوە، بەڵام لەبەر ئەوەی باس کردنی ئەم شتانە هەستین شتێك نیە بەقەڵەم نەخش بکرێت یاخود وەکوو ڤیدیۆ بۆتانی تۆمار بکەین، ئەمانە تەنیا

وه هەروەها شێخ ئیبن و تەیمیەش ئەفەرمووێت: "هەواڵ پێدانی عومەری کوڕی خەتاب بۆ ئەو کاروبارە ڕاستانە لەمەوە بۆ کەسە گوێڕایەڵەکان ئەمە دەرئەکەوێت کەوا کاروبارێکە خوای گەورە بۆیانی دەرئەخات، وە بەڕاستی (مخاطبات ومكاشفات)، واتە: قسە لەگەڵ کراو شت بۆ کەشف کراو بۆ ئەولیاکانی

---

کەسێك لەم قسانەی ئێمە تێ ئەگات کە ئەزموونی لەگەڵ هەبوو بێت و هەستی پێ کردبێت. ئەم زیکرە قەلبیەم دا بە مامۆستا بیلال کە زیکری (الله الله) تەنیا دوو ڕۆژان ئەم زیکرەی کرد، جا لە ڕۆژی دووەم لەناو زیکرە وەنەوزی لێ هاتبوو، ئیتر خۆی لەبەردەم ئاوێنەیەکا بینی بۆوە، دواتر کەسێك پێی هاتبوو پێی گوتبوو: تۆ یەکێکی لە ئەولیاکانی خوای گەورە. دانەر

خوای گەورە چەسپاوە، وە گەورەترینی ئەمانەش لەم ئوممەتە دوای ئەبو بەکر عومەری کوڕی خەتابە "[26].

کۆتا بەڵگە لە ئیستیدلالی عەمەلی لە بەڵگە بێ هەژمارەکان ئەویش ئەوەیە کە شێخ ئیبن و قەیم ئەفەرمووێت: "بە ڕاستی ئامادەی شتانێکی سەرسام بووم لە فیڕاسەتی شەیخولئیسلام ئیبن و تەیمیە کە ئامادەی شتی تر نەبووم لەوە گەورە تر، وە ئەو فیڕاسەتەی کە (لەوەوە) هاتووە داخوازی کتێبێکی گەورە ئەکات (....)، شێخ ئیبن و تەیمیە لە ساڵی (٧٠٢هـ) لەو کاتەی کە سوپای تەتارەکان جوڵەیان و کرد بۆ هێرش کردنە سەر شام ئەو هەواڵی بەسەر

[26] الفرقان لشيخ الإسلام ابن التيمية (ل٥٢).

کردەکان و خەڵکەکان ئەدا کەوا ئەمجارەیان هەزیمەت و شکان بۆ سوپای تەتارەکانە، وە سەرکەوتنیش بۆ موسڵمانەکانە، وە زیاتر لە حەفتا سوێندیشی خوارد پێی ئەگوترا: "بڵێ: إن شاء الله، ئەویش ئەیفەرموو: "إن شاء الله تحقیقا لا تعلیقا" واتە: (لەگەڵ ئەوەش کە إن شاء الله بەڵام بە بێگومانی شتەکە ڕوو ئەدات نەك لەوەی کەوا گومانم لێی هەبێت)[٢٧]، جا ئیبن و قەیم ئەفەرمووێت: گوێم لەو بوو ئەیفەرموو: "کاتێك کە خەڵك زۆریان پێ هێنام و منیش گوتم زۆری لەسەر مەڕۆن خوای گەورە لە لەوحولمەحفوزدا نوسیویەتی کەوا ئەم جارە ئەوان بە زێندراون و سەرکەوتوو نابن،

[٢٧] ئەوەی ناو کەوانە ڕوونکردنەوەی خۆمە لەسەر دەقی وتەکەی شێخ ئیبن و تەیمیە.

وه سەرکەوتنیش بۆ سوپای موسڵمانانە، وە ئەفەرموویێت: هەتا خواردن و شیرینی سەرکەوتنیشم بە هەندێك لە سەرکردەکان و سەربازەکان دا پێش ئەوەی دەر بچن بۆ بەردەم دوژمن"[28]. شاهێد لەسەر ئەو بەسەرهاتە گەیشتنی شێخ ئیبن و تەیمیە لەو کاتەدا بە ئیستیدلالی عەمەلی کە ئەڵێ لە لەوحلمەحفوزدا نوسراوە ئەم جارە موسڵمانەکان سەردەکەون، خۆم سەدا سەد بڕوام پێی هەیە ئەوەی کەسێکیش لەسەر ئەم بابە

[28] مدارج السالكين (ب٢_ل٤٨٩). جەنابی شێخ عباس فازڵ حەسەنی کتێبێکی قەبارە بچووکی لەسەر ئەو پێنچ شتە غەیبیە داناوە بە نێوی (هاوسەنگی ڕاگرتن لە باوەڕ بوون بە غەیب) مامۆستا محمد عبد الله بەرزنجی خوا پایەداری بکات کردوویەتی بە کوردی، کتێبێکی زۆر بەسوودو وردە، وە تێگەیشتنێکی زانا ڕاسیخەکانی لەسەر نوسیوە.

موشریك و كافر بكات ئەوە ئەبێ شێخ ئیبن و تەیمیەو شێخ ئیبن و قەیمیش كافرو موشریك كات چونكە ئەو بانگەشەی شتێكی داهاتووی كردووەو لە لەوحیشدا نوسراوە، ئەوەكەی تریش كە قوتابییەتی ئەوە لێوە نەقڵی كردووەو بەو پەڕی دڵنیاییەوە بڕوای پێ هەیەو پێی وایە فیڕاسەتە، بەڵام وانیە كە هەندێ كەس بە هەڵە لەو بابەتە تێگەیشتوون و خەڵكی لەسەر موشریك ئەكەن هیوادارم چاوێك بەخۆیاندا بخشێننەوە.

جا خوێنەری ئەزیز هەرچی كتێب هەیە كە لەسەر مەعریفەتی خوایی دانرابێ ئەوە ئیستیدلالێكی نەزەڕیەو ئەتگەینێتە پلەی خواناسین ئەمما بتەوێ بگەیتە ئیستیدلالی عەمەلی ئەبێ دەست بە تەدەببوورو بیركردنەوەو زۆر زیكر كردن بكەی لە

تەنیایی و خەڵوەکانت، تاوەکوو لەسەر ئەم حاڵە بەردەوامبیت، سوێند بەخوا گەر مولحیدێك ڕاست بکات لە داواکردنی خوا ئەوە ئەگاتە مەتڵەبی خۆی بەو ڕێگایانەی کە باسمان لێوە کرد. وە تێبینیشم لەسەر گەنج و لاوی ئیمڕۆکە ئەوەیە زۆر تینیوی مەعریفەتی ئیلاهین بەڵام کتێبە نەزەڕیەکان دڵیان تێراو ناکات چونکە ئەمە سروشتێکە لە ئینسانە ئەبێ ڕێگە بگرێتە بەر بۆ بە دەستهێنانی ئیستیدلالی عەمەلی، ئیمامی غەزالی دوای ئەوەی هەموو زانستە عەقڵیەکانی تەحقیق کرد هێشتان دڵی تێراو نەبوو تا چووە نێو فیکرو زیکرو خۆ تەنیا کردنەوەی لە خەڵوەکانی لەوەوە تەحقیقی شتگەلێکی زۆری کرد کە لە هەژمار نایێن، وە تەحقیقی ئەو زانستە

شکۆدارەشی کرد کە لەمەو پێشدا بنەمای بۆ دانابوو لە زانستی کەلامدا، لەوەوە هەردوو ئیستیدلالەکەی بە دەستهێنا لە پێشدا نەزەڕی ئینجا عەمەلی هەروەك لە کتێبی (المنقذ من الضلال) بە ڕاشکاوی ئەو لێدوانەی داوە، چونکە حاڵەکەی وەکوو حاڵی ئیبڕاهیم وا بوو چۆن ئەو داوای ئیستیدلالی نەزەڕی لە خوا کرد ئەویش هەمان ئەو ڕێگایەی گرتە بەر بەڵام ئەو پێغەمبەر بوو زوو بۆی بەدەستهات ئەمما بۆ ئەو تا هەمووی تەواو کرد دە ساڵی پێچوو، بۆیە وا گومان مەبە بە دوو ڕۆژوو سێ ڕۆژەك بگەیتە مەعریفەتی ئیلاهی نەخێر چونکە هیچ کەسێك نازانێ نەفس چیە مەگەر ئیللا دڵی کرابێتەوە بە ئیستیدلالی عەمەلی ئەزانێ ئەم نەفسە چیە.

## زانستی کەلام

الحمد لله رب العالمين، والصلاة والسلام على سيدنا محمد أفضل الأنبياء والمرسلين.

أما بعد:

یەکەم:

پێناسەی زانست

زانست بە چەندەها جۆر پێناسەکراوە، وە هەموو پێناسەیەکیش لەو پێناسانە لەسەر تێڕامانێکی تایبەت یاخود ئاڕاستەیەکی دیاریکراو بیناکراوە،

لێرەدا نامانەوێ باسی هەموو پێناسەکان بکەین، بەڵام هەندێکیان لەو مەقامەدا ئەهێنین ئەوانەی کە سوودمان پێ ئەگەیەنێ:

سەید شەریفی جورجانی (ڕەحمەتی خوای لێ بێ) ئەفەرمووێ: "زانست بیروباوەڕێکی دڵنیایی کراوەی ڕێکە بۆ واقیع".

داناکانیش گوتویان: "بە دەستهێنانی وێنەی شتێکە لە عەقڵدا".

ئەوەی یەکەم تایبەتترە لەوەی دووەم.

وە گوتراویشە: "زانست پەی بردنە بە شتێك لەسەرئەوەی کەوا بەوەوەیە".

وە گوتراویشە: "بێ نیازە لە پێناساندن".

وە گوتراویشە: "زانست سیفەتێکی ڕۆچووە پەی بە گشتیاتەکان و بەشیەکاندا ئەبات".

وە گوتراویشە: "زانست گەیشتنی نەفسە بۆ مانای شتێك".

وە گوتراویشە: "زانست بریتیە لە ئیزافەیەك کە تایبەتکراوە لە نێوان عاقڵ و شتە هەست پێکراوەکان بە عەقڵ (کە پێی ئەگوترێ: مەعقول).

وە مەلا عبد الله لە شەرحەکەی لە (تهذیب المنطق هی سەعدی تەفتازانی) ئەفەرمووێ: "زانست وێنەیەکی بەدەستهێنراوە لە شتێکدا لای عەقڵ". وە

میرزا محمد عەلی تێبینی لەسەرداوە ئەڵێ: "هەندێکیان پێناسەیان کردووە بە وەرگرتنی نەفس لەو وێنەدا، وە هەندێکیشیان پێناسەیان کردووە بە وەدەستهێنانی وێنەی شتێك لای عەقڵ". پاشان ئەڵێ: "جا لەسەر ئەوەی یەکەم مەقولەی[٢٩] چۆنیەتیە (واتە

[٢٩] مەقولاتەکان: ئەوانەن کە چوار جوڵانەوەکەی تێ ئەکەوێ، یەکەم: ئەندازەو چەندێتی، وە کەوتنەوەی جوڵانەوە تیایدا لەسەر چوار شێوازە: یەکەم جیابوونەوە یاخود لێك ترازان، دووەم توندبوونەوەو چڕك بوونەوە، سێیەم گەشە کردن، چوارەم پوکانەوە. وە دووەم لە مەقولاتەکان: ئەوەیە کە جوڵانەوەی چۆنیەتی تێ ئەکەوێ. سێیەم لەو مەقولاتانە: جێگە، وەکوو جوڵانەوەی فەلك لەسەر خۆیدا (یاخود بەدەوری خۆیدا)، چونکە بەو جوڵانەوەیە دەرناچێ لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر تاوەکوو جوڵانەوەکەی ببێتە لە کوێتی (لە کوێ بوون)، بەڵام جێگاکەی بەهۆیەوە ئەگۆڕێ (فەلەك: ئەستێرە: جەستەیەکی خڕەو دوو ڕوو دەوری ئەدات، دەرەکی و ناوەکی، کە هەردووکیان یەکسانن و یەك سەنتەریشیان هەیە). وە

جولّەی)، وە لەسەر ئەوەی دووەمیش جولّەی هەلّچوون هەیە، وە لەسەر ئەوەی سێیەمیش جولّەی ئیزافە هەیە".

وە مامۆستا شێخ محمد کەرەمی ئەفەرمووێ: "من پێناسەیەکم بۆ زانست نەدۆزیوەتەوە کەوا چاکترو باشترو دلّگیرتربێ بەلای نەفسەوە بە ئەندازەی وتەی عەللامەی شێخ عبد الهادی شلیلە کە ئەلّێ:

---

چوارەم لەو مەقولاتانە: لە کوێ، گواستنەوەیەکە موتەکەللیم ناوی لێناوە جولاّنەوە، وە باقی مەقولاتەکانی تریش جولاّنەوەی تێ ناکەوێ، مەقولاتەکانیش ژمارەیان ١٠یە کە لەو بەیتەدا ڕێکخراوە.

قمر عزيز الحسن ألطف... مصره لو قام يكشف غمتي لما انثنى

ئەمە وتەی سەید شەریفی جورجانی بوو. بڕوانە: (التعريفات)(ل١٦٩ـ٢٢١) باب الكاف ـ الفلك.وباب ميم ـ المقولات. وەرگێڕ

حەقیقەتی زانست دۆزینەوەی واقیعە، وە حوکمی شوێنکەوتووی بۆ هەیە لە زانراو، چونکە زانستێکی ڕاست و دروست جگە لە دۆزینەوەی شتەکان هیچی تر نیە بەو شێوەیەی کە لەسەریەتی و هەیە، وە زۆر جارانیش نەفس وێنەی شتەکان ئەکێشێ و خەیاڵی بۆ ئەکات کەوا وێنەیەکی واقیعیە، وە تشیکی زاتی شتەکانە لە خودی خۆیدا، کەچی لە واقیعدا تەنیا فێڵ و درۆیەکە". ك ھ

ئێمەش بۆمان هەیە لە دوای کەمێك تێڕامان پەی ببەین بەوەی کەوا زۆرێك لە پێناسەکان لە حەقیقەتدا ئەگەڕێتەوە بۆ ئەم چەند گوتراوانە:

یەکەم: زانست بەسەر زانراوەوە بگوترێ: واتە ئەوەی ئەیزانین.

دووەم: زانست بەو شتە بگوترێ کە بەوەوە ئێمە ئەیزانین ئەویش بریتیە لە نەفس یاخود سیفەتی نەفس.

سێیەم: زانست بەو مەلەکەو توانا ڕۆچووە بەدەستهاتووەی دوای هەبوونی زانست بە چەندەها زانراو ئەگوترێ، بێگومان لەوێدا سیفەتێکی ڕۆچوو هەیە کەوا کەسی ڕۆچوو جیا ئەکاتەوە لە زانستەکان سەبارەت بەو کەسەی کەوا دەست بە داواکردنی ئەکات.

ئێمە لێرەدا کاتێ قسە لەسەر زانستی کەلام ئەکەین ئەوە ناوی زانست لە بابەتە توێژراوەکان ئەنێین لەو

زانستەدا، وە بەو توانایە ڕۆچووەش ئەنێین کەوا کەسی زانا پێ نیشانەدارە بەو بابەتانە، بەجۆرێك لە دوای ئەمە ناوی موتەکەللیمێتی (قسەکەرێتی) شایستەیە. ئەمەش پیشەی گشت زانستەکانی ترە[٣٠]. ئیتر ئەو زانراوەی کە بەوەوەیە زانستەکان جیائەکرێتەوە.

ئەو ئەساسە چیە کەوا ئەتوانین بینای لەسەر بکەین تاوەکوو زانستەکان بژمێرین، وە بابەتەکانیش دانێین، وە هەموو بابەتێکیش بدەینە پاڵ زانستێکی دیاریکراو

[٣٠] بە زاناکانی بواری عەقائید گوتراوە موتەکەللیم واتە: قسەکەر، چونکە دەربارەی خواو سیفەتەکانی وە بیروباوەڕی ئیسلام بە گشتی وە لەگەڵ فەلسەفەی بوون قسان ئەکات، وە قسەکردنەکەشی لەسەر ئەساسی شەرع و عەقڵە بە عەقڵێکی ساغ. وەرگێڕ

جگە لە خۆی؟ ئەڵێین: بۆ نموونە ئەو بابەتە لە زانستی فیقهە، وە ئەو بابەتە لە زانستی کەلامە، وە ئەو بابەتە لە زانستی تەفسیرە، وە ئەو بابەتە لە زانستی فەرموودەیە، وە ئەو بابەتە لە زانستی بیرکاریە، یاخود سروشتیە، ئیتر بەو جۆرە.

بێگومان زاناکانی ئوصولّ و کەلام و مەنتق سێ نەزەڕی[٣١] سەرەکیان پێشکەش کردووە بە جۆرێك کەوا ڕاڤەی زانستە جیاکان ئەکەن، وە هیچ ڕێگریەك نیە تاوەکوو لێرەدا ئاماژە بدەین بەوەی ئێمە مەبەستمان

[٣١] نەزەری: واتە: تیۆری، بیردۆزی، بەدەم، زاری، بینایی زان، ڕا، باوەڕ، ڕێباز، ڕێڕەو، نەزەری بە پێچەوانەی عەمەلی دێت. هەر بۆیەش ئێمە یەکێ لەو ناوە کوردیانەم بەرامبەری دانەنا، چونکە سەدا سەد ئەو مانایە نادات هەروەك کە لە عەرەبیەکەدا هاتووە. وەرگێڕ

به زانست کۆمەڵێکە لە بابەتەکان کە هەندێکیان لەگەڵ هەندێکیان کۆئەبێتەوە بەو شێوازە لە هەمووان.

نەزەریەی یەکەم: جیاوازی زانستەکان ئەگەڕێتەوە بۆ مەوزوع (واتە: نێوەڕۆکی ئەو بابەتە)، چونکە هەموو زانستێك پێکدێت لە باساکانێك و بابەتەکانێك کە هەڵگیراوەکانی لە لابەلا خودیەکانەوە ئەبێ بۆ مەوزوعی زانست، جا مەوزوعی زانست لە حەقیقەتدا مەوزوعی بابەتانێکی ئەو زانستەیە، بە واتایەکی تر کۆبوونەوەی کۆمەڵە بابەتانێك و باسانێکە لە ژێر یەك ناونیشان، ناگەڕێتەوە بۆ حاڵەتێکی هەڵبژێری یاخود دانیشتەنی (واتە: نەویستەنی)، بەڵکوو ئەگەڕێتەوە بۆ پەیوەندیەکی پێکهێنراوی سروشتی لە نێوان هەڵگیراوەکانی باس و بابەتەکان وە لە نێوان

مەوزوعاتەکانی، بە واتایەکی تر لە نێوان مەوزوعاتەکانی باس و بابەتەکان وە لەگەڵ مەوزوعی زانستەکە.

نەزەڕیەی دووەم: زانستەکان جیاواز ئەبن لەسەر ئەساسی جیاوازی خواست و مەبەستەکانیان (ئامانجەکانیان). جا لەم حاڵەتەدا هەموو زانستێك ئاماژەیە بە کۆمەڵێك لە باسانێك و بابەتەکانێکی خاوەن یەك ویست، بۆیە جیاوازی زانستەکان بەهۆی جیاوازی مەبەستەکانیەوەتی. بۆ نموونە زانستی ئوسوڵ پێکدێت لە بابەتانێك و توێژینەوانێك کە سوودی ئەبێ لە دەرهێنانی حوکمەکان لە قالب و دەقە شەرعیەکانیەوە.

نەزەڕیەی سێیەم: وەستاوە لەسەر ئەساسی تێگەیشتنی (پێکهێنراوی ئیعتیباری)، وە پێکهێنراوی ئیعتیباریش یەکەی توخمە پێکهێنراوەکانی نابێتە یەکەیەکی ڕاستەقینە، بەڵکوو ئەبێتە یەکەیەکی لابەلایی مەجازی خواستراو، چونکە یەکەی چەشن و جۆر یەکەیەکی ڕاستەقینەیە، بەڵام یەکەی قوتابی لە پۆلدا ئەوە یەکەیەکی خواستراوەو شوێن یەکەی چاودێر ئەکەوێ یاخود تێڕامان یاخود لابەلاو ئەوانەش کە ئەدرێنە پاڵ ئەمانە لە کاتە لە ناکاوەکان.

جا هەموو زانستێك بەگوێرەی ئەم نەزەڕیە ئەوە لە واقیعدا پیکهێنراوێکی ئیعتیباریە، ئەوەی وا ئەکات کەوا بابەتەکان یەك کۆمەڵ بن ئەوە یەك ئامانج و مەبەستی لەسەر ڕێکخراوە، وە لەگەڵ ئەوەش زانست

جیاواز ئەبێت بەهۆی ئەو پێکهێنراوە ئیعتیباریانە نەك بە مەبەستەکانیان.

وە هەموو پێکهێنراوێکی ئیعتیباری جیاواز ئەبێت لە پێکهێنراوێکی ئیعتیباری تر بەشێوەیەکی ئاسایی، وە ئەگەر بێت و پێکهێنراوێکی ئیعتیباری بۆ یەك زانست پێکهاتووبێ لە دوو مەبەست ئەوە ناچار ناکات کەوا ئەو زانستە ببێتە دوو زانستی جیاواز لە یەکتری، بەڵکوو ئەبێتە یەك زانست، بێگومان ئەم پێکهێنراوە ئیعتیباریە یارمەتی داوە لە کۆبوونەوەی ئەو بابەتانە لەسەر ئەو شێوازە.

عەللامەی شەریفی جورجانی ئاماژەی بەو نەزەریانە کردووە لە (شرح المواقف)، بەجۆرێ لە

دەستەواژەیەکا ڕاڤەیەکی جوانی کردووە لە بارەی چۆنیەتی سەرهەڵدانی زانست و دابەشبوونەکانی، وە لە قسەکانی دەرئەکەوێ کەوا ئەصڵ لە جیاوازی زانستەکان بەهۆی مەوزوعەوەیە، بەڵام لێکۆڵینەوەیەکی باسکردووە کەوا لەوپەڕی سووددایە، ئەفەرمووێ: "ئەمە فرمانێکی بەچاکزانراوە کەوا لەڕووی عەقڵەوە هیچ ڕێگریەك لەوەدا نیە ئەگەر بێت و وا دابنێی هەموو بابەتێك بۆ خۆی زانستێکە، وە جیابۆتەوەش بەهۆی فێربوونەوە، وە واش دانەنێی کەوا بابەتانێکی زۆر بەشداریان نەکردبێ لە یەك مەوزوعدا جا یەکسانە لە ڕوویەکی ترەوە گونجاوبێ لەگەڵ یەك زانستدا یاخود نا، وە جیا بووبێتەوەش بەهۆی نوسینەوە.

بزانە جیاوازی بە دەستهاتوو بۆ قوتابی بە مەوزوعێکەوە بێگومان بۆ زانیاریەکان بە باشی و چاکێتیەوەیە ئەبیٚ، وە بۆ زانستەکانیش بە شوێنکەوتوویەوە ئەبیٚ، وە ئەوەیشی بەدەست دیٚ بەهۆی پێناسەکەوە پێچەوانەی ئەمەیە ئەگەر بێت و پێناسە بیٚ بۆ زانست، بەڵام ئەگەر بێت و پێناسە بیٚ بۆ زانراو ئەوکاتە جیاوازیەکە ئەوەیە ئەو ڕەچاوی مەوزوع ناکات لە پێناسە کردن هەروەکوو لە پێناسەی کەلامدا ڕەچاوی ئەکات ئەگەر هاتوو پێناسە کرا بۆ زانراوەکەی". ك ه

**دووەم: پێناسەی دین**

بێگومان زاناکان چەندین پێناسەیان بۆ دین دارڕشتووە، بەڵام جوانترین پێناسەیەك کە دیبێتم ئەو پێناسەیە کە لای زاناکانی کەلام بەربڵاوە، زۆرێك لەوان لە کتێبەکانیان باسیان کردووە، وە پشتیان پێ بەستووە، وەکوو ئیمامی ئیبنولهومام، وە شەریفی جورجانی، وە زۆرترینی زانا پاشینەکان ئەوانەی کەوا لە ئاستی ئەواندان وەکوو عەللامەی بیجۆری و سەنوسی، وە هەروەها ئەوەش کە پێشیان کەتووە وەکوو گەلەنبەوی و دەووانی و خواجە زادەو غەیری ئەوانیش.

دین لە ڕووی زمانەوانیەوە بە عادەت و پاداشت و خەڵات و جێ بەجێ کردن و گوێڕایەڵی دێت.

بەڵام لە ڕووی زاراوەییەوە کە لێرەدا هەر ئەمەش مەبەستە، هەروەکوو خاوەنی دەستووری زاناکان باسی لێوە کردووە: "یاسایەکی ئاسمانیە بەهۆیەوە خاوەن عەقڵەکان ڕائەکێشی بۆ چاکەو چاکەکاری". ك ه

وە ئەم یاسایانەشیان لێکچوواندووە بە ئەحکامە شەڕعیە دابەزێنراوەکانی سەر گەورەمان محمد ـ صلی اللە علیه وسلم.

وە هەندێ لە زانا لێکۆڵەرەکانیش وشەی ڕاکێشەریان داناوە لە بری وشەی ڕائەکێشێ تاوەکوو بەڵگەبێ لەسەر ئەوەی کەوا ڕاکێشانی عاقڵمەندەکان و

وەڵامدانەوەیان بۆ دین بێگومان شوێن ئیڕادەو پەیوەستیان کەوتووە بۆ بنەڕەتی وجوود، وە ئەوەش کە تیڕامانە ڕاست و دروستەکانیان داخوازی ئەکات.

سەید شەریفی جورجانیش بەو جۆرە پێناسەی دینی کردووە لە کتێبەکی خۆی (التعریفات): دین دانراوێکی خوداییەو عاقڵ و هۆشمەندەکان بانگ ئەکات بۆ وەرگرتنی ئەوەی لای پێغەمبەرە ـ صلى الله عليه وسلم". ك ھ

پوختەی پێناسەکە ڕێکە لەگەڵ ئەوەی پێشە خۆی.

وە گومانیشی تێدا نیە ئەو شتانەی لە بەدیهیات و بێ تێرامانەکانی دینی ئیسلامین ئەوەیە چاکەو خێرەکان ئەوانەی کەوا ڕێنیشانی خەڵکی لەسەر ئەدەن

بە تەنیا پەیوەست نیە بە دوارۆژ، بەڵکوو پەیوەستە بە دونیاشەوە، وە ئەشتوانین زۆر بە ڕوونیەوە بیلێین بێگومان لەو ڕووەوە ئەوە فرمانەکان و قەدەغەکراوەکانن، وە کۆمەڵە کۆت و بەندێك و بڕیارێکن بۆ کاروکردەوەی مرۆڤ، بێگومان پەیوەستن بە مرۆڤ لە ژیانی دونیای، چونکە لە دوارۆژدا تەکلیفە شەرعیەکان نیە بەو شێوازەی کەوا ئێمە مەبەستمانە.

بەڵێ مەبەستی دین لە کۆتاییدا بەڵگەی مرۆڤە لەسەر چاکێتی لە ژیانی دوارۆژی، بەڵام مەبەست لە باشێتی بێگومان ئەوە بەڵگەبوونەکەیەتی لەسەر خێرو چاکەکەی لە ژیانیدا بە ڕەهایی، وە ژیانی مرۆڤیش سنووردار نیە هەروەکوو ئەوەی لای ئێمە زانراوە لە

ژیانی دونیا، وه نەبە ژیانی دوارِۆژیشی، بەڵکوو ئەو دوو قۆناغە دەگرێتەوە لەگەڵ ئەوەیشی کە لە نێوانیاندایە (مەبەستی قۆناغی بەرزەخ و ناو گۆڕە).

ئەو چاکەو خێرەی کەوا دین دایبەزاندووە بۆ بەڵگەی مرۆڤ تا لەسەری بێ هەرچی خێرو چاکەی دونیایی و دوارِۆژی هەیە لە خۆی گرتووە. مەبەستیش لە خێرو چاکە بە وتەیەکی گشتی: هەموو ئەو شتانەی کەوا گەیەنەرە بۆ خۆشبەختی. وە خۆشەبەختیش ئەبەسترێتەوە بە کەماڵی وجوود یاخود کامڵکردنی وجوود. لەمەوە مرۆڤ هەموو ئەوشتانە بکات کەوا ئەبنە مایەی بەرزبوونەوەی شان و شکۆی لە پلەی وجووددا. هەر بۆیەش ئێمە بڕوامان وایە کەوا پەرستشەکان شوێنەواری ڕاستەقینەیان هەیە لە

دوارۆژدا، وە ئەم شوێنەوارانەش زاتی بۆ نیە، بەڵکوو ئەوە (پەیوەستە) بە ئیرادەی خوای گەورەوە، بە بینا کردن لەسەر نەفی کردنی بە چاکزانین و بە خراپزانینی لە ڕووی عەقڵیەوە. کە وتەیەکە ئەهلی سوننە ئەشاعیرەکان و غەیری ئەوانیش کە هاوڕای ئەوانن پێی ڕازین، ئەگەرچی ئێمەش (پەی بە حەقیقەتی) هەندێ لەو دەردو سوودانە نەبەین و نەیانزانین ئەوانەی کەوا بەدەستیان ئەهێنین لە هەندێ پەرستشەکاندا، ئیتر ئەمەش ناچاری سوود نەگەیاندنی ڕاستەقینەیان ناکات، کە لەسەری ڕێکئەخرێ بەو ئەندازەیەی کەوا خوای گەورە لە نێو خەڵکیدا هەڵی ئەبژێرێ لەو جیهانەدا.

**سێیەم: پێناسەی زانستی کەلام**

لەسەرمانە کەوا زانستی کەلام بناسێنین چونکە بابەتێکی سەرەکی ئەو موحازەرەیە، وە لەوەش لە تەصەوری پێناساندن و ئەوەیشی لێیەوە ناچاری ئەکات لە سوودو فایدەکان لە ڕوونکردنەوەی کاریگەری عیلمی کەلام لە فیکری ئیسلامیدا.

زۆر پێناسە هەیە بۆ زانستی کەلام کە لە ڕووکەشدا جیاوازە لەو تێگەیشتنە وەرگیراوەی لێی، بەڵام لە ڕاستیدا ئەگەڕێتەوە بۆ یەك حەقیقەت. عەللامەی سەمەرقەندی لە (الصحائف)(ل٥٩) ئەفەرمووێ: "بێگومان زانستەکان ئەگەرچی بەشەکانی چەندەها جۆرن بەڵام بەرێزترینیان لە ڕووی مەرتەبەوە،

وە بەرزترینیان لە ڕووی پلەو مەکانەتەوە ئەوە زانستی خودایییە کە توێژەرە بە بەڵگە بڕەبڕو سەلماندنە ڕوون و درەوشاوەکان دەرحەق بە کاروباری خودایەتی و نهێنیەکانی پەروەردگاریێتی کە بەرزترین خواست و داوان لە زانستە ڕاستەقینەکان، وە مەعریفەتە یەقینیەکان، کە بەهۆیانەوە ئەگات بە مەعریفەتی زاتی خوای گەورەو سیفاتەکانی، وە تەصەوڕکردنی بەدیهێنەریێتی ئەو و بەدیهێنراوەکانیشی، وە لەگەڵ هەندێش زانستێکە کۆمەڵێك توێژینەوەی چاك و ڕێزدارو سوودی جوانی لە خۆی گرتکردووەتەوەو پێکی هێناوە کە نەفس ئامادەیە بەهۆیانەوە تەحقیقی حەقیقەتەکان بکات و لێیان بکۆڵێتەوە، وە زاڵیش ئەبێ (بەسەر بیرو بۆچوونە لێڵ و گومڕاو خەیاڵە

بریقەدارەکانی) لە ئەنجامی لێکۆڵینەوە لە وردەکاریەکان.

وە زۆرێکیش لە زاناکان وەصفی گەورەیی پێگەی ئەو زانستە شکۆدارەیان کردووە هەتا لە سەرووی مەڕتەبەی هەموو زانستە ئیسلامیەکانیان داناوە، وە مافی خۆیشیتیان لەوە.

یەکێ لەو پێناسانە:

هەروەك عەللامەی سەمەرقەندی لە (الصحائف)(ل٦٥) فەرموویەتی: "زانستی کەلام خودی خۆی ئەگەڕێ و توێژینەوە ئەکات لە بارەی زاتی خوای گەورەو سیفات و ناوەکانی، وە لە بارەی ئەحواڵی مومکیناتەکان (واتە: ئەشێییەکان)و

پەیامبەران و ئەولیاکان و پێشەواکان و گوێڕایەڵەکان و سەرپێچیکەرەکان، وە غەیری ئەمانەش لە دونیاو دوارۆژ، وە بەوە جیا ئەکرێتەوە لە بارەی زانستی خوداییەوە کەوا بەشداری هەیە لەو گەڕان و توێژینەوانە، وە خودی ئەو زانستەش لەسەر ڕێگای شەریعەتە، وە حەددەکەشی: ئەوەیە کەوا زانستیکە گەڕان و توێژینەوەی تیا ئەکرێ لە بارەی زاتی خوای گەورەو سیفاتەکانی، وە لەگەڵ ئەحواڵی مومکیناتەکان هەر لە سەرەتاوە تا دوارۆژ لەسەر دەستوورو قانوونی ئیسلام.

ئیتر لەوەوە زانی: کەوا گەڕان و توێژینەوەی ئێمە تیایدا بێگومان ئەکەوێتە سەر ئەو ئەعڕازو لابەلا خودیانە بۆ زاتی خوای گەورە بەو شێوازەی کە هەیە،

وه ئەعڕازو لابەلا خودیانەش بۆ زاتی مومکیناتەکان بەو شێوازەی کە هەنەو موحتاجن بۆ لای خوای گەورە.

مەوزووعی زانستەکەی: لە بارەی زاتی خواوە ئەبێ بەو شێوازەی کە هەیە، وە زاتی مومکیناتەکانیش لەو ڕووەوە لە موحتاجیدانە، لەوەوە زانی کەوا مەوزوعی هەموو زانستێك گەڕان و توێژینەوەی تێدا ئەکرێ لە بارەی لابەلا خودیەکانی، واتە: ئەوانەی کە جێگایان لە زاتدا ئەبێ". ك ه

وە یەکێ لە جوانترین دەقەکان کەوا سوودو حەقیقەتی زانستی کەلامی ڕوونکردبێتیەوە ئەو وتەیە کەوا ئیمامی تەفتازانی فەرموویەتی لە (شرح العقائد النسفیە): "بزانە ئەحکامە شەڕعیەکان هەیانە

پەیوەندی بە کردەوە هەیە، ئەوە پێی ئەگوترێ: فەرعی، وە هەشیانە پەیوەندی بە بیروباوەڕەوە هەیە کە پێی ئەگوترێ: بنەڕەتی و بیروباوەڕی.

وە ئەو زانستەی کەوا پەیوەندی بە یەکەمەوە هەیە پێی ئەگوترێ: زانستە شەرعیەکان و ئەحکامەکان، چونکە سوود وەرناگرێ ئیللا لە ڕێی شەریعەتەوە نەبێ، وە تێگەیشتنیش پێش ناکەوێ لە کاتی گوتن ئیللا بۆ لای ئەو نەبێ.

وە ئەوەیشی کە پەیوەندی بە دووەمەوە هەیە: زانستی تەوحیدو سیفاتە، چونکە بەناوبانگترین گەڕان و توێژینەوەیەتی، وە شکۆدارترین مەبەستیەتی.

بێگومان یەکەمەکان لە هاوەڵان و شوێنکەوتووان ڕەزای خوایان لەسەر بێ، لەبەر پاکی بیروباوەڕیان و بەرەکەتی هاوەڵێتی پێغەمبەر ـ صلى الله عليه وسلم، وە نزیکیشیان لە سەردەمی ئەو، وە لەبەر کەمی ڕووداوەکان و ئیختیلافەکان، وە تواناییان لە گەڕانەوە بۆ لای متمانە پێکراوەکان، ئیتر پێویستیان نەبووە بە نووسینەوەی ئەو دوو زانستەو ڕێکخستنی بابەکانیان و بەشەکانیان، وە ڕوونکردنەوەی توێژینەوەکانیان چ لە ڕووی فەرعەوە وە چ لە ڕووی ئوصوڵ و بیروباوەڕەوە.

هەتاوەکوو فیتنە هاتەگۆڕێ لە نێوان موسڵمانان، وە یاخی و دەستدرێژیکەران زاڵبوون بەسەر پێشەوایانی دین، وە ڕاجیایی و مەیل بۆ لای بیدعەو هەواو ئارەزوو دەرکەوتن، وە فەتواکان و ڕووداوەکان و

گەڕانەوە بۆ لای زاناکان لە شتە گرینگەکان زۆر بوون، لەوەوە زاناکان خۆیان خەریك کرد بە تێڕامان و بەڵگەکان و ئیجتیهادو هەڵهێنجان و ئامادەکردنی ڕێساکان و ئوصولەکان، وە ڕێکخستنی بابەکان و بەشەکان، وە زۆر کردنی بابەتەکان بە بەڵگەکانیانەوە، وە مەبەست لە گومانەکان بە وەڵامەکانیانەوە، وە دیاریکردنی وەزعەکان و زاراوەکان، وە ڕوونکردنەوەی مەزهەبەکان و ئیختیلافاتەکان.

وە ناویان لە (ناسینی ئەحکامە کرداریەکان نا ئەوانەی کە بەبەڵگە ڕوون و دیاریکراوەکانیان دەری ئەخەن کەوا چ حوکمێك بەدەستەوە ئەدەن) بە فیقە.

وه ناویشیان نا (له ناسینی ئەحواڵی ئەو بەڵگانەی کەوا ناڕوون و دیارینەکراون لەوەی کەوا چ حوکمێك بە دەستەوە ئەدەن) بە ئوصولّ فیقه.

وه ناویشیان نا (له ناسینی بیروباوەڕو بەڵگەکانی) بە کەلام، چونکە ناونیشانی توێژینەوەکانیان (لە ژێر) ئەو وتانە بوو: قسە لەوەو لەوە (الکلام في كذا وكذا).

وه لەبەرئەوەش بابەتی کەلام دیارترین توێژینەوەیان بوو، وە زۆرتریش ناکۆکی و مشتومڕی لەسەر بوو، هەتا هەندێ لەو زاڵبووانە زۆر لە حەقخوازانیان کوشتن ئەمەش لەبەرئەوەی ڕەفزی ئەوەیان ئەکردەوە بڵێن: قورئان دروستکراوە.

وە لەبەرئەوەش تواناش دروست ئەکات لەسەر قسە کردن لە لێکۆڵینەوەی حوکمە شەرعیەکان و ناچارکردن و دەمکوتکردنی نەیاران، وەکوو زانستی مەنتق (ژیربێژی) بۆ فەلسەفە.

وە لەبەرئەوەش یەکەم شتێك لە زانستەکان کە پێویستە بیزانی و فێری بی بێگومان بەهۆی کەلامەوەیە، هەر بۆیەش ئەو ناوەی بەبەرداکراوە، پاشان تایبەتکراوە بەوەوە، بە هیچ یەکێك لە زانستەکانی تر نەگوتراوە جگە لەو نەبێ بۆئەوەی جیا بێتەوە لەوان.

وە لەبەرئەوەش لێ کۆڵینەوە ئەکات بەهۆی توێژینەوەو ئیرادەی کەلامەوە لەم دوو لایەنەوە، بەڵام

غەیری ئەو لێ کۆڵینەوە ئەکات بە بیرکردنەوەو خوێندنەوەی کتێبەکان.

وە لەبەرئەوەش لە هەموو زانستەکان زیاتر جێگای خیلاف و ناکۆکی بووە، هەر بۆیەش زیاتر پێویستی بە زانستی کەلام هەیە لەگەڵ پێچەوانەکەران، وە ڕەتدانەوەشیان.

وە لەبەر بەهێزی بەڵگەکانیشی وای لێهاتووە وەك بڵێی بووەتە قسەو کەلام جیا لە زانستەکانی غەیری خۆی، هەروەکوو بە بەهێزتر ئەگوترێ: ئا ئەوە قسەیە، ئەوەیە کەلام.

وە لەبەر دامەزراندنی زانستەکەشی لەسەر بەڵگە بڕەبڕو یەکلاییی کەرەوەکان کە زۆرینەیان پشتگیری

کراوە بە بەڵگە بیستەنیەکان (واتە: بەڵگەکانی قورئان و سوننەت)، ئەمەش وا ئەکات کەوا کاریگەرترینی زانستەکان بێ کەوا کاریگەری لە دڵدا هەبێ و بەخێرایی بچێتە نێویەوە، وە ناونراویشە بە کەلام چونکە لە کەلمەوە وەرگیراوە کە بەمانای برین دێ، ئەمەش وتەی زانا پێشینەکانە.

وە زۆربەی خیلافاتیشی لەگەڵ گروپە ئیسلامیەکانە بە تایبەتی موعتەزیلە، چونکە یەکەم گروپ بوو بیناغەی خیلافیان دامەزراند لە دەرەنجامی هەڵە تێگەیشتنیان لە ڕووکەشی ئەو بەڵگانەی کە لە

سوننەتدا[٣٢] هاتووەو بەسەر کۆمەڵێك لە هاوەڵانیشدا تێپەڕیوە ـ ڕەزای خوایان لەسەر بێ ـ لە بابەتی عەقائیددا (واتە: بیروباوەڕ).

لەوەوە سەرۆکەکەیان کە واصلی کوڕی عەطایە خۆی کەنارگیر کرد لە مەجلیسی حەسەنی بەصری ڕەحمەتی خوای لێ بێ، کە ئەیگوت: ئەو کەسەی کەوا گوناهی گەورە ئەکات نە ئیماندارە وە نە کافریشە، وە پلەیەکی دانابوو لە نێوان هەر دوو پلەکاندا(واتە: ئەوەی کە گوناهی گەورە ئەکات لە پلەیەکدایە لە نێوان کافرێتی و ئیماندارێتیدا)، حەسەنیش فەرمووی:

---

[٣٢] مەبەستی لە وشەی سوننەت گشتیە واتە ئەوەی کە لە قورئان سوننەتدا هاتووە، هەروەکوو چۆن بە موسڵمانان ئەگوترێ: ئەهلی سوونننە. وەرگێڕ

واصل خۆی لە ئێمە کەنارگیر کرد، ئیتر ئەوانەش ناونران بە موعتەزیلە (واتە: خۆ کەنارگیرکەر)، وە بە خۆیشیان ناویان لە خۆیان نا هاوەڵانی دادو تەوحید، ئەمەش لەبەر وتەکەیان واجببوونی پاداشتی گوێڕاڵیکەرو سزای سەرپێچیکەر لەسەر خوای گەورە، وە نەفی کردنی سیفاتی قەدیمیەت هەر هەبوویی لە خوای مەزن.

پاشان زیادەڕۆییان کرد لە زانستی کەلام و تەشەببوسیان بە لێواری فەیلەسووفەکان کرد (تاوەکوو خۆیان پێوە بگرن) لە زۆربەی ئوصولەکان، مەزهەبەکەیان لە نێو خەڵکیدا بلاْوبۆوە هەتا شێخ ئەبو حەسەنی ئەشعەری بە مامۆستاکەی خۆی ئەبو عەلی جوببائی گوت: چی ئەڵێی دەربارەی ئەو سێ

برایە: یەکێکیان بە گوێڕایەڵی وەفاتی کردووە، ئەوەکەی تریش بە سەرپێچیکاری، سێیەمیش بە منداڵی؟

ئەویش گوتی: یەکەمیان پاداشت ئەدرێتەوە بە بەهەشت، دووەمیشیان سزا ئەدرێ بە ئاگر، سێیەمیشیان نە پاداشت ئەدرێ وە نە سزا.

ئەشعەریش گوتی: ئەگەر سێیەمیان گوتی: خودای من تۆ بە منداڵی منت مراند، منت نەهێشتەوە تا گەورەببم و ئیمان بە تۆ بهێنم و گوێڕایەڵیت بکەم و بچمە بە هەشتەوە!! ئایا خوای گەورە لە وەڵامیدا چی ئەفەرمووێ؟

جوببائیش گوتی: خودا ئەڵێ: من ئەمزانی ئەگەر بێت و گەورە بایت سەرپێچیت ئەکردو ئەچوویتە نێو ئاگرەوە، بۆیە وا بۆ تۆ چاکتربوو کەوا هەر بە منداڵی بمری.

ئەشعەریش گوتی: ئەی ئەگەر دووەمیان گوتی: خودای من بۆچی منت بە منداڵی نەمراند تاوەکوو سەرپێچیم نەکردایەو نەچووبامە نێو ئاگرەوە؟! باشە خوای گەورە چی ئەڵێ؟

ئەوەبوو جوببائی تەقەی دەمی لێوە هاتوو بێ دەنگ بوو، ئەشعەریش وازی لە مەزهەبەکەی هێناو خۆی و ئەوانەی کە شوێنی کەوتن خۆیان سەرقاڵ کرد بە پووچەڵکردنەوەی بۆچوونی موعتەزیلەو سەلماندنی

ئەوەی کە لە سووننەتدا هاتووەو ئەوەی جەماعەت و کۆمەڵێش کە لەسەری ڕۆیشتوونە، جا ناونران بە ئەهلی سووننەو جەماعە.

پاشان کە فەلسەفە نەقڵ کرا بۆ عەرەبی، وە ئیسلامیەکان تیایدا ڕۆچوون و هەوڵیاندا ڕەددی فەیلەسووفەکان بدەنەوە لەو بابەتانەی کەوا پێچەوانەی شەریعەت قسەیان کردووە، ئەوەبوو تێکەڵ بە فەلسەفە بوون و زۆر کەلامی فەلسەفیان تێکەڵ بە بابەتە دینیەکان کرد تاوەکوو مەرامەکانیان بهێننەجێ، وە تواناداریش بن لە پووچەڵکردنەوەی (بۆچوونی ئەو فەیلەسووفانە)، بەڵام لەسەرخۆ وەرن[٣٣]، هەتاوەکوو

[٣٣] ئەم دەستەواژەیە لەوە وەرگیراوە (هَلُمَّ جُرًّا): دەستەواژەیەکە بۆ بەردەوامی کارێك و پەیوەندی بەکاردێت هەروەك ئیبن و ئەثیر وای

گەیشتە ئەوەی کەوا زۆربەی (بابەتە) سروشتیەکان و خوداییەکانیان تێکەڵ بەو زانستە کرد، هەتا لە بیرکاریشدا ڕۆچوون، تاوای لیّ هات خەریك بوو جیا نە ئەکرایەوە لە فەلسەفە (کە ئایە ئەمە زانستی شەڕعیە یان فەلسەفەیە) ئەگەر بێت و لەبەر لە هەبوونی(بابەت و بەڵگە) بیستەنیەکان نەبایە، ئەمەش وتەی زانا پاشینەکانە.

---

لێکداوەتەوە لە (النهاية في غريب الأثر)، وەك ئەگوترێ: كان عام كذا وكذا وهلم جرا إلى اليوم. واتە: ساڵێکی ئاواو ئاوابوو هەتاوەکوو ئێستاکەش ئاوایە. وە ئیبن و مەنظوریش بە لەسەرخۆیی مانای کردووە، مونذریش فەرموویەتی: هلم جرا، واتە: "لەسەرخۆ وەرن بەوشێوازەی کە بۆتان ئاسانە بەبێ خۆتێکدان و زەحمەتی". وەرگێڕ

**پوختەی وتە:**

زانستی کەلام شکۆدارترین زانستە، لەبەرئەوەی بنچینەی ئەحکامە شەرعیەکانە، وە سەرۆکی هەموو زانستە دینیەکانە، وە زانیاریەکانیشی لەبارەی بیروباوەڕە ئیسلامیەکانە، خواستەکەشی سەرکەوتنە بەخۆشبەختە دینی و دونیاییەکان، وە بەڵگەکانیشی سەلەمێنەرە بڕەرو یەکلاییکەرەوەکانن کە زۆربەیان پشتگیری کراوە بە بەڵگە بیستەنیەکان (قورئان و سوننەت).

وە ئەوەیشی نەقڵ کراوە لە هەندێ لە زاناکانی سەلەف لە تانەو ڕێگری کردن لەو زانستە بێگومان ئەوە بۆ کەسێکی دەمارگیر بووە لە دین، وە بۆ

کەسێکی کەمتەرخەم بووە لە بەدەستهێنانی یەقین، وە بۆ ئەو کەسەش کەوا مەبەستی تێکدانی بیروباوەڕی موسڵمانان بووە، وە بۆ کەسی ڕۆچووش لەو شتانەی کەوا پێویستی پێ نیە لە بابەتە ناڕوونەکانی فەیلەسووفەکان.

ئەگینا چۆن تەصەوری ڕێگری کردن ئەکرێ لە شتێ کەوا لە بنچینەی واجباتەکانەو ئەساسی شتە شەڕعیەکانە". وتەکەی تەفتازانی کۆتایی هات.

وە یەکێکی تر لە پێناسەکانی زانستی کەلام هەروەك ئیمامی تەفتازانی لە (تهذيب الكلام) هێناویەتی و ئەفەرمووێ: "کەلام زانستێکە سەبارەت بە بیروباوەڕە دینیەکان بە بەڵگە یەقینیەکان". ك ه

وە عەللامەی عضد الدینی ئیجی لە (المواقف بشرح السید شریف الجرجانی)ـدا ئەفەرمووێ: "(کەلام زانستێکە) دەربارەی کاروبارانێك (کە لە توانایدایە) واتە: لەگەڵ ئەو زانستەدا بەدەستی بهێنێ بە بەدەستهێنانێکی بەردەوام و ئاسایی بە توانایەکی تەواو (لەسەر سەلماندنی بیروباوەڕە دینیەکان) لەسەر غەیری تر و ناچارکردنی تەنیا بەو (ئەمەش بە هێنانی بەڵگەکان) لەسەری (وە بە دوورخستنەوەی گومانیش) لێیەوە، جا یەکەمیان ئاماژەیە بە سەلماندنی داخوازیکەر (واتە: داخوازیەکانی ئەو زانستە)، وە دووەمیشیان بە نەمانی ڕێگری"[٣٤]. ك ھ

[٣٤] ئەوەی ناوکەوانەکان جگە لە کەوانەی (داخوازیەکانی ئەو زانستە) کە من وەك ڕوونکردنەوەی دامناوە ئەگینا ئەوەکانی تر گشتی وتەی

## تەعلیقاتانێك لەسەر پێناسەی زانستی کەلام

لە پێناسەی زاناکانەوە بۆ زانستی کەلام کۆمەڵە کاروبارانێك وەرئەگیرێ:

یەکەم: بێگومان ئەو زانستە گەڕان و توێژینەوە ئەکات لە بنەماکانی دین و لقەکانی (واتە: بیروباوەڕو فیقھ)، بەڵام لە ڕوویەکی گشتیەوە ئەوە گەڕان و توێژینەوە ئەکات لە بنەماکانی دین لە ڕووی بەیانکردن و سەلماندنی، وە گەڕان و توێژینەوە ئەکات لە لقەکانی دین لە ڕووی جیاکردنەوەی لە بنەماکان (ئوصول)، وە ڕێخۆشکەرو ئامادەکاری ئەکات

---

عەللامەی ئیجیە، ئەوانەی دەرەوەی کەوانەکانیش هی جورجانیە. وەرگێڕ

بەسەلماندنی ئەو قەواعیدانەی کە ناتوانرێ لقەکان ڕوون بکرێنەوەو دەربخرێن ئیللا بەهۆی ئەمانەوە نەبێ.

دووەم: ئەگەر ئەوەی گوتمان ڕاست دەرچوو، ئەوە بۆ ئەو زانستە پێگەیەکی مەزن و بەرز هەیە لە نێو زانستە دینیەکان، وە لەوەوە ئەوە ئیلزام ئەبێ کەوا کاریگەریەکی زۆری هەیە لە نێو گشت زانستەکاندا، لەبەرئەوەی ئێمە بڕوامان وایە دین دەرچەی هەیە لە نێو زۆرترینی زانستە مرۆییەکاندا، جا چ بەڕاستەوخۆ بێ یاخود بە لابەلا. وە لەوەودوا زیاتر ڕوون ئەبێتەوە لەوەی کە دێ.

## چوارەم: جیاوازی لە نێوان فەیلەسووفەکان و موتەکەللیمینەکان:

فەیلەسووفەکان

شاراوە نیە لە هیچ کەسێ کەوا هەموو زانستێ لە زانستەکان پێویستە سەرچاوەی هەبێ، تاوەکوو یاساکانی لەسەری ڕاگیربکات، وە ئەو سەرچاوانەش ئەکرێ موسەلـلـەماتەکان بێ (واتە: ساغ و سەلیمەکان)، وە موصادەڕەکان بێ (واتە: سەلماندنی بەشێکی ئامانج و داواکراو)، وە ئەشکرێ بەدیهی و بێ تێڕامانەکان بێ، وە ئەشکرێ سەلمێنراو بێ.[٣٥]

[٣٥] موسەلـلـەمات: بابەتێکە یان مەنتقیێکە یاخود سەرچاوەو ئامانجێکە بەشێوەیەکی سەرەکی وەرئەگیرێن چونکە لە زاتی خۆیاندا

ساغ و ڕاستن و پێویستیان بەوە نیە تا بسەلمێندرێن. وەکوو سەرچاوە عەقلّیەکان و سەرەتاییەکان و زەڕوریاتەکان. وە سەید شەریفی جورجانی بەو جۆرە پێناسەی کردووە: "باس و بابەتانێکە سەلامەتە لە نەیارێتی (واتە: هەبوویەتی دژ) وە کەلامیشی لەسەر بینا ئەکرێ بۆ پالّنانی (ئەو دژێتیە)، جا یەکسانە ئەگەر سەلامەتکراو بێ لە نێوان دوو دژدا یاخود لە نێوان زانستخوازاندا وەکوو تەسلیم بوونی شەرعزانەکان بۆ بابەتەکانی ئوصولّ فیقهـ، هەروەکوو زانایەکی فیقهزان بەلّگە لەسەر واجبێتی زەکاتی خشل و زێڕی زیاد لە سنوور بەدەر ئەهێنێ، جا ئەگەر دژەکە گوتی: ئەمە تەنیا هەوالّێکە بۆیە تەسلیم نابین کەوا بەلّگە بێ، ئێمەش پێی ئەلّێین: ئەمە لە زانستی ئوصولّ فیقهدا سەلمێنراوە، بۆیە پێویستە ئەلێرەدا وەریبگریت. وتەکەی تەواو بوو.

مصادرة من المطلوب: سەلماندنی بەشێکی داواکراو ئامانج ئەوەیە وا ئەکات کەوا دەرەنجام بەشێك بێ لە قیاس، یاخود دەرنجام ناچار ئەکات کەوا بەشێك بێت لە قیاس، هەروەکوو وتەی ئێمە: (ئینسان بەشەرە، وە هەموو بەشەرێکیش دەم بە پێکەنینە، لە دەرەنجام دەرئەکەوێ کەوا ئینسان دەم بە پێکەنینە، جا (پێشەکیە) گەورەکە لێرەیە، وە داواکراویش یەك شتە، چونکە بەشەرو ئینسان موڕادیف

و بەرامبەری یەکن، کە یەکگرتنی تێگەیشتنەکەیە، ئیتر لەوەوە ئەبێتە (پیشەکی) گەورە، وە دەرەنجامەکەیش یەك شتە". وتەکەی کۆتایی هات.

جا من عەجیبم بەو فەریکە بەناو نوێخوازانەی ئێستاکە دێ کە دەهۆڵ لێدەری عەلمانیەکانن ئەیانەوێ جیاوازی بخەنە نێوان ناوی ئینسان و بەشەر گوایە ئینسان بە مرۆڤەکانی پێش ئادەم گوتراوە، وە بە ئادەم و نەوەکانی گوتراوە بەشەر، بۆیەش ئەو تەفسیرە نا زانستیەکان کرد تاوەکوو بیردۆزی دروستکردنی ئادەم لەگەڵ بیردۆزی چارڵس داروین بەرامبەر بکەن و دروستکردنی ئادەم بە یەکەم ئینسان و بەشەر دانەنێن، بەڵکوو ئادەم لە ئادەمەکانی پێش خۆی لە دایکبووە. ئەمەش پێچەوانەی بیردۆزی قورئان و هەموو تەفسیرە کۆن و نوێکانی ئەم ئوممەتی ئیسلامەیە، بۆیە ئاگادار بن و گومڕاتان نەکەن، وە هەردەم بۆ مەفهوومی گشتی دین بگەڕێنەوە بۆ زاناکانی پێشین و پاشین چونکە هەمووی عەللامەو پڕۆفیسۆر بوونە لە زمانی عەرەبی و دەقە شەرعی و عەقلێیەکاندا، کە ئەم فەریکە خوێندەوارە عەلمانیانە دوو کتێبی نەحوو صەڕف و باقی زانستەکانی تریان نەخوێندووەتەوە بوونەتە دەم ڕاستی ئەو خەڵکەو ئەوەی لە تاقیگەکان بە هەزار درۆو دەڵەسە دەرەنجام دەکرێ بێ ئەوەی تاقی

وە هەموو فەیلەسووفێکیش ناتوانێ فەلسەفەکەی بونیات بنێ ئیللا لەسەر وێنەی ئەو سەرچاوانە نەبێ، وە هیچ فەیلەسووفێکیش ناتوانێ بانگەشەی ئەوە بکات هەموو ئەو شتانەی کە ئەو پێی هەڵساوە ئەوە لە شتە بەدیهی و بێ تێڕامانەکانە، یاخود لە سەلمێنراوە یەکلایکەرەوەکانە کە مشتومڕ لە خۆیدا هەڵناگرێ، بەڵکوو پێویستە فەلسەفە پێکهاتبێ

---

کردنەوە لەسەر DNA ئەو حەفریاتانە بکەن کە ئەمەش مەحاڵەو هەرگیز ناتوانن چونکە شی بۆتەوەو تەنیا ئەسەرێکی ماوەو ئەیانەوێ لەگەڵ دەقە عەقڵی و نەقڵیەکانی دین یەکی بخەن تا بڵێن ئەوەتە دینی ئێمەش توێژینەوەو بیردۆزەکەی ئێوەی بەڕاست داناوە، وە ئەگەر موسڵمانێکی زانستخوازیش ڕەددیان بداتەوە ئەوە ناوی غەبی و جەهل و دواکەوتوو عەقڵ بەستوو و ناوی تریان لێ ئەنێن، بۆیە تکایە وریای درۆکانیان بن ئەمەش بەگەڕانەوەی بۆ تێگەیشتنی زانا ڕەسەن و ڕۆچووەکانی دین. وەرگێڕ

لەسەر شتە لە موسەلـلەماتەکان یاخود موصادەڕەکراوەکان، یاخود هەندێ لەو پێشەکیانەی ئەوانەی کەوا فەیلەسوف گومانی بۆ ئەبات کەوا سەلمێنراوە بڕەڕەکانە، بەڵام لە واقیعدا نیە لەخودی خۆیدا ئەوەی ئەو گومانی بۆ بردووە (واتە: لەگەڵ واقیعدا یەکناگرێتەوە).

بە هەر حاڵ، فەیلەسوف بانگەشەی ئەوە ئەکات کەوا پشتگیری پێشەکیەکانی ناکات ئیللا لە عەقڵی ڕووت و هەستەوە نەبێ، جا ئەگەر ئەمە ڕاست و دروست بایە ئەوە ئەو هەموو ناکۆکی و جیاوازیەمان نە ئەدی لە نێوان فەیلەسووفەکان لە پێشەکیە تەصەورکراوەکان و بەڕاستدانانەکانیان. هەتا وای لێ هات مەزهەبە فەلسەفیەکان لە هەموو جۆرەکانیان

دوورکەوتنەوە لە فەلسەفاتی ماددەگەراییەکی ڕووتەوە بۆ فەلسەفاتی میسالی ڕەها، وە فەلسەفاتی ماددەگەرایش ناکۆکی و جیاوازی کەوتە نێوانیان لە کلاسیکیەوە بۆ مشتومڕی ماددەگەرایی و مێژوویی، کە بریتیە لە فەلسەفەی مارکسیەت.[36]

---

[36] ١ـ المثالیة ـ ئەندێشەگەرایی ـ نموونەگەرایی ـ ئایدیالیزم: مەزهەبێکی فەلسەفیەو بڕوایان وایە حەقیقەتی گەردوون بریتیە لە فیکرو ئەندێشەو وێنەی عەقڵی، وە عەقڵیش سەرچاوەی مەعریفەتە، بۆ نموونە ئەفلاتون کەسێکی میسالیەو بە بڕوای ئەو جیهانێکی عەقڵی ڕاگیرەکەی فیکرو ئەندێشەکانە بە وێنەی ئەو نموونە مەوجوودە بەشیە ماددیەی کە لە جیهانی بەرهەستدا بوونیان هەیە (واتە: لە جیهانی ماددە چی هەبێ وێنەیەکی ئەندێشەیی و میسالی لە جیهانی عەقڵدا بوونی هەیە)، لەوەوە جیهانی عەقڵ لای ئەفلاتون ئەوە حەقە، وە هەرچی جیهانی بەرهەستە ئەوە بە سێبەری پێکچوواندیە. وە جۆرج بێرکلی کەسێکی میسالیە، وە پێی وایە

حەقیقەتی شت ئەوە پەی بردنی عەقڵە بەو شتە، وە ئەوەیشی عەقڵ پەی پێ نەبات ئەوە عەدەم و نەبووە (ئەمە ڕاست نیەو باتڵە). وە ئیمانوێل کانتیش کەسێکی میسالیە چونکە مەقوولەو جولاٌنەوە عەقڵیەکانی بە مەرج دانا بۆ گەیشتن بە مەعریفەت. وە هێگڵیش کەسێکی میسالیەو پێی وایە حەقیقەتی گەردوون ڕووحێکی ڕەهایەو وەك نەبوویەك لەم وجوودەدا ئیعتیباری بۆ نەفسی خۆی کردووە. بڕوانە: (مثالیة ـ ویكیبیدیا الموسوعة الحرة) هەندێك لە ئەهلی تەصەوف وەك مامۆستا عبد الكريم بیارە لە شێخی علاء الدینەوە ئەویش لە باوکیەوە کە شێخ عومەرە بڕوای وابووە ئەوەی لەم گەردوونە هەیە گشتی وێنەی هەیە لە جیهانی میسال، هەتا کەڕاماتێکیشی لێوە نەقڵ دەکات کەوا کەسێك نەخۆشەو سەردانی دەکات و چاوی دا دەخات سەیری جیهانی میسالی ئەو کەسە ئەکات، وە هەروەها شێخ عومەر گوتویەتی سەیری عالەمی میسالی سەردەمی منداڵی پێغەمبەرم کردووە ـ صلی الله علیه وسلم، وە چەند شتێکی تریش. بۆ تەواوی ئەو باسە بگەڕێوە بۆ تەفسیری نامی ئایەتی (واذ أخذ ربك من بني آدم من ظهورهم) الأعراف: ١٧٢. بەڵام ئەو میسالیەتیەی مامۆستا عبد الكريم كە ئەیڵێ من پێم وایە خودا وەك كەڕامەتێك تابلۆی قەدەری نیشانداوە،

چونکە ئەو تابلۆیە هەموو ئاسمانەکان و زەوی گرتووەتەوەو کرداریەو هەموو گەردوونی لەخۆیدا گردکردووەتەوە، وە ئەو ناوی میسالیەتەش لە ئەفلاتوون و وێنەی ئەو وەرگیراوەو گواستراوەتەوە ناو ئوومەت. وە سەبارەت بەوەی ئەفلاتون کە ئەیڵێ سێ تەفسیری بۆ هەیە: عەقڵی ڕەها کە بەخودایان گوتووە لەوەوە هەرچی لەو وجودە هەیە نموونەیەکە ڕەنگی داوەتەوە لەو میسالیەتەی عەقڵی ڕەها کە خودایەو گەردوون وەکوو سێبەرێك وایە لە چاو عەقڵی ڕەها. دووەمیان: عەقڵی دووەم کە تابلۆی قەدەرەو گشت وێنەیەکی ئەم بەرهەستانەی نێو ئەم وجوودەی لە نێو عالەمەکەیدا لەخۆ بەرجەستە کردووە، لەوەوە هەرچی لەوێ هەیە ڕەنگی داوەتەوە بەهۆی عەقڵی یەکەمەوە کە خودایە، سێیەمیشیان: عەقڵی مرۆڤە کە هەرچی لەم گەردوونە هەیە وێنەیەکی هەیە لە ئەندێشەو فیکری کەسەکان، بۆیە کە ڕوانیویەتی بۆ گەردوون و دەوروبەری هەستەکەی لەم سێ حاڵەتە بە دەرنەبووە: یەکەم: بە نموونەو سێبەری عەقڵی یەکەمی زانیوە کە خودایە، لەم حاڵەتەدا: مەزهەبەکەی مەزهەبێکی فەنایە لە عەقڵی یەکەم کە خودایە وە یەکبوونی وجوودە لەگەڵ عەقڵی یەکەم واتە (فناء في الله ووحدة الوجود) ئەمەش وەك زاناکانی ئیسلام باسیان لێوە کردووەو بە کوفریان داناوەو لە ڕووی

عەقڵیشەوە باتڵە. دووەمیش: بە نموونەو سێبەری عەقڵی دووەمی زانیوە (ئەمەش مەزهەبی ئەهلی سوونەو جەماعەیە کە پێیان وایە: لەوحلمەحفوز کە تابلۆی قەدەرە هەموو زانیاریەکی گەردوونی لە خۆ گرتووە، ئەوەی لە جیهانی بەرهەست ڕوو ئەدات وێنەی لەوێ تۆمارکراوە لە پێشتردا، چونکە هەم عەقڵی دووەم کە تابلۆیە دروستکراوە، وەهەمیش ئەوانەی کە لەم گەردوونەدا وجوودی هەیە، بەڵام ئەوەندە هەیە ئەوەی هەیە نە خەیاڵەو نە ئەندێشە بەڵکوو حەقیقەتێکی بەرهەستی هەیەو ئەوەی ئینکاری بکات کەوتووەتە ناو وەهم و خەیاڵ ئیللا ئەبێ چەند زللەیەکی لە ڕووی بدرێ تا هەست بە ماددیەتی خۆی بکات، وە لە خەیاڵە پلاوەکەی دەربچێ و بێتە ناو حەقیقەت. وە سێەمیش: بە عەقڵی سێیەمی زانیوە (ئەمەشیان: ڕوونە وەك لەسەرەوە کە بەخۆی ئاماژەی پێدا ئەوەی کە لەو گەردوونە هەیە ئیللا وێنەیەکی لەو عەقڵەی مرۆڤەدا هەیە چ لە ڕابووردوو چ لە ئێستا چ لە داهاتوو.

باشە چۆن لە دروستبوونی ئەم وێنەیە تێبگەین؟

ناتوانم لێرە بیخەمە بەردەست بەس لە پەیامێکی تایبەت لە زانستی کەلام بە ویستی خوا ئەی نووسم.

٢ـ المادية ـ ماددەگەرایی ـ ماترِیالیزم: ئەمەش تیۆروانینێکی فەلسەفیە کە پێی وایە تاکە شتێك لەو وجوودە قەبولْ بکرێت ئەویش ماددەیە، کە هەموو شتەکان لە بنەڕەتدا لە مادده پێك هاتوون، جا ئەو مەزهەبە پێیان وایە مادده هۆکاری دروستبوونی وەعی و عەقلْ و هۆشە بە پێچەوانەی قوتابخانەی میسالیەکان کە پێیان وایە عەقلْ هۆکاری دروستکردنی ماددەیەو مادده تەنیا سێبەرێکە لەبەردەم عەقلْ. (ئەمانە ئینکاری ڕۆح و خوداو هەموو شتە نادیاریەکانیان کرد).

٣ـ مادیة الدیالیکتیة أو الجدلیة ـ ماددەگەرایی دیالێکتی یاخود مشتومڕی ـ مارکسیەت: ئەمەش مەزهەبێکی فەلسەفیە لەسەر ئەساسی مشتومڕو ئالْوگۆڕی بەلْگەو موناقەشەکان لە نێوان دوو لایەن بنات نراوە بۆ بەرگریکردن لە ئاراستەی فیکرێکی دیاریکراو. وە مەزهەبێك بوو شیویەعیەتی ماددەگەرایی ڕووتی لێوە دروستبوو کە لە دەرەنجامی ئەو مشتومڕو بیردۆزو یاسایانەوە وایان کرد حوکمی خەلْکی بکەن لە ڕووی سیاسی و ئابووری و کۆمەلاّیەتیەوە لە دەرەنجام ملیۆنەها خەلْك بوونە قوربانی و زەروزیانێکی زۆریشیان بە ئایینی ئیسلام گەیاند. ماددەگەرایی دیالێکتی تیۆروانیێکی جیهانیە سەبارەت بە حیزبی مارکسی لینینی، کە بە ماددەگەرایی

---

دیالێکتی ناونرا لەبەرئەوەی بەرنامەکەی بۆ دیاردە سروشتیەکان، سەیری شتە دیارەکانی سروشتیان کردووەو ئیتر لەوەوە تێگەیشتوونە کەوا ئەوە دیالێکتیە لە کاتێکدا ڕاڤەکردنەکەی بۆ دیاردە سروشتیەکانە، جا نێوەڕۆکی فیکرەکەیان ئەو دیاردانەیە، نەزەریەکەشیان ماددەگەراییە. وە ماددەگەرایی مێژوویش: ئەویش هەر درێژە پێدەری سەرچاوەکانی ماددەگەرایی دیالێکتیە بۆ لێکۆڵینەوە لە ژیانی کۆمەڵایەتی، وە جێ بەجێ کردنی ماددەگەرایی دیالێکتیە لەسەر دیاردەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، وە لێکۆڵینەوە لەسەر کۆمەڵگاو مێژوو. جا ماددەگەرایی مێژوویی وە پێشیان وایە کەوا نەزەریەکی زانستی و حەقە لە نێو کۆمەڵگادا ئەمەش بەدیاریکراوی لەبەر ئەوەی بنەڕەتی مەوزوعی ماددی ئەدۆزێتەوە بۆ تێکڕای ژیانی کۆمەڵایەتی، وە دەرخستنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتی و دیراسەکردنی یاسا مێژوویە جیهانیەکان. پێویست بەوە ناکات مەدحی خۆتان بکەن بۆ مێژوو دەرکەوت کەوا شوعیەت چی پێشکەش بە مرۆڤایەتی کردو چیشیان بەسەرهات. بڕوانە: (أصول الفلسفة الماركسية اللينينية)(ل١٠). یاخود (دیالیکتیك ـ ویکیبیدیا الموسوعة الحرة). وەرگێڕ

کەوایە پێویستە هەندێ لەو پێشەکیانەی کە هەندێ لە فەیلەسوفەکان کە فەلسەفەکانیان لەسەری دائەمەزرێن ئەکرێ نەسەلمێندرابن. وە ئێمەش لێرەدا نامانەوێ زیادەڕۆیی بکەین لە شی کردنەوەی ئەمە، وە بەڵگە هێنانەوەش لەسەری، بۆیە شوێن ڕوونکردنەوەی ئەو بیرۆچکەیە ئەکەوین لەو ڕووەوە بە شێوازێکی پوخت.

کەوایە فەیلەسووفەکان لە یەك مانادا هاوبەشەن، ئەویش ئەوەیە ئەوان بانگەشەی ئەوە ئەکەن هەندێ شت لە پێشەکیەکانیان لە دین وەرنەگیراوە، وەفەلسەفەکانی خۆیشیان لەسەر تێگەیشتنە دینیەکان بونیات نەناوە.

وەئێمەش ئەزانین کەوا هەندێ لە فەیلەسووفەکان پێشەکیەکانی خۆیانیان لە هەندێ لە دینەکان وەرگرتووە، وەکوو زۆرێك لە فەیلەسوفەکانی ڕۆژئاوا، بەڵام ئەوان بانگەشەی ئەوە ئەکەن کەوا ئەو پێشەکیانەی کە وەریان گرتووە یان بەدیهی و بێ تێڕامانن یانیش سەلمێنراون، وەلەگەڵ ئەوەش کە شتەکانیان لە دین وەرگرت (بەوەندەوە نەوەستان) بەڵکوو هەستان ناوی فەلسەفەشیان نا لە بیرۆچکە هەڵهێنجراوەکانی خۆیان و تێگەیشتنەکانیان ئەوانەی کە دایانهێنابوو.

وە هەموو خەمیشیان بۆ ئەمە بوو، بێگومان ئەوەش هەوڵێکە بۆ ڕاڤەکردنی ئەم وجودە بە شێوازێك کەوا ئەتوانن بینای فەلسەفەیەکی کرداری بکەن لەسەر

تێڕووانینە تەنیا فیکریەکان و بەس، جا هەموو فەلسەفەیەك ئەوە ئارەزووی بیناکردنی کاروکردەوەیەکی نەزەڕی و کاروکردەوەی کردەییە. هەر بۆیەش فەیلەسووفە گەورەکان ئەبینی سەیری هەموو بابەتەکان و لاکانی ژیان ئەکات، هەتا ئەیان بینی ڕێکخستنێکی گشتی دائەمەزرێن بۆ جیهانی ماددی، وە بۆ جیهانی ئینسانی، وە چەندین ڕێگا پێشنیار ئەکەن بۆ دامەزراندنی ژیان لەسەریدا لە ڕووی کۆمەلاّیەتی و سیاسی و ئابوریدا، وە هەموو ئەو لق و پۆپانەش کە لێیەوە ئەبێتەوە لە کاروبارە دەقیق و وردەکان، هەتا ئەوان قسە لە چۆنیەتی ئەو پەیوەندیەی کەوا پێویستە لە نێوان پیاو و ئافرەتتدا هەبێ، وە لە نێوان باوك و کوڕدا هەبێ، وە لە نێوان حاکم و

حکومدراودا هەبێ، وە لە نێوان نەتەوە جیاوازەکاندا هەبێ... ئیتر بەو شێوەیە.

بەڵام موتەکەللیمەکان ئەوە کارەکانیان لە فەیلەسووفەکان جیا نابێتەوە لە زۆربەی ئەو شتانەی کە باسمان کردن، جگە لە یەك دەستەواژە نەبێ حەقیقەتی حاڵ تیایدا دەرئەکەوێ، ئەوەش عەللامەی سەمەرڕقەندی باسی کردووەو لێیەوە نەقڵمان کردووە. ئەفەرمووێ: "بەوە جیا ئەبێتەوە لە زانستە خوداییەکان کە بەشدارە لەو گەڕان و توێژینەوانە لەگەڵ ئەوەش لەسەر ڕێگای ئەو شەریعەتەیە".

وە ئەفەرمووێ: "زانستێکە گەڕان و توێژینەوەی تیا ئەکرێ لە بارەی زاتی خوای گەورەو سیفاتەکانی، وە

ئەحواڵی مومکیناتەکانیش هەر لە دەستپێکەوە بگرە تا دوارۆژ لەسەر یاساکانی (شەریعەتی) ئیسلام". ك ه

وە شەریفی جورجانیش لە (شرح المواقف) لە بارەی ئەو دەستەواژەی عضد الدینی ئیجیەوە ئەفەرمووێ: "زانستی کەلام (بەوە جیا ئەبێتەوە) لە (زانستە ئیلاهیەکانی (فەیلەسوفەکان)) کە ئەویش هاوبەشی تێدا کردووە لەوبوارەوە بەجۆرێ مەوزوعەکەی هەبوونیەتی ئەوە بە ڕەهایی (بەو ئیعتیبارەی کەوا ئەو توێژینەوەی کە لێرەدایە) واتە: لە زانستی کەلام (لەسەر یاسای ئیسلامە) بە پێچەوانەی توێژینەوە لە زانستی ئیلاهی (فەیلەسووفەکان) چونکە لەسەر یاسای عەقڵەکانیان (دامەزراوە) جا ئیتر کۆك بێت لەگەڵ

ئیسلام یان پێچەوانەی بێ (گرینگ نیە بەلایانەوە)".

ك ھ

کەوایە ئەمە جیاوازیە سەرەکیەکەیە لە نێوان زانستی کەلام و فەلسەفەدا. وە ئەشتوانین ڕاڤەی ئەو مەبەستەیان بکەین لەوەی کە لەسەر یاسای ئیسلامن، واتە: ھەندێ لە سەرچاوەکانیان پشتگیری لە نەقڵەوە وەرئەگرێ، بە تەنیا ئیکتیفا بە عەقڵ ناکات، وە لە دوای ئەوە دەستوورەکەشی لەسەر پێشەکیانێك و بابەتانێك بینا ئەکات بەجۆرێ کە پشتگیریەکەی لە عەقڵ و نەقڵەوە ئەبێ، ھەر بۆیەش جیاوازی ھەیە لە نێوان ئەو فەلسەفەیەی کە دەستوورەکەی تەنیا بابەتانێکە لەعەقڵەوە وەرگیراوە، وە لەگەڵ بابەتانێك کە لە نەقڵ و عەقڵەوە وەرگیراوە. وە مانای ئەوەش

نیە کەوا خودی بابەتەکە لە نەقڵ وەرگیراوەو نەسەلمێنراوە، لەبەرئەوەی لە بنەڕەتدا نەقڵ سەلمێنراوە لە بنەڕەتی سەلماویەکەیدا، وە لە زۆرێك لە بە شەکانیشی.

ئەوەی کە مەبەستیشە مرۆڤ بابەتانێك بەکاردێنێ کە لە نەقڵەوە وەری ئەگرێ لە بینا کردنی دەستوورێکی کامڵدا، وە ناشوەستێ لە بینا کردنەکەی هەتاوەکوو توانادار ئەبێ لە ناسینی بەڵگە لەسەر گست بابەتەکان تەنیا بە عەقڵ. وە نموونەی ئەوکەسەش کە ئەوە ئەکات وەکوو ئەو قوتابییەیە کە لای مامۆستاکەی خۆی ئەخوێنێ، جا ئەگەر گریمان مامۆستاکەی متمانە پێکراو بێ لە زانستەکەی، وە شایەتیشی بۆ درابوو، ئەوە بۆ قوتابی جوان نیە کەوا

بوەستی لە وەرگرتنی هەموو ئەو بابەتانەی کەوا مامۆستاکەی هەواڵی لەبارەوە پێ ئەدا، هەتاوەکوو ئەویش ئەتوانێ بیسلەمێنێ بە عەقڵی خۆی، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەمە بکات ئەوە کات و زەمانێکی زۆر ئەخایەنێ، وە کاتێکیش گەرەنتی ئەوەی کرد کەوا ئەتوانێ هەموو ئەو شتانە بسەلمێنێ کە مامۆستاکەی ئەیزانێ، چونکە لەسەرووی هەموو خاوەن زانست و زانایەك زانایەکی تر بوونی هەیە، بەڵام ئەگەر بێت و لەسەر ئەو پێشەکیە پشتگیریکراوانە بینا بکات کە لە سەرچاوە متمانە پێکراوەکان هاتووە بەشێوەیەکی گشتی، ئەوە خودی ئەو بینا کردنە ڕێکخراوەی ئەکرێ لە دوای ئەوە ببێتە ئاماژەیەك بۆی لەسەر دروستیەتی ئەو بابەتانە بەشێوەیەکی درێژتر.

## پێکهێنانی زانستەکان و دەرکەوتنیان

بە زۆری ئەوەی یەکەمجار لە زانستدا دەرئەکەوێ جێ بەجێ کردنە کرداریەکانیەتی، ئینجا دوای ئەوە ئەگەر جێ بەجێ کردنەکانی ئەو زانستە زیادی کرد ئەو کاتە پێویستی بە ناسینی یاسای گشتی ئەبێ ئەوەی کەوا ئەیبەستێتەوە لە نێوان ئەو جێ بەجێ کردنانەو بابەتە جوزئیەکان لە یاسایەکی گشتی هەموویدا.

جا یەکەمجار لە فیقهدا بابەتانێکی جیاواز دەرکەوتن، پاشان ئەو بابەتانە زۆر بوون، هەتا وای لێ هەتا هەندێ لە زۆر زیرەکەکان لە شەڕعزانەکان و زاناکان تێبینی زەڕوورەتی دۆزینەوەی یاسە

گشتیەکانیان کرد ئەوانەی کە بەهۆی بینا کردن لەسەریانەوە ئەو جوزئیاتە فیقهیانە دەرئەکەوێ، لەوەوە زانستی بنەماکانی فیقهی (أصول الفقه) دەرکەوت ئەمەش لە دوای دەرکەوتنی فیقه.

وە گومانیشی تێدا نیە بابەتەکانی بنەماکانی فیقه لە هەمان کاتدا جێگیرە، لە هەمان پلەی بابەتە فیقهیەکانە، وە بێگومان بابەتانێك پێش بابەتانێکی فیقهی لە یەك پلەدانە، چونکە جێگیربوونی ئەصڵ پێویستە پێش جێگیربوونی فەڕعەکەی بێ.

بە هەمان شێو ئەڵێین: جێ بەجێ کردنەکانی زانستی فەرموودە دەرکەوتن سەبارەت بە حوکمی فەرموودەکان و پیاوەکان، ئینجا جوزئیاتەکانی کە زۆر

بوو و بڵاو بوویەوە، زۆر پێویستی بە ئەصڵ و دیاریکردنی یاسا گشتیەکان هەبوو، وە ئەو گشتیانەش کە بەهۆی بیناکردن لەسەریانەوە ئەکرێ ئەو بابەتە جوزئیانە دەربخرێن، لەوەوە (علم المصطلح) زانستی زاراوەی فەرموودە دەرکەوت.

بە هەمان شێوە ئەوەش ئەگوترێ کەوا پەیوەندی بە نەحوو جێ بەجێ کردنەکانی نەحوو هەیە، وە زمان و بنەماکانی زمان هەیە.

بەڵکوو ئەکرێ بڵێین: ئەمە یاسایەکی گشتیە لە هەموو زانستەکاندا هەتا زانستە سروشتیەکانیش لەوانە.

به هەمان شێوە بە زانستی کەلامیش ئەگوترێ، جا ئەگەر پێویستی هەبوون بە بنەماکانی فیقهـ دەرکەوت لە دوای دەرکەوتنی فیقهو بابەتەکانی، وە پێویستی هەبوون بە یاساکانی زانستی نەحوو دەرکەوت، لە دوای بڵاو بوونەوەی جێ بەجێ کردنە نەحویەکان، ئیتر بە هەمان شێوە، ئەوە ئێمەش ئەڵێین: پێویستیەت زۆری هێنا بۆ دەرخستنی ئەو یاسا گشتیانە بۆ زانستی کەلام بەو ماناو پێناسەیەی کە باسمان لێوە کرد لە دوای دەرکەوتن و نزیکی کەماڵی کۆکردنەوەی زانستە ئیسلامیەکان و زۆرێك لە زانستەکانی تر ئەوانەی کە لەسەریا ئەوەستێ، وە دواکەوتوویی دەرکەوتنی بابەتەکانیشی لە چاو غەیری لە زانستەکان ئەوە ناچارناکات و ئەوە ناگەیەنێ کەوا پلەی کەمترە

لە هەموو ئەو زانستانە، بەڵکوو ئەمە هەمان ئەو بەڵگەیە لەسەر ئەولەویەتی ئەوانەی پێشووتر، بەڵکوو ئەولەویەتی زانستی کەلامە لەسەر غەیری خۆی لە زانستەکان. لەبەرئەوەی بنەما گشتیەکانی بابەتانێکی هەن، وە ئەم بابەتانەش بریتیە لە بنەمایانێك بۆ زانستەکانی تر. چونکە بنەماکانی هەموو زانستەکانی تر بوونیان هەیە لە زانستی کەلامدا، هەربۆیەش زاناکان ئەڵێن: بێگومان زانستی کەلام شکۆدارترینی زانستەکانە، لەبەرئەوەی ئەگەرچیش دواینی زانستەکان بوو لە دەرکەوتندا بەڵام ئەو یەکەمینتریانە لە جێگیربوون و سابیت بووندا.

وە لەمەودوا ئەوە ڕوون ئەکەینەوە دەربارەی هەندێ لایەن کە زانستەکان و فیکرە ئیسلامیەکان پشتیان بەستووە بە زانستی کەلام.

وە دوو دڵ نین کاتێ کە ئەڵێین: ئەو پەیوەندیەی کە هەوڵ ئەدەین ڕوونی بکەینەوەو ڕوکنەکانی بەیان بکەین لە نێوان زانستی کەلام و تێکڕای زانستە ئیسلامیەکاندا، ئەوە هەندێ لە موسڵمانەکان بۆیان ساغ نەبۆتەوەو تەسلیمی نەبوونە، جا ئێمەش بانگەشەی بەدیهی و بێ تێرامانیمان بۆ نەکردووە هەتاوەکوو ساغ و سەلامەت بێ لە ناڕەزایی و خیلافدا.

هەر بۆیەش هەندێ لەو وتانە دەرکەوتن کەوا ئاگاداری ئەدات لە خۆپاراستن لە زانستی کەلام. جا هەندێ لەو وتانە بۆنموونە: ڕاکە لە کەلام هەروەکوو چۆن ڕائەکەی لە شێر. هەرکەسێ داوای دین بکات بە هۆی کەلامەوە ئەوە بەڕاستی زەندیق بوو.

وە ئەو وتەیەش کەوا لە گەورەمان شافیعیەوە نەقڵ کراوا: حوکمی من لە بارەی ئەهلی کەلامەوە ئەوەیە بە دار لێیان بدرێ، وە بسوڕێندرێنەوە لە نێو هۆزەکان و خێڵەکاندا، وە ئەگوترێ: ئەمە سزای کەسێکە کەوا وازی لە سوونەت هێناوەو کەلامی وەرگرتووە.

وە جگە لەم وتانەش.

لە ڕاوانگەی ئێمەوە بۆ ئەم وتانە هۆکار هەبوونە، هەوڵئەدەین کورتی بکەینەوە لەوەی کە دێ:

یەکەم: بێگومان زانستی کەلام بەشێوەیەك دەرنەکەوت وەکوو زانستێکی دامەزراو و کامڵ، بەڵکوو هەندێ لە بابەتەکانی دەرکەوتن، وە گومانیشی تێدا نیە عادەتەن یەکەم بابەتانێك کە دەرئەکەون ئەوە بابەتانێکی خیلافیە ئەوانەی کەوا ناکۆکی زۆر ئەکەن، جا هەندێ لە نموونەی ئەو بابەتانەی کە بوونە هۆکاری ئەو حوکمانە لەسەر زانستی کەلام: بابەتی قسەکردنی خوای گەورە، وە ئایا قورئان دروستکراوە یاننا، وە بابەتی ئەوەی کە گوناهی گەورە ئەکات (کە ئایا ئیماندارە یان کافر)، وە بابەتی دەرچوون لە

دەسەلاتدارەکان کە ئایا دروستە یاننا، وە جسم دانانی (خوای گەورە) و پێکچوواندنی(بە دروستکراو).

وە بۆ یەك ساتیش گومانم نیە کەوا ئیمامی شافیعی کەسێك بووە تێبینی بۆچوونی گرووپە پێچەوانکەرەکانی کردووە وەکوو موعتەزیلەو خەواریج و غەیری ئەمانەش کاتێ ئەم وتانەی گوتووە ئەوانەی کە دراونەتە پاڵی. وە ئەگینا تەصەوری ئەوە ناکرێ بەهەر حاڵێك لە حاڵەکان کەوا مەبەستی زەمکردنی زانستی کەلام بووبێ لە ڕوویەکدا کە ئەوە گەڕان و توێژینەوەیەکە سەبارەت بە کاروبارانێك کە پەیوەندی بە بیروباوەڕی ئیسلام و بە پاکڕاگرتنی خوای گەورەو بەرگریکردن لە دین و بابەتە ساغ و موسەللەماتەکان و

یەکلاکەرەوەکان هەیە تیایدا. هەروەکوو لە پاشدا بووە زانستی کەلام.

دووەم: زۆربەی ئەوانەی کەوا زەمی عیلمی کەلام ئەکەن پشتیان بە وتانێك بەستووە کە لە فەرموودەناسەکانەوە دەرچووە، ئەوانەی کەوا سەیری زانستی کەلامیان کردووە جگە لە ئاژاوەنانەوە هیچ شتێکی تریان تیایە نەبینیوە، وە هیچ شتێکی تریشیان نەزانیوە سەبارەت بە موتەکەللیمینەکان ئیللا ئەوە نەبێ کە ئەوانیش وەکوو گرووپە پێچەوانکەرەکانن لە موعتەزیلەو خەواریج و شیعەو غەیری ئەوانیش. جا حوکمەکەیان لەسەر زانستی کەلام گشتگیر بووە لەبەر هەڵوێستیان لەسەر ئەو گروپانە، وا گومانیان بردووە کەوا بەهۆی ئەو

حوکمدانە پێگەی دین ئەپارێزن، وە پاریزگاری لە بیروباوەڕە ساغ و سەلیمەکەی دەکەن.[٣٧]

---

[٣٧] شێخولئیسلام ئیمامی نەوەوی لە شەڕحی ئەو وتەیەی پێغەمبەری خوا صلى الله عليه وسلم (هەموو بیدعەیەك گومڕایە) ئەفەرمووێ: "ئەمە گشتیەکی تایبەتکراوە، کە مەبست پێی زۆربەی بیدعەکانە، ئەهلی لوغە گوتویانە: بیدعە ئەوەیە هەموو شتێك بکرێت لەسەر غەیری وێنەی پێشوو تر، وە زاناکانیش گوتویانە: بیدعە پێنج بەشی هەیە واجب و سوونەت و حەڕامکراو و ناپەسندو ڕێپێدراو، جا یەکێ لە بیدعە واجبەکان ڕێکخستنی بەڵگەی موتەکەللیمینەکانە بۆ ڕەددی مولحیدە بیدعەچیەکان و وێنەی ئەوانیش". بڕوانە: (شرح النووی علی الصحیح المسلم)(ب٦/ل١٥٤) ط. دار إحياء التراث العربي. لە قسەکانی ئیمامی دەرکەوت کەوا پەیدابوونی ئەو زانستەو ڕێکخستنی ئیستیدلالە نەزەڕیەکانی واجبە بەتایبەتیش بۆ ئەم سەردەمەی ئێستاکەمان کە تەوژمێك لەسەر ئەم ئوممەتەیە مەگەر بەس خودا بیزانێ. وە ئیعتیبار بە قسەی ئیمامی زەهەبی و وێنەی ئەویش ناکرێ لە زەمکردنیان بۆ زانستە کەلامە مەشڕوعەی کە لەسەرەوە شێخمان دکتۆر سەعید باسی لێوە کرد.

چونکە ئەو زانستەی کە ئیمامی زەهەبی شەو و ڕۆژ لە خزمەتی بووە کە زانستی فەرموودەیە یەکێکە لە بیدعە واجبەکان، چونکە لەسەردەمی پێغمبەرو هاوەڵاندا نەخوێندراوەو کتێبی لەسەر دانەنراوەو زاراو موصتەڵەحی بۆ دانەنراوە. ئەگەر دەشڵێن پێویستی نەکردووە بنووسرێتەوە زۆر ڕاستە ئەو کاتەش زانستی کەلام پێویستی بەنوسینەوە نەبووە ئەمما بنەماکانی لە قورئان و فەرموودەدا هەبووەو بەردەوامیش ئەمێنێتەوە تا ڕۆژی دوایی، لەسەردەمی پێغەمبەر قورئان کۆنەکراوە بەڵکوو لەسەردەمی ئیمامی ئەبو بەکردا کۆکرایەوە بە فەرمانی گەورەمان عومەر حەزرەتی ئەبو بەکر پێی گوت: چۆن داوای شتێك لەمن دەکەی کە پێغەمبەر نەیکردووە، بەڵام لەکۆتاییدا واقیع ئەوەی پیێ سەلماند کەوا لە کۆکردنەوەی قورئاندا سوود هەیە وەك سوودەکەشمان بینی، وە ژیاننامەی پێغەمبەری خوا صلی اللہ علیه وسلم نە نوسراوە تا دوای دوو سەد ساڵێك ئەمەش شتێکی نویێ بوو بۆ ئەو ئەکات و بیدعەیەکی واجب بوو ئەبوایە بنوسرێتەوە وەکوو زانستەکانی تر، چونکە بەپێی سەردەمەکان شتی نویێ و بابەتی نویێ دێتە ئاراوە ئەبێ ئەو بابەتە نوێیانەش بنەمای بۆ دابنریێ لەسەر قورئان و فەرموودە. من یەك پرسیار لە ئیمامی زەهەبی و ئەو کەسانە ئەکەم کە زەمی

زانستی کەلامیان کردووە، خودا ئەفەرمووێ: (أم خلقوا من غير شيء أم هم الخالقون) ئایا گەردوون و مرۆڤ لە هیچەوە دروست بوون و بەبێ ئەوەی دروستکەرێك هەبێ یاخود ئەو شتانە بۆ خۆیان خودان و دروستکارن؟ زاناکانی کەلام چەندەها ئیستیدلالیان لەو ئایەتە وەرگرتووە لەوانە: هەموو درستکراوێك دروستکەرێکی هەیە. یاسای تەسەلسول، یاسای ترجیح بلا مرجح. یاسای دەور، یاسای ئەشێیەتی ماددەو گەردوون. یاسای ماددەو عەرەزو جەواهیرو حەرەکەو زەمان و مەکان و ماهیەتەکانیان وەرگرتووە. وە یاسای سەرەتایەتی گەردوون. وە یاسای واجبێتی وجودی خوا. وە یاسای فەنابوونی کائینات. وە یاسای گۆڕان و تەغەییوری کائینات. وە یاسای هەژارێتی کائینات. یاسای ڕەهایەتی خودا لە زات و سیفەت و بێ شوێنی و مەکانێتی خودا. چەندەها یاسای تر. بۆ نموونە لە ئایەتی (والله غني عن العالمين) خودا بێ نیازە لە هەموو خەڵك و جیهانەکان. لەوەوە یاسای بێ شوێنی و مەکانێتی خوداو دەسەڵاتی ڕەهای ئەو و ڕاگیرێتی زاتی بە زاتی خۆی دەرئەخات. وە یاسای هەژارێتی کائینات. وە هەروەها سوورەتی ئیخلاص (بڵێ خودا تاك و تەنهایە. لێرەدا یاسای تەنهایەتی خودا لە زات و سیفاتی دەرخست. بڵێ خودا صەمەدە، لێرەدا یاسای هەژارێتی گەردوون و

دروستکردنیان بۆ هاتنه وجودو دواتر بێ دەسەڵاتیان لەبەردەم خوداو موحتاجبوونیان بەو وەرگرت. لە هیچ شتێك نەبووەو هیچ شتێکیشی لێ نابێ. لەوەوە یاسای قەدیمیەتی خودا هەرهەبوویەتی لە زات و سیفاتی وەرگرت کەوا بەر لەخودا هیچ ماددەو مەخلوقێك بوونی نەبووە، وە کاتێ بوونەوەرانیشی دروستکرد لەزاتی خۆیدا دروستی نەکردوون تا وجوودی خودا لەگەڵ بوونەوەراندا یەك وجود بێ و تێکەڵەیەك بێ لەوان نەخێر. وە هیچ شتێك لەم گەردوونەدا هاوتاو هاوشانی خودا نیە چونکە بێ وێنەیە لە هەموو شتێکداو هیچ شتیك وەکوو خودا نیە. وە چەندەها یاسای تر کە موتەکەللیمینەکان عەقڵیان بە ئیشکەوتوو ئەو ئیستیدلالانەیان کۆکردەوە بۆ خزمەتی ئەم دینە پاکە بۆ بەرگری کردن لە بیروباوەڕی ئیسلام. ئەهلی بیدعە لە موجەسسیمەو موشەببیهەو کەڕڕامیەکان ئەوانەی کە جەستەیان بۆ خودا تەشبیهـ کردو خودایان حەصرِ کرد کۆمەڵێك شتیان بەناوی سیفات دا پاڵ خودا ئیتر ناحەقیان ناگرین کە زەمی کەلام بکەن چونکە گەورەترین گورز بە بیروباوەڕیان کەوتووە. وتەی کۆتایم بۆ ئەو کۆمەڵە ژمارە کەمە لە ئیمامە بەڕێزەکان ئەوەیە ئەگەر ئینکاری ئەم یاسایانەو زەمی ئەوانە ئەکەن ئەوە ئینکاری سوودێکتان کردووە، وە زەمی حەقیقەتێکتان کردووە لە کاتێکدا

سێیەم: زۆربەی ئەو کەسانەی کەوا بەرهەڵستی زانستی کەلامیان کردووە سەر بە هەندێ لە گروپەکانی موجەسسیمەو موشەببیهەن، ئەوەش شتێکی ئاساییە دژایەتی ئەو زانستە بکەن، چونکە سەیرکەری ئەو زانستەو شارەزا بە بابەتەکانی ناکرێ ڕازی بێ و قەبووڵی وتەو ئەحکامەکانی بکات ئەوانەی کەوا

---

بەخۆتان درکتان بەخۆتان نەکردووە، چونکە ئیستدیدلالەکانی لەسەر ئەو ئەساسە بناتنراوە کە تۆزێکی زۆر زۆر کەمان لێوە باس کرد، ئەوەندە ئەڵێم ئیمامی سبوکی ئەفەرمووێ زەهەبی پشکی نەبووە لەزانستی کەلام، وە محمد ئەبو زوهرەش لە وتەیەکیدا بەدەستکاریەوە هێناومانە کە ئەڵێ زەمەکەی شافیعی بۆ کەلامە پووچەکانی موعتەزیلەو قەدەری و وێنەی ئەمانە نەك ئەشاعیرەو ماتۆریدیەکان بگرێتەوە چونکە ئەمانە پێشەواکانی ئەهلی سووننەو جەماعەتن. بڕوانە: (محمد أبو زهره الشافعی)(ل١٢٤). تێبینی: ئیمامی زەهەبی ئیمامێکی گەورەی ئەهلی سوننەو جەماعەیە. وەرگێڕ

بەکاریان هێناوە لە حەقی سەبارەت بەخوای گەورە، جا هەڵوێستی ئەمانە جگە لەبەرگریکردن لە مەزهەبەکەیان زیاتر هی چی تر نیە، ئەمەش هەوڵێك بووە لەوانەوە بۆ داخستنی ئەو دەرگایەی کە ڕەددەکانی لێەوە دەرئەچێ بۆ سەریان، هەروەکوو ئەوەی لە شێخ هەڕەویەوە هاتووە خاوەنی زەمی کەلام و غەیری ئەویش.

چوارەم: گومانی تێدا نیە کەڵە دیارەکانی فیرقە ئیسلامیەکان وەکوو ئەشعەریەکان و موعتەزیلەکان و غەیری ئەوانیش لە فیرقەکانی تر وەکوو شیعەو ئیباضی و زەیدیەکان، دژایەتی زانستی کەلامیان نەکردووە وەکوو زانستێك، بەڵکوو دژایەتیەکانیان لە نێوان یەکتری لەسەر ئەو وتەو ئەحکامانە بووە کە هەر

یەکەیان بە گوێرەی تێڕوانین و مەزهەبەکەی خۆی تەبەننای (ئەو وتەو ئەحکامانەیان) کردووەو قەبووڵیان کردووە، هەر بۆیەش دروست نیە بێ ئاگابین لەو ناوە گەورە درەوشاوانە لە مێژووی فیکری ئیسلامیمان لە هەموو چەشنە زانست و مەعاریفە دینیەکان ئەوە لە موتەکەللیمینەکان بووە، وەکوو قازی باقللانی و جوەینی و غەزالی و ئیمامی ڕازی و ئورمەوی و ئیمامی ئامیدی و سەعدی تەفتازانی عضد الدینی ئیجی و کاتیبی و گەلەنبەوی، وە هەروەها وەکوو قازی عبد الجبارو ئەبو حوسەینی بەصری و غەیری ئەوانیش زۆرن کە لێرەدا بوار نیە ناوی هەموان بهێنین.

پێنجەم: بێگومان بزوتنەوەی مێژوویی بۆ زانستی کەلام بە بەردەوامی هەر لە بەرزبوونەوەدا بووە، هەتا وای لێ هات دوای ماوەیەکی کورت بووە شتێکی ساغکراوەو موسەللەماتەکان لە نێوان زاناکاندا، مەبەستم زۆرینەی زاناکانە، بێگومان زانستی کەلام لە شکۆدارترین و بەرزترین پێگەو شوێن دائەنرێت لە نێو زانستە ئیسلامیەکاندا، وە بەردەوامیش ئەم سەیرکردنە هەر هەبووەو موعتەبەر بووە لە نێوان زاناکاندا هەتا سەرەتاکانی سەدەی ڕابوردوو، تا وای لێ هات سەیرکردنەکان لائەکەوت سەبارەت بەو زانستە ئەمەش لە دەرەنجامی کۆمەڵێك لە کاریگەرەکان، گرینگترینیان لە تێڕوانینی مندا کاریگەر بوونی زۆرێك لە بیرمەندەکان بە فیکری

ڕۆژئاواو ڕامالّینیان بۆ لایان، وه ونکردنی متمانه‌یان به زانسته ئیسلامیه‌کان، هه‌ر بۆیه‌ش وامان لیّ هات و به چاوی خۆمان زۆرێك له نوسه‌ره‌کان ئه‌بینین ئه‌حکام و بابه‌ته‌کان له فه‌لسه‌فه‌کانی ڕۆژئاواوه ئه‌خوازن و ئیستیعاره‌ی ئه‌که‌ن، وه هه‌ولّی ئه‌وه ئه‌ده‌ن بینای فیکری ئیسلامی له‌سه‌ر دابمه‌زرێنن.

## پەیوەندی زانستی کەلام بە غەیری خۆی لە زانستەکان

لەوەودوا هەندێ نموونە باس ئەکەین و هەوڵ ئەدەین بەهۆیانەوە چۆنیەتی پشت بەستنی هەندێ لە زانستەکان و مەعاریفە ئیسلامیەکان لەسەر زانستی کەلام ڕوون بکەینەوە.

یەکەم: بنەماکانی فیقە (أصول الفقه)

بێگومان زۆرێك لە زاناکان دەقیان هەیەو گوتویانە کەوا زانستی کەلام لە سەرچاوەکانی بنەماکانی فیقهە، وە زۆرێك لەو قەواعیدانەی کەوا بنەماکانی فیقهو ئەحکام و بابەتەکانی کە لەسەری بینا ئەکرێ ئەصڵەن پشتگیری و یارمەتی دراوە لە لایەن زانستی کەلامەوە.

وە هەندێ لەو لایەنانەش باس ئەکەین کە بەهۆیەوە کاریگەری زانستی کەلامی بەڕوونی پێوە دیارەو لەسەریدا دەرئەکەوێ.

١ـ بێگومان جێگیرکردنی ئەحکامێکی فەڕعی لقێکی سەلماندنی بەدیهێنەرە، وە سەلماندنی خوای گەورە لە گرینگترین بابەتەکانە لە زانستی کەلامدا.

٢ـ ئەحکامە فەڕعیەکان ناکرێ بڕوامان بە ڕاست و دروستیەتی هەبێ هەتاوەکوو ئیمکانیەتی ناردنی پەیامبەر نەسەلمێنین، بەڵکوو هاتنی پەیامیش، چونکە لەگەڵ نەبوونی ئیمان بە پەیام چۆن ئیمان بە ئەحکامە فیقهیەکان بهێنین.

٣ـ لەوێدا هەندێ بنەمای کەلامی هەیە کەوا زۆرێك لە قەواعیدە ئوصولیەکان لەسەری دا ئەمەزرێن، هەندێ لەو نموونانە کە مەزهەبە ئوصولیەکان لقیان لەسەری لێ بووەتەوە:

أـ قاعیدەی بە چاکزانین و خراپزانین لە ڕوانگەی عەقڵەوە: پوختەی ئەو قاعیدەیە ئەوەیە کەوا ئایا ئەحکامەکان لە نەفسی خۆیاندا جێگیرو سابیتن؟، لەوەوە عەقڵ و شەرع دوو دەرخەرو بیناکراون تەنیا بۆ ئەحکام، یاخود جێگیرکردنی ئەحکامەکان بێگومان بە جێگیرکردنی خوای گەورەیە بۆی، ئیتر بەهۆی بیناکردن لەسەر ئەمەوە ئەو کاتە دادوەر تەنها خوای گەورە ئەبێ، وە شەرعیش مۆرێکە بۆ یاسای خوای گەورە، بەڵام عەقڵ هیچ دەورێکی بۆ نیە لە جێگیرکردندا

ئەصڵەن، بەڵکوو تەنها دەرخەرە بۆ ئەو ئەحکامانە ئەمەش بە پشتبەستن لەسەر ساغکراو موسللەماتە شەرعیەکان کە لێکدەرەوەیەکە بۆ کەلامی خوای گەورە، بۆیە جێگیرکردن نیە بۆ ئەحکامێك پێش فەرکردنی ئیرادەی بکەری سەرپشك (کە خودایە)، جا مەزهەبی یەکەم موعتەزیلەکان گوتیان، وە ئەوەی دووەمیش ئەهلی سوننە گوتیان، وە زۆرێك لە توێژینەوەکانی ئیجتیهادیش پشت بەو توێژینەوە گرینگە ئەبەستێ.

ب ـ یەکلایی کردنەوەی زانست و زانیاری لە ڕێگەی عادەتەوە، وە باوەڕپێکراو لە بنەڕەتدا لەسەر جۆرێکە لە جێگیرێتی، ئەو وتەیەی کەوا پێیەوە بەناوبانگ بووە لای ئەشعەریەکان، ئەگەرچی غەیری ئەوانیش

گوتوبێتیان لە موعتەزیلەکان، بەڵام گرینگیەکی ئەو تۆو تەواوی پێنەدراوەو بە گەورە دانەنراوە ئیللا ئەشعەریەکان نەبێ. وە هەندێ لە زانای سەردەم هەڵساون بە توێژینەوەیەکی ورد کە بیناکراوە لەسەر ئەو تێگەیشتنە، هەروەکوو عەللامەی محمد باقرِ صەدر پێی هەڵسا لە کتێبەکەی (الأسس المنطقية للإستقراء)، نەزەریەی تایبەت بە مەعریفەی هەڵهێنجاوە، وە بێگومان ئوصولیەکانیش لەسەر ئەو قاعیدەیە بەڵگەی گەورەیان بنیات ناوە، وەکوو وەرگرتنی هەواڵی تەواوتر (یەك بەدوای یەك) بۆ زانست، وە هەبوویی یەکدەنگی بەڵگەیە، وە ئیمکان و ئەشێیی وەرگرتنی هەواڵی تاکیش بۆ زانست.

ت ـ عادەت حاکم نیە، بەڵکوو بارێکە بۆ پەیوەستی حوکم، سا ئەگەر بێت و عادەت حاکم بوایە ئەوە دامەزراندی حوکم لەودا ئەبوو، ئەمەش دژایەتی هەیە لەگەڵ ئەوەی کە گوتمان کەوا بێگومان حاکم خودای گەورەیە، وە عادەتیش بە دەستەواژەیەکی تر بریتیە لە یەکێ لە ڕاستیێتیە ئیحتیمالکراوەکان بەڵام بەربڵاوە بۆ تێگەیشتن لە حوکمی شەڕعی، جا پەیوەستی حوکمی شەڕعی بەو شتەی کەوا خەڵکی لەسەری لێی ڕاهاتوون داخوازی قەیدو کۆتکردنی پێیەوە ناکات، وە کورتیشی بکاتەوە لەسەری.

ث ـ وە لەبەر بەهێزی دەرچەیەتی زانستی کەلام لە بنەماکانی فیقهدا وای لێ هاتووە دوو ئاڕاستەو لایەنی سەرەکی پەیدا ببێ بۆ دانانی زانستی ئوصوڵ (واتە:

زانستی عەقیدە)، لایەنی یەکەم بە ڕێگەی موتەکەللیمینەکان ئەگوترێ، کە لایەنێکە سەردار بووە لە زۆرترینی سەردەمە ئیسلامیەکاندا کە چالاکدەرو بەرهەم هێنەری ئەو زانستە گەورەو ڕێزدار بووە، وە لایەنی دووەمیش هەندێ ناویاننناوە بە ڕێگەی شەرعزانەکان (فوقەهاکان)، ئەگەرچی لای منیش تێبینیم لەسەر بنەڕەتی ئەو ناو لێنانەو ئەوەو حەقیقەتی جیاوازی لە نێوان هەردوو ڕێگاکە هەیە.

دووەم: ژیربێژی (مەنتق)، وە نەزەریەی مەعریفەت

بێگومان موتەکەللیمینەکان نێوان مەنتق و باقی زانستەکانی تریان بە یەکتریەوە بەستاوەتەوە، وە بۆچوونیش لای ئەوان لەسەر ئەوە جێگیربووە کەوا لە

زانستە سوپاسکراوەکانە، وە سوودمەندەکانە، هەر بۆیەش ئیمامی غەزالی لە پێشەکی کتێبە ئوصولیەکەی خۆی دایناوە کە ناونراوە بە (المستصفى). پاشان لەسەر ئەو شێوازە زۆرێك لە ئوصولیەکان ڕۆیشتن، وە زۆرێکیش هەن لەوانەی کەوا مەنتقیان دانەناوە وەك پێشەکیەك بۆ ئوصولْ بەڵکوو بۆ گشت زانستەکانی تریشی دانەناوە، کەچی ئینکاریشی نەکردووە، بەڵام ئیکتیفای کردووە بە کتێبە دانراوەکان لە زانستی مەنتقدا، جا دانەنانی پێشەکیەك لە مەنتقدا بۆ زانستی ئوصولْ ناچاری ئینکاری کردنیان ناکات ئەمەش لەبەر سوودەکەی.

وە ئێمەش ناتوانین ئینکاری ئەو پەیوەندیە بەدەستهاتووەی نێوان زانستی مەنتق و زانستی کەلام

بکەین، هەتا ئیمامی تەفتازانی وا ئیعتیباری بۆ مەنتق کردووە کەوا بەشێکە لە کەلام، وە ئەگەرچیش شەریفی جورجانی پێچەوانەی کردووەو پێی وایە پێشەکیەکە بۆی نەك بەشێك بێت.

وە ئیهمالی ئەوەش ناکەین لە باسکردنی پێشینە موتەکەللیمینەکان کەوا زۆر لە ئەحکامەکانی مەنتق و قەواعیدەکانی مەعریفەتی مرۆڤایەتیان لە بابێکی تایبەت ئەهێناو ناویان ئەنا بە بابی تیڕامان یاخود مەعاریف. ئەوان لەو بابەیە هۆکارەکانی مەعریفەیان ئەهێنا وەکوو هەست و عەقڵ و هەواڵ. وە قسەیان ئەکرد لە پەیوەندی نێوان زانستەکان و چۆنیەتی بەدەستهێنانیان و گەشەپێدانیان.

وه لێرەدا هەندێ لەو لایەنانە ئەهێنین کە کاریگەری کەلام ڕوون ئەکاتەوە لەسەر ئەو توێژینەوانە.

١ـ موتەکەللیمینەکان نەزەڕیەی عەقڵیان داناوە لەسەر ئەساسی وجود، عەقڵیان بە پێچەوانەکەرەوەی حەقیقەتی وجود داناوە، وا ئیعتیبباریان بۆ کردووە کەوا لێکدەرەوەی ئەحکامی وجودە، هەر بۆیەش گوتویانە ئەحکامەکانی عەقڵ یان بەدیهی و بێ تێڕامانیە یانیش نەزەڕیە، وە هەر یەکێك لەوان ئەکرێ ڕاستگۆ بێ لە بەرامبەری و یەکسان کردنەکەی لە هەمان کاردا، وە ئەشکرێ درۆزن بێ بە موخالەفە کردنەی بۆی (واتە: پێچەوانە کردنەکەی). جا سەرچاوەو مەڕجەعیان دانا لە ڕاستگۆیی و درۆزنێتیدا

لە هەمان کاردا وە لەوەیش کە لە دەرەوەیە، بۆیە پێوانەکردن لای ئەوان لە حوکمی عەقڵیدا ئەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی کارەکە نەك بۆ ئیرادەی مرۆڤێتی، هەروەکوو زۆرێك لە فەیلەسووفە ڕۆژئاواییەکان گوتوویانە، وە لەسەر ئەمە چەندەها فەلسەفاتیان بینا کردووە، بەڵکوو بۆ ئەو شتەی کەوا پێشکەوتووە لەسەر ئیرادەی مرۆڤێتی، وە ئەصڵیشە بۆی.

٢ـ بێگومان موتەکەللیمینەکان دیراسەی هەندێ بابەتی وردیان کرد لە ڕێی بیرکردنەوەوە، وە بە کارامەییەکی وا گەیشتنە دۆزینەوەی ئەو شتەی کە ناویاننا وە بە تێگەیشتنە ئیعتیباریەکان، کە دەستەواژەیەکە سەبارەت بە تێگەیشتنانێك عەقڵ دای ئەهێنێ بە داهێنانێکی وا تاوەکوو ئامادەبێ بۆ

گەڕان و ڕۆیشتنی لە ئەنجامی بیرکردنەوەدا، کە پێکچووە بە هۆکارە یارمەتیدەرەکان لە کیمیادا، یاخود بە گریمانە ڕەمزیەکان ئەوانەی کە دایان ئەهێنین لەو کاتەی کە بابەتێکی بیرکاری حەل دەکەین، وە هیچ کاریگەریەکی نیە ئیللا ئاسانکردنی کاری عەقڵ نەبێ، وە گەیشتنیشی بە دەرەنجامێکی بەهێز.

٣ـ بێگومان موتەکەللیمینەکان بەسترانەوەکیان کردووە لە نێوان پێشەکیەکان و دەرەنجامەکان لەسەر بنەمایەکی وەرگیراو لە زانستی کەلامدا، بە گوێرەی مەزهەبەکانیان، جا هەندێکیان گوتیان: بەسترانەوەی نێوان پێشەکی و دەرەنجام ئاساییە، وە هەندێکیشیان گوتیان: بەسترانەوە عەقڵیە، وە هەندێکیشیان گوتیان: ئەوە ئەگەڕێتەوە بۆ هۆکارێتیەکە، واتە: ئەو واجبەو

لێی جیا نابێتەوە. وە گومانیشی تێدا نیە ئەم بۆچوونانەش بیناکردنەکەی بنەماکانی کەلامێتیە، وە سەرچاوەکەشی بۆ ئەو وتە ئەگەڕێتەوە سەبارەت بە حەقیقەتی پەیوەندیەکانی بوونەوەران لەو جیهانەدا کە ئایا پەیوەندیەکی زەڕوریەو وەستاوەتە سەر هۆکارێتی و بەهۆکراوێتی (العلية والمعلولية)، یاخود ئەگەڕێتەوە بۆ ئیرادەی بکەری سەر پشك، جا ئەوەی کە گوتی بەگەڕانەوەی بۆ بکەری سەرپشك، ئەوەش ئەڵێ: بێگومان حوکم ڕێکخستنی بینراو بەهەمان شێوە شوێن ئیرادەی خوای گەورە کەوتووە، وە ناشڵێن ئیرادەی خوای گەورە شوێن حیکمەت کەوتووە، وە لەمەودوا ئاماژە بەو بابەتە دەکەین ان شاء الله.

٤ـ موتەکەللیمینەکان هەندێ شتیان زیاد کرد لە ئەحکامەکان و بابەتەکانیان لەمەڕ ئەو توێژینەوانەی کە پەیوەندی بە مەنتقەوە هەیە، مەبەستم بەوە مەوادی بابەتەکان، وە مەقولاتەکان، بۆ نموونە ئیزافەی مەوادی بابەتە یەقینیە هەواڵە موتەواتیرەکانیان کرد، ئەمەش لە دوای سەلماندنی ئەوەی کە لێمان ڕابوورد و ئاماژەمان پێیدا کەوا تەواتور یەکلایی کردنەوەی لێوە بەدەست دێ. ئەمەش بە دەستکەوتێکی مەزن هەژمار ئەکرێ لە کاتێکدا ئەوەی لێ وەرنەگیرا کە شایەنیەتی لە تێڕاوانینی ژیربێژەکان و نووسەرە هاوچەرخەکان، بە هەمان شێوە ئەبینین موتەکەللیمینەکان تێڕوانینانێکی نوێ و وردیان هەیە لەمەڕ توێژینەوەی مەقولاتەکان، بەجۆرێ سەیری لابەلا ڕێژەیی و چۆنیەتیەکانی نەفسی

و دەرەوەییان کرد، وە بیریان کردەوە لە حەقیقەتی ڕەنگەکان و کەونەکان، جا لێکۆڵەرانی ئەوان ئەوەیان سەلماند کەوا ڕەنگەکان بۆ نموونە بریتیە لە دەرەنجامی هەڵچوونی هەست بەوەی کە لەدەرەوەدایە، لە کاتێکدا ڕەنگ مەوجوود نیە لە دەرەوەدا هەروەکوو ئەوەی ئەیبینین و شعوری پێ ئەکەین لە هەستماندا. جا ئەم بۆچوونە زۆرێك لە زاناکانی ئەم سەردەمە پشتگیری ئەکەن.[38] (واتە: کە ڕووناکی هەبێ ڕەنگ بوونی هەیەو ئەگاتە چاو، کە نەما ڕەنگیش نامێنێ).

[38] کاتێ تیشکی خۆر بەر تەنەکان ئەکەوێ دونیا ڕووناك دەبێتەوەو ڕەنگی تەنەکان ئەگاتە هەستی چاو و مێشك، چونکە لە پێشدا تەنەکان ڕەشبوونە، جا پرسیارەکە لێرەوە دەست پێ ئەکات ئایا بەر لەوەی تیشکی بەر بکەوێ تەنەکە ڕەنگە ڕاستەقینەکەی خۆی

نەبووەو ڕەش و تاريك بووە؟ باشە چۆن ئەو هەموو ڕەشێیتیە هەر یەکەو ڕەنگێکی بۆ خۆی هەڵبژارد، بۆ نموونە کراسەکەی بەرم ڕەنگی سپیە کاتێ کە تیشکی خۆر نەما ئایا ڕەنگی ماددەی سپیەتی کراسەکەم لەخودی خۆیدا ماددەی سپیەتیەکەی ڕەش ئەبێتەوە یانیش لەبەر شیددەتی ڕووناکیەکە سپێتیەتی کراسەکەم نامێنێ؟ جا ئەگەر نەفی کردنی ڕەنگەکان بێ لە تەنەکان و ئەوانەی کە لە دەوروبەرماندان و بێ ڕەنگ کردنیان ئەوە وتەکەیان جێگای تێڕامانە، چونکە لێرەدا ئەپرسین ئایا تەنەکانی دەوروبەرمان هەر لە حەقیقەتدا بێ ڕەنگن؟ وە لەو کاتەدا چۆن هەستی چاو بۆ هەر یەکێ ڕەنگێك دادەنێ بەو وردەکاریە، واتە ئەگەر بێ ڕەنگ بێ لەزاتی خۆیاندا چۆن بزانم تۆ ئەو ڕەنگەی ئەگەر لە بنەڕەتدا ئەو ڕەنگەت نەبووبیت؟ بەڵام ئەگەر مەبەستیشیان ئەوەبێ کەوا خودی ڕەنگەکە وجودی هەیە لە خاریج و لەسەر تەنەکە بەڵام بۆ بینینی ڕەنگەکەو تێکەڵ نەبوونیان بە یەکتر ئەوە هەستی چاو بە وردەکاریەکی زۆر دەقیق دروستی ئەکات بە واسیتەی ڕووناکی کاتێ بەریان دەکەوێ، لەبەرئەوەی ڕەنگ عەڕەزو لابەلایە هەروەك تێکڕای موتەکەللیمینەکان ئەفەرموون، وەستانەکەی بەغەیری خۆیەتی، واتە: وجودی ڕەنگ دەرناکەوێ مەگەر لە ڕێی ڕووناکیەوە نەبێ.

٥ـ لێرەدا بابەتێکی زۆر گرینگ هەیە کە شوێن نەزەڕیەی مەعریفەت کەوتووە، ئەویش ئەوەیە ئایا مەعریفەتی ئینسانیەت مەرجدار ئەکرێ بۆ پەی بردن ئەبێ وێنەیەکی ئاوێنەداربێ بۆ واقیعی دەرەوە، یاخود مەرجدار ئەکرێ بەوەی ئەبێ پەی پێ بردراو بێ، جا ئەوەی کە لەبەرامبەریدا هاتووە لە پەی بردن ئایا بە مانای ئەوە دێ کەوا ئەبێ ئاوێنەیەك بێ بۆ دەرەوە، یاخود پەی بردنەکەی بەسە لەسەر ئەوەی کە لە دەرەوەدایە وەکوو ئەحکامێك ئەگەرچیش وێنەیەك پێکنەهێنی لە چیەتیەکەی بۆی، ئیتر لەوەوە نەزەریەکانی ژیربێژەکان کە لە بنەڕەتدا لە زانستی

---

وەپێم وایە وتەکەشیان تەواوە. وە بۆیەش ئەو تێبینیەم نوسی تاوەکوو زیاتر بیربکەینەوە. خوداش زاناترە. وەرگێڕ

کەلامەوە وەرگیراون ڕاجیاییان تێکەوت لە نێوان ئەو بێژەرەی کە ئەڵێ: بە جیهانی زیهنیەوەیە، وە ڕەتی ئەویشە، وە بێژەری بە جیهانی زیهنیش ئەڵێ: بێگومان ماهیەت و چیەتی مەوجوودە لە خودی خۆیدا لە دەرەوە کە بریتیە لەو چیەتیە مەوجوودەی کە لە زیهن و عەقڵدایە. بەڵام ئەوانی تر ڕەتی ئەوە ئەکەنەوەو گوتیان: مادەم وێنەی زانستی لە زیهنی ئێمەدا پەی ئەبات بە ئەحکامەکانی لەوەی کە لە دەرەوەدایە، بۆیە ئەمەش مەرجێکی کافیە بۆ ناولێنانی بە زانست. ئیتر بەهۆی بیناکردن لەسەر ئەو بابەتە وردەوە بە تەواوەتی لەوە تێئەگەین کەوا چۆن گەڕان و توێژینەوەو تێڕامان بکرێ لەو ئەحکامانەی کە پەیوەندیان بە زاتی خودایەتی و سیفاتەوە هەیە،

بێ ئەوەی بوەستێ لەسەر وجودی تەصەوڕکردنێکی کامڵ بۆی، بەڵکوو ئەوەیان ئەوەستێتە سەر زانستی ئێمە سەبارەت بە ئەحکامێکی پەی پێ بردراو، ئیتر لەوەوە ئەو زانستەی خۆمان کە بە عەقڵ هەڵیئەهێنجێنین لەو بابەدا تاوەکوو ببێتە ئەحکامێکی یەکلایی کەرەوە نەك تەصەوڕاتێك بێ بۆ چیەتانێك یاخود حەقیقەتانێك. وە ناچاریشمان ناکات لە پێکچواندن و مەحاڵێتی تێڕامانمان لەو توێژینەوانەدا هەروەکوو ئەوەی ئیمانوێڵ کانت بۆی چووە لەگەڵ فیڕقەی سەمەنیە[٣٩]، وە هەروەکوو ئەوەی

[٣٩] سەمەنیە یاخود شومەنیە: لەفزێکە وەرگیراوە لە زمانی بالیەتی سەمەنە، کە لە سەنسکرێتیەوە وەرگیراوە، وە لەفزیشی پێ ئەکرێ بە شەرمەنە بەواتای گەریدەر یاخود زاهیدو صۆفی. وشەیەکە وەرگیراوە لە (ش ر م) بەمانای تێکۆشا لە پەرستش. کە

بزوتنەوانێکی تەصەوفی بووە لە هەزارەی یەکەمی پێش زاینی لە هیندستان دەرکەوتن، وە کۆمەڵێك سەرچاوەو مەبدەئیان هەبووە کە پێکهاتبوو لە سەرچاوەکانی بوزیەت و جاینیەو هەندێ فیرقەی تری صۆفیدارە هیندۆسیەکان، کە بینا کرابوون لەسەر بیروباوەڕی هاوبەشی تەناسوخی ئەرحەواکان وە کارما، بەڵام ڕێگایەکی ئازادیان هەبوو لە پەرستش، مولزەم نەبوونە بەهیچ دروشم و طقوس و دەقێك.

وە ئەبو ڕەیحانی بیرۆنی باسی ئەوەی کردووە لە کتێبەکەی خۆی (تحقیق ما للهند من مقوله)(ل١٩) کەوا سەمەنیە بە لەفزی شومەنیەیە، وە ئەوانە هاوەڵانی بودان واتە بوزیەکان، وە کاتی خۆی خۆراسان و فارس و عێراق و موصڵ تا سنووری شام لەسەر دینی ئەمانە بوون هەتا زرادەشت دەرکەوت واتە: زەردەشت، کە بانگەشەی مەجوسیەتی ئەکرد واتە: ئاگر پەرستی، جا کاتێ مەجوسیەت لەسەر دەستی پاشاکان بڵاو بوویەوە لە دوای خۆی لە فارس و عێراق ئەوەبوو سەمەنیەکان لە ڕۆژهەڵاتی بەڵخ دەرکەوتن، وە مەجوسیش لە خاکی هیند مایەوە هەتا موسڵمانەکان غەزای ئاسای ناوەندیان کرد لە سەدەی یەکەمی کۆچی / هەشتی زاینی لەسەر دەستی قوتەیبەی کوڕی موسلیمی باهیلی، کە ئەو سەردەمە

بوو جەهمی کوڕی صەفوان تێیدا ئەژیا، جا صەفوان بە یەکێ لەو سەمەنیانە گەیشت و موناقەشەی لەگەڵ کردن. وە ئەحمەدی کوڕی حەنبەلیش لە کتێبەکەی خۆی (الرد على الزنادقة والجهمية) ئەڵێ: جەهمی کوڕی صەفوان بە کۆمەڵێ لە موشریکەکان گەیشت کە پێیان ئەگوترا سەمەنیە، ئەوەبوو جەهمیان ناسی و موناقەشەیان کردو پێیان گوت: قسەت لەگەڵ دەکەین ئەگەر سەلماندمان ئەوە دێیتە ناو دینی ئێمە، وە ئەگەر تۆش سەلماندت ئەوە ئێمە دێینە ناو دینی تۆ، جا پێیان گوت: ئایا بڕوات بەوە کەوا خودایەکت هەیە؟ جەهمیش گوتی: بەڵێ، گوتیان: ئایا بینوتە؟ ئەویش گوتی: نەخێر، گوتیان: گوێت لە وتەی بووە؟ گوتی: نەخێر، گوتیان: بۆنت کردووە؟ گوتی: نەخێر، گوتیان: هەستت پێ کردووە، گوتی: نەخێر، گوتیان: دەستت لێداوە؟ گوتی: نەخێر، گوتیان: چۆن دەزانی ئەوە خودایە؟ ئەوەبوو جەهم سەرسام بوو ئیتر خوا ئەزانێ چل ڕۆژان چی پەرستووە، پاشان گەیشتە ئەو دەرەنجامە کەوا خوای گەورە زاتی نابینرێ، وە دەنگی نابیسترێ، وە بۆن ناکرێ، وە نادیارە لە چاوەکان، وە لە شوێنیش و مەکانیش نیە. جا خۆشەویستان سادەترین پرسیار نەیتوانیەوە وەڵامی بداتەوە، جا کە هەندێ لە ئەهلی سەلەف زەمی کەلامیان کردبێ زەمی هەندێ لەو شتە

کوفریاتانەیان کردووە کە تێکەڵ بە عەقائید کرابوو ئەو پرسیارانەش دەرحەق بەخودا مەحاڵە. جا فیرقەی کەڕڕامی موشەببیهەو موجەسسیمە کە پێیان وابوو خودا جەستەیەکەو لەسەر عەرش دانیشتووەو قسەکردنەکەی بە پیت و دەنگەو دەست و قاچی هەیە بەڵام هۆش پێی ناگات کە چۆنە بەڵام لە کاتێدا دەڵێن دەستی لێ ئەدرێ و، وە لە عەبدیش نزیك دەبێتەوە واتە بە حەقیقی. وە دێتە ناو ئاسمانی دونیا. هەتا یەکێ لەوانە گوتی: تەنیا ئەوە هەیە نەسەلمێنراوە کە خودا سەرکی هەبێ. استغفرالله. عەللامەی ئیبن ولجەوزی حەنبەلی رەددی ئەوانەی داوەتەوە لە کتێبەکەی خۆیدا (دفع الشبهة التشبیه) کە لەو کتێبەدا وتەیەکی لە ئەبو عبد الله تەمیمیەوە نەقڵ کردووە کەوا بە هەندێ لە زانا پاشینە حەنبەلیەکانی گوت: "بەڕاستی ئەو مەزهەبە عەیبدارو ئابڕووی بردراوە بە عەیبداریەکی وەها کە تا ڕۆژی قیامەت ناشۆردرێتەوە". مەبەستی ناشیرین بوونی مەزهەبی حەنبەلیە. ڕاستی فەرمووە. جا هەتا گەیشتە سەردەمی شێخ ئیبن و تەمیە بەڕەحمەت بێ ئەو هەڵسا ئیجتیهادێکی نوێی هێنا گۆڕێ هەر لەسەر مەزهەبی کەڕڕامی موشەبیهەو موجەسسیمەکان کە پێی وایە: هەموو ئەو ئایەتانەی کە لە بارەی دابەزین و دەست و قاچ و ڕوخسارو لەسەر عەرش و

نەقلێتی و جسمیەت و ئەوەکانی تر کە بەزاهیری لە قورئان و فەرمووودەدا هاتووە هەمووی بە سیفاتی خودا دانا بەڵام گشتی لەخۆی بوەشێتەوە واتە: دەست و قاچی هەیە لەخۆی بوەشێتەوە، وە خودا لە عەرشەو شەوانیش دادەبەزێتە ئاسمانی دونیا، قسەی خودا دەنگ و پیتە گشت ئەمانەش لەخۆی بوەشێتەوە واتە: دەستی من لەخۆم دەوشێـەوە دەستی فیلێك لەخۆی دەوشێتەوە ئەوانەش حەقیقین بۆ خوداو لەخۆی دەوشێنەوە. وە مەجازو تەئویلیش نیە ئەوانەی کە تەئویلیشیان کردووە پێیان گوتووە موعەطیلةو جەهمیە واتە: ئەوانەیان بە ئیمەی ئەشاعیرەو ماتۆریدیەکان گووتووە، کە ئەمەش بوختانێکەو هیچ ئەساسێکی زانستی لەسەر نیە، وە ئەو ئیجتیهادەی ئەویش کردوویەتی لەخۆی بووەشێتەوە یەك بەڵگەی سەلەفی صالحی لەسەر نیە بەڵکوو ئیجتیهادێکی خۆیەتی بۆ سەرخستنی مەزهەبەکەی، وە مەزهەبەکەیان نزیکیەکی هەیە لەگەڵ سەمەنیەکان چونکە وەك لە پرسیارەکاندا ڕوونە کەوا لای ئەوان خودا جەستەیەو بەرهەستە بە پێنج هەستەکان، بەس ئەوەی شێخ ئیبن و تەیمیە هەمان شتە بەس دەڵێ لەخۆی بووەشێتەوە تاوەکوو کەس پێی نەڵێ وەرە تۆ خوات پێکچوواندووە بە مەخلووق. لە هەمووش عەجیبتر ئەڵێ ئەمە عەقیدەی پێغەمبەرو هاوەڵان و

زۆرێکیش لە بیریارە هاوچەرخەکان بۆی چوونە ئەوانەی کەوا کاریگەرن بە فەلسەفەکانی ڕۆژئاوا.

---

سەلەفە (سبحانك هذا بهاتن عظيم)، جا بەدرێژایی مێژوو ئەهلی سوننە کە ئەشعەری و ماتۆریدیەکانن ڕەددی ئەو فیڕقانەیان داوەتەوە بە بەڵگەی عەقڵی و نەقڵی کە ناتوانن خۆیان لەبەر ڕابگرن، وە ئەوەی ئێستاکەش لەسەر ئەو پەیڕەوەی شێخ ئیبن و تەیمیەو ئیبن و قەیم ئەڕوا هەرچی برا سەلەفی و وەهابیەکان و خەڵکانێکی تریش هەیە لەسەر ئەم عەقیدە تەجسیم و تەشبیهەیە، ئیبن و لجەوزی لەو کتێبەیدا ئەهلی سوننەی سەرخستووە تاوەکوو ڕەددی ئەو جۆرە گومڕاییانە بداتەوە کە خودا ئەشوبهێنن بە عەبد، وە کۆمەڵە شتێکیشیان لە ئیمامی ئەحمەدەوە ڕیوایەتکرد کە ئیمامی ئەحمەد لێیان بەریەو خودی ئیمامی ئەحمەدو ئیمامی بوخاری و چەندین کەس لە ئەهلی سەلەف تەئویلی قورئان و فەرموودەیان کردووە بەبەڵگە کە لێرەدا بواری ئەوە نیە بیخەینە بەردەست. لە کۆتایش جەهم کوژرا بەدەستی یەکێ لە سوڵتانەکان. بۆ مەسەلەی سەمەنیەکان بڕوانە: (سمنية ـ ويكيبيديا موسوعة الحرة). وەرگێڕ

**زانستەکانی زمان:**

زانستەکانی زمان، نەحو و بەلاغەو غەیری ئەوانەش لە بنەماکانی زمانەکان لە خۆ دەگرێ، وە ئەتوانین باسی هەندێ ڕووی پشت بەستنی ئەو زانستانە بکەین لەسەر توێژینەوەکانی زانستی کەلام.

یەکەم: توێژینەوە لە بنەماکانی زمانەکان ئایا هەموویان دانراوە لە لایەن خوای گەورەوە یاخود زاراوەیی و اصطلاحیە لە لای مرۆڤـ، ئەمەش بە پشت بەستن لەسەر ئەوەی کەوا زانستی تەوحید ئەیڵێ و ئیقراری لەسەر دەکات، چونکە خوای گەورە بەدیهێنەری مرۆڤە، کە زاتێکە گەورەمان ئادەمی فێرە هەموو ناوەکان کرد، هەر بۆیەش زۆربەی لە ئوصوڵی

و زاناو موفەسسیرەکان مەیلیان بۆ ئەوە چووە کەوا بنەڕەتی زمانەکان (یان یەك زمان یانیش زیاتر) ئەوە لە دانانی خوای گەورە بووە، پاشان مەحاڵ نەکراوە و ڕێگریشی لێ نەکراوە تاوەکوو هەندێ زمان دروست ببێ و لێیانەوە لق و پەل بدەن لەوەی کە خوای گەورە ئادەمی لێ فێر کردووە.

دووەم: پەیوەندی نێوان لەفزو مانا. زۆرینەی زاناکانی کەلام گوتویانە: پەیوەندی لەفزو مانا بێگومان دانراوە، وە ئەوە لەفز نیە کە مانا دروست بکات، بەڵکوو پێویستە جۆرێك لە زاراوە پێشی کەوتووبێ لەسەر دانانی ئەو لەفزە بۆ ئەو مانایە، پاشان گەڕاون لە چیەتی پەیوەندی نێوان لەفزو مانا، جا ڕاجیایی لە وتەکانیان هەیە بەجۆرێ بۆچوونەکانیان

زیاد لەسەر پێنج نەزەڕیە کۆکراونەتەوە، یەکێ لەوانە نەزەریەی هەناردەیی دانانێتیە.

سێیەم: پەیوەندی نێوان زمان و فیکردا، گومانی تێدا نیە مرۆڤـ لەو ڕووەوە کە مرۆڤە، لە هەمان کاتیشدا ناتقە (واتە: ژیربێژە) بەڵام ئایا نوتق پێی قسە کردنە لە زماندا، بەجۆرێ یەکێ نابێتە مرۆڤـ مەگەر ئیللا فێری زمان ببێ یانیش تەلەففوز بکاتن بە زمانێك.

گومانی تێدا نیە لەوێدا پەیوەندیەکی چەسپاو هەیە لە نێوان زمان و فیکردا، بەڵام ئەو وتەیەی کە ئەڵێ: فیکر نیە ئیللا بە زمانەوە نەبێ، ئەوە پشکی نەبووە لە وەرگرتنێکی تەواو لە نێوان زاناکانی کەلامدا، وە

هەتا لە نێوان زاناکانی ئوصولِ فیقهیشدا، بەڵکوو فیکر پێش زمان کەوتووە، وە پەیوەندیش ناوەستێت لەسەر زمان، پاشان ئینکاری چەندێتی ئیفادەی زمانیان بۆ فیکر نەکردووە لە دوای ئەمەوە، بەڵام ئەوان گوتویان: ئەمە ناگەڕێتەوە بۆ خودی ئەو پەیوەندیەی نێوان فیکرو زمان، بەڵام ئەوەش ئەگەڕێتەوە بۆ کەم تەرخەمی زیهنی مرۆڤ لە ئامادەکردنی مانایانێك بە یەکجاری و بە یەك دەفعە ئەمەش بەهۆی وەهم کردن لە خەیاڵکەرەوە یاخود وەهمکەرەوە،[٤٠] پاشان تێبینیەکەی تەواو ئەبێ لە

[٤٠] سەید شەریفی جورجانی ئەفەرمووێ: "هەستەکانی ژوورەوە پێنجن: هەستی هاوبەش، کە هێزێکە وێنەی جوزئی هەستکراو ئەنێرێ بە پێنج هەستە دیارەکە. وە خەیاڵ: ئەمەش هێزێکە بۆ پاراستنی وێنەکراو لە هەستی هاوبەشدا وەکوو گەرمی. وەهم:

لایەن عەقڵەوە، جا هەر کاتێ تێبینی وێنەیەکی لەفزی بکات ئەوە ماناکەی ئامادە ئەکات ئەوەی کە بۆی دانراوە، لەوەوە ئەبێتە کۆبوونەوەی شێوە لەفزیەکان لە وەهمدا وەك بەدیلێك یاخود وەك نزیکخراوەیەك بۆ ئامادەکردنی ماناکان بە یەك دەفعە، ئەم ئامادەکردنەش مەرجێکی زەڕوریە لە فیکردا.

بەڵکوو زانا ئەشعەریەکان فرمانێکی تریان لە دوای ئەمەوە سەلماندووە، کە گوتویانە: بێگومان کەلام بە تەنیا بە زمانەکان و پیتەکان و دەنگەکان نیە، بەڵکوو

---

ئەمەش هێزێکە بەهۆیەوە پەی بە ماناکان ئەبردرێ وەکوو هاوڕێیەتیم وە دوژمنایەتیم بۆ عەمر. وە پارێزەری تەصەڕڕوفکەر، واتە: خەیاڵکەرەوە، ئەوەش هێزێکە تەصەڕڕوف ئەکات لە وێنەو ماناکان بەهۆی پێکهێنان و ڕاپەڕاندن". (التعریفات)(ل٩٩) باب الحاو ـ فصل الیاوـ الحواس الباگنه خمس. وەرگێڕ

کەلامێکی نەفسیش هەیە کە لە دواوەی پیتەکان و دەنگەکانە،[٤١] وە ئەو کەلامەش عەینی ئەو زانستە نیە وە عەینی شێوە لەفزییە پارێزراوەکان نیە کە لە وەهم و زاکیرەدایە. ئەمەش جێ باسێکە بە تێڕوانینی پێویستە دیراسەی بکرێت و گرینگی پێ بدرێ لەو سەردەمەدا.

---

[٤١] مەبەستیان کەلامی نەفسی خوای گەورەیە، کە کەلامێکی ئەزەلی و ئەبەدی و قەدیمە بەزاتی خوا، بێ دەنگ و پیتە چونکە دەنگ و پیت سیفاتی مرۆڤـ و بوونەوەرن و لەدەم دەرچن و پێویستیان بە هەواو لێوو زمان و نۆت و ژێ دەنگیەکان هەیە خواش ئەفەرمووێ: (ليس كمثله شيء وهو السميع البصير) واتە: هیچ شتێك وەکوو خودا نیە واتە: هاوتای نیە لە زاتی لە سیفاتی لە هەموو شتێك، وە لەگەڵ ئەوەش ئەبیستێ و ئەبینێ. چۆنیەتی بیستن و بینینەکەی نازانین خودا خۆی ئەیزانێ. وە لە شەرحی قەواعیدی عەقائیدی ئیمامی غەزالی و نەسەفی و تەحاوی و قوشەیریدا باسمان لێوە کردووە. وەرگێڕ

چوارەم: جیاوازی نێوان لێوە فامکراو لەگەڵ ڕاستێتی: جیاوازی نێوانیان ئەوەیە ڕاستێتی مەوجوودێکی دەرەکیە کە ناکرێ لەفزێکی بەبەرا بکرێ لە ڕووی ماناکەیەوە، بەڵام سەبارەت بە لێوە فام کراو ئەوە مانای لێوە فام کراوەکەیە لە لەفزەکەدا لە کاتی گوتنیدا. وە فرەیی ڕاستێتیەکان ناچارێتی فرەیی لێوە فامکراوەکان ناکەن هەروەکوو ئەمە ڕوونە، وە زۆرێکیش لە زمانەوانیە نووسەرەکان گومانی وەهمێك لەو دووانە ئەکەن ئەمەش بە دانانی هەندێ ئەلفاز بۆ زیاتر لە مانایەك، وە بەڵگەش ئەهێننەوە بە پێی گوتنەکەیی و بە بەرداکردنەکەی بەسەر ڕاستێتیە جیاوازەکان، وا گومانیان بردووە کەوا هەموو ڕاستێتیەك مانایەکی سەربەخۆ تەشکیل ئەکات بۆ

لەفزێك. وە بێ ئاگاشبوونە لەوەی کەوا ئەصڵ لە داناندا ئەبێ بۆ هەموو لەفزێك یەك مانا هەبێ بە تەنیا، وە ئەصڵیش وایە زۆر نەکردنی ماناکانە بۆ تەنیا لەفزێك، لەبەرئەوەی ئەگەر ئەوە زۆر بێ دژایەتی ئەوە ئەکات کە زمان داینـاوە لەبەر ئەو، کە بەیان و گەیاندن و ڕوونکردنەوەیە، ئیتر جێگەی ئەو خوڵاسیەتەو گومان بردنە ئەگرێتەوە.

ئەم بابەتەش ئەگەڕێتەوە لای تێڕامان بەجۆرێ کە ئایا دانان لە بنەڕەتدا بۆ مانایە یاخود بۆ ڕاستیێتی دەرەکیە. ئەمەش گومانی تێدا نیە جێ باسێکە لەو پەڕی سوودداییە کە زۆرێك لە بابەتەکان لە زانستی زمان و مانای ئەلفازەکان و تەفسیری لەسەر جیا ئەبێتەوە. جا بەڕاستی زیاتر لە زانایەکی لێکۆڵەرو

نەحوی و وردکاری کارامە ئاگاداری ئەمە بوونە یەکێ لەوانە خاوەنی کتێبی (معجم مقايس اللغوية) کە ئەحمەدی کوڕی فارسە. وە لەسەر ئەم شێوازە زۆرێك لە موفەسسیران و زامانەوانیەکان ڕۆیشتن (ڕەحمەتی خوایان لێ بێ).

پێنجەم: گومانی تێدا نیە کەوا زانا زۆر لێزانەکان ئەوانە کە داهێنانیان کرد لە زانستەکانی ڕەوانبێژی، وە بونیادی بنەماکانیشیان بۆی کرد ئەمانە لە موتەکەللیمینەکان بوون، جا هەندێ لەو زانایانە بۆ نموونە: جاحظ و خەتتابی و ئیمام عبد القاهری جورجانی، وە زۆرێکیش لە توێژەرە هاوچەرخەکان تێبینی ئەوە لە جورجانی ئەکەن کەوا کەسێکی نەحوی گەورە بووە، وە تێبینی ئەوەیان لێ نەکردووە کەوا

زۆربەی بیناکردنەکانی بۆ بنەماکانی نەزەریەی نەظم کە تیایدا پشتی بەستووە بە مانا فامکراوە کەلامیەکان، بەڵکوو زۆربەی ئەو زاراوانەشی کە بەکاری هێناوە لە کتێبەکەیدا ئەوە هەر لەبنەڕەتدا کەلامیە. هەر بۆیەش ئێمە ئەبینین ئەوانەی کە گرینگیان بە نەزەریەی ئیعجازدا ئەوانەی کە لەبەر ئەو گوتیان: بەهۆی نەزمەوە[٤٢]، ئەوە لە موتەکەللیمینەکان

[٤٢] النظم: بریتیە لە دەستەواژانێك کە موصحەفەکانی لەسەر گرت ئەبێتەوە لە ڕووی صیغەو زمانەوە، ئەوەش بە ئیعتیباری وەصفەکەی چوار بەشە: تایبەت و گشتی و هاوبەش و تەئویلکراو، وە ڕووی سنووردار کردنەکەش ئەگەر لەفز بۆ یەك مانا دانرا ئەوە تایبەتە، یاخود بۆ زیاتر ئەگەر هەمووی گرتەوە ئەوە گشتیە، ئەگینا هاوبەشە ئەگەر یەکێ لە ماناکانی پەسند نەکرێ، وە ئەگەر پەسند کرا ئەوە تەئویلکراوە (واتە: مانایەکی تری بۆ خواستراوە)، وە لەفزیش ئەگەر مەبەستەکەی لێیەوە دەرکەوت ئەوە پێی دەگوترێ

بوون کە بڕوایان وایە ئیعجازی قوڕئان بێگومان لە ڕەوانبێژیەکەیی و نەزمەکەیەوەتی. وە ئەوەش ئیهمال ناکەین کەوا بڵێین نەزەرییاتەکانی تر بۆ ئیعجاز وەکوو نەزەریەی ئیعجازی پوخت کە شێخ نەززاڕ گوتویەتی هەروەکوو لێوەی نەقڵ کراوە، وە ئیمامی جوەینیش ئەوەی گوتووە لە کتێبەکەی (النَّظَّامِيَّة) ئەگەرچی بەڕوویەکدا جیاوازە لەوەی کە نەززام گوتوویەتی لە

---

زاهیرو دیارە سەبارەت بەو. پاشان ئەگەر ڕوونکردنەوەکەی زیادی کرد بەجۆرێ ئەگەر کەلامەکە سیاقی بۆ کرابوو ئەوە پێی ئەگوترێ دەق، پاشان ئەگەر ڕوونکردنەوەکەی زیاتر بوو هەتا بابی تەئویل و تایبەتکردنیش کەوت ئەوە پێی ئەگوترێ ڕاڤەکراو، پاشان ئەگەر ڕوونکردنەوەکەی زیاتر بوو هەتا بابی ئیحتیمالی نەسخ بوونەوە کەوت ئەوە پێی ئەگوترێ موحکەم (واتە: زۆر تەواو و تۆکمەو پتەو). بڕوانە: (التعريفات)(ل٢٣٥) باب النون ـ فصل الظاء. وەرگێڕ

هەندێ لایەنەوە، بەڵام ئەصڵەکەیان پشتی بەستووە لەسەر بنەمایانێکی کەلامی دیارو ڕوون.

شەشەم: سەبارەت بە زانستی نەحویش هیچ کەسێك ئینکاری کاریگەربوونی بە زانستی کەلام نەکردووە، وە ڕێگای توێژینەوەی کەلامیش زۆر پێشکەوتووە، جا زۆرێك لە نەحووزانەکان توێژینەوەیان ئەکرد لە زانستی نەحوو لەسەر ڕێگای موتەکەللیمینەکان، وە زۆرینەی نەحوزانە بەصریەکان لەسەر ئەم ڕێگەیە بوون، وە نەزەڕیەی هۆکارەکان یەکێکە لە گرینگترین شاهێدەکان لەسەر ئەو جێ دەستە گەورەیە.

حەوتەم: نەحووزانەکان بەڕاستی پێداگر بوون لەسەر نزیککردنەوەی نێوان ڕێگای دانانی کەلام و ڕێکخستنەکەی لەگەڵ جیهانی دەرەکی، ئەوەبوو سێ بەشیان دانا بۆ کەلام لە ناو و کارو پیت (ئیسم و فیعل و حەرف) سەبارەت بە تیڕوانینیان لە بینینی جیهان، بەجۆرێ کەوا پێکهێنراوە لە تەنۆچکانێکی وەصفکراو بە سیفەتانێك کە کارانێکی دیاریکراوی لێیانەوە دەرئەچێ یاخود کارانێکی دیاریکراو پێیانەوە وەستاو و ڕاگیر ئەبن، وە پەیوەندیەکیش هەیە نێوان ئەو تەنۆچکانە[٤٣] ئەبەستێتەوە بە یەکتریەوە هەندێکیان بە

[٤٣] جەوهەر: ماهیەت و چیەتیەکە کاتێ کە دەرئەکەوێ لە (ئەعیانەکان) ئەوانەی کە ڕاگیرو وەستاون بە زاتی خۆیان، نەك لە دانراودا، ئەمەش سنووردارکراوە لە پێنجان: هەیولی (واتە: تەنۆچکەی ورد گەردو گەردیلەو لەوانیش بچوکتر، کاتی خۆی بەو

گەردو تۆزو خۆڵە وردانەیان ئەگوت کە کاتێ خۆر لە پەنجەرەیەکی ئەدا ئەو گەردە بچوکانەی لێ بەدیار ئەکەوێ)، وە شێوەو، جەستەو، نەفس و، عەقڵ، لەبەرئەوەی یان بە تەنیان یانیش بە تەنیا نین، جا ئەوەی یەکەم: یان پەیوەندی بە جەستەوە ئەبێ بە پەیوەندیەکی مشورخۆرێتی و ڕاپەڕاند یاخود پەیوەندی ناکات، یەکەم: عەقڵ، دووەم: نەفس، وە دووەمیشان لە دابەشکردنەکە: ئەوەش ئەبێ بە تەنیا نەبێ جا یان پێکهێنراو ئەبێ یانیش نا، یەکەم: یان جەستە، دووەمیش: یان حاڵە یانیش شوێنە. یەکەم: شێوەیە، دووەمیش: هەیولیە، وە بەو حەقیقەتە جەوهەریە گوتراوە لە زاراوەی پیاوانی خوا بە نەفسی ڕەحمانی، وە هەیولی گشتی، وە ئەوەیشی لێیەوە دیاری ئەکرێ ئەوە بووەتە هەبوویەك لەو هەبوانە بە وشەکانی خوایەتی. خوای گەورە ئەفەرمووێ: ﴿قُل لَّوۡ كَانَ ٱلۡبَحۡرُ مِدَادًا لِّكَلِمَٰتِ رَبِّي لَنَفِدَ ٱلۡبَحۡرُ قَبۡلَ أَن تَنفَدَ كَلِمَٰتُ رَبِّي وَلَوۡ جِئۡنَا بِمِثۡلِهِۦ مَدَدًا﴾ الكهف: ١٠٩. واتە: تۆ ئەی پێغەمبەر پێیان بڵێ: ئەگەر دەریا مەرەککەب بێ بۆ نوسینی وشەکانی خوای گەورە ئەوە دەریا تەواو ئەبێ پێش ئەوەی وشەکانی خوای گەورەم تەواو بن، هەرچەند ئەوەندەی ئەو دەریایەو دەریای تریش بهێنین بۆ یارمەتیدانی چونکە زانست و زانیاری خودا سنووری نیە. وە بزانە جەوهەر دابەش ئەبێت بۆ

هەندێکی تریان، وە پەیوەندیەکی تریش هەیە نێوان تەنۆچکەکان و لابەلا ڕاگیراوە بە تەنۆچکەکان

---

بەسیتێکی ڕووحانی وەکوو عەقڵەکان و نەفسە تەنیاکان. وە بەسیتێکی جەستەیی وەکوو توخمەکان، وە بۆ پێکهێنراو لە عەقڵدا بێ لەدەرەکی وەکوو چیەتی جەوهەرێتیە پێکهێنراوەکان لە جنس و فەصڵ. وە بۆ پێکهێنراو لە هەردووکیاندا وەکوو سێ پەیدابووەکە. (سەبارەت بە جنس و فەصڵ بۆ نموونە: گشتیەت جنسەو هەموو گشتیاتەکان لە خۆ ئەگرێ، جنسی نزیکمان هەیە وەکوو گیاندارێتی بۆ ئینسان، وە جنسی دووریشمان هەیە وەکوو جەستەیەکی نامی (غێر جامد) بۆ ئینسان. فەصڵیش: گشتیە لەسەر شتێکا هەڵئەگیرێ لە وەڵامی هەر شتێکا ئەو لە جەوهەرێتی خۆیدا وەکوو ژیربێژێتی و هەستیارێتی. وە فەصلی ڕاگیریش: ئاماژەیە بە بەشێك کە لەناوەوەی چیەتیە، وەکوو ژیربێژیەت کە لەناوەوەی چیەتی ئینساندایەو وە ڕاگیرە بۆی، چونکە بەبێ وجوود بۆ ئینسان نیە لە دەرەوەو زیهندا). (التعریفات)(ل ٨٥ـ٨٦ـ١٦٧) الفصل ـ الجنس ـ الجوهر. وەرگێڕ

ئەبەستێتەوە بە لابەلاکان هەندێکیان بەهەندێکی تریان.

ئەمە ئەو بنەڕەتی کەلامەیە بۆ ئەو ناواوانەی کە نیشانەیە لەسەر زاتەکان، وە هەندێکیشیان وەرگیراون لە تێبینی کردنەکانی زات وەصفکردنی حاڵەکەی بە سیفاتێك، یاخود ڕاگیربوونی لابەلاکان بەوەوە، وە کارانێکیش هەن ناکرێ ڕووبدەن ئیللا لە بکەرێکەوە نەبێ، ئەمەش ئەو بنەڕەتەیە کە بەهۆیەوە نەحویەکان بۆ کارێك بکەرێکیان داناوە، لەبەر مەحاڵێتی کار بەبێ بکەر، وە پیتەکانیش کە بەیەك بەستنەوەی یەکن لەوەی کە ڕابوورد.

ئیتر لەوەوە پەیدابوو ئەوەی کە ناونرا بە نەزەریەی وجودی پیتی لە بەرامبەر وجودی ڕاستەقینەی دەرەکی، کە یارمەتی لێوە وەرگرتووە بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێ نەزەریاتی کەلامی یاخود فەلسەفی وەکوو نەزەریەی یەکبوونی وجود یاخود نموونەگەرایی دانراوێتی ڕەها.

لێرەدا بواری ڕوونکردنەوەی هەموو لایەنەکانی پەیوەندی و پشت بەستنی هەموو زانستەکانی ترمان نیە لەسەر زانستی کەلام وە لێشیانەوە وەریبگرین، وە سوودەکانیشیان بخەینە بەردەست.

بۆیە هەوڵدەدەین کەلام پوخت کەینەوە بۆ ڕوونکردنەوەی جێ دەستی زانستی کەلام لە زانستەکان

و مەعاریفەکانی تردا، ئەڵێین: تەفسیری قورئانی پیرۆزو لایەنێکیش لە زانستی فەرموودە بە تایبەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە شیکاری فەرموودەکانەوە هەیە بەوە هەژمارکراون کەوا بەشێکن لە زانستی کەلام، جا هەروەك چۆن کەلام پشت بە قورئان ئەبەستی سودیشی بۆ تەفسیرکردنی هەیە، ئیتر بەو جۆرە ئەوە پەیوەندیەکی ئاڵوگۆڕیە لە نێوان زانستی کەلام و تێکرای زانستەکانی تر وەکوو زانستی ئەخلاق، چونکە زانستی کەلام تێکۆشان و هەوڵ و ماندووبوونێکی مەنهەجکراوە بۆ تەفسیرکردنی بابەتە پێشنیار کراوەکان لە دەقە دینیەکاندا. وە گومانیشی تێدا نیە دەقە دینیەکانیش قورئان و سوننەتن.

بەڵام ئەخلاق و فیقه، هەردووکیان دوو زانستن گرینگی بەوە ئەدەن کەوا چ کارێ کردنی واجبەو واجب نیە لە دەرەوەو ناوەوەدا لە ڕوانگەی دینەوە، ئەکرێ بگوترێ زانستی کەلام پێویستی بە هەردووکیان هەیەو ئەوانیش پێویستیان بەو هەیە، وە گومانیشی تێدا نیە فیقه لە زانستە ئیسلامیەکان ئەوە بەدیلی زۆرێك لە زانستە ناسراوەکانی لای غەیری ئێمەیە لە میلەتەکانی تردا بە ناوانێکی تر، وەکوو ئەخلاق، سیاسەت، کارگێڕی ماڵ، پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان، هەموو ئەو جێ باسانەو غەیری ئەوانەش بەشانێکن یاخود جێ باسێکن بە پێناسەی ئیسلامی بۆ زانستی فیقه. ئەوەشمان زانی پەیوەندی نێوان فیقهو کەلام چیە.

**هەندێ لە بابەتە توێژراوەکان هەیە لە زانستی کەلامدا کە لای غەیری ئەو ناتوێژرێتەوە لە زانستەکانی تردا.**

لەگەڵ ئیزافەکردنی ئەو بابەتانەی پێشووتردا کە ئاماژەمان پێدا ئەوانەی کەوا زانستی کەلام توێژینەوەیان لە بارەوە ئەکات ئەوە زانستەکانی تریش سوودی لێ ئەبینن، چونکە لەوێدا بابەتانێك هەن لە زانستێکی تری غەیری زانستی کەلام ناتوێژرێتەوە، وە کەسی ژیتەڵ وعاقڵیش گومانی لە گرینگیەتی ئەوە نیە بۆ جێ باسانێك لە زاتی خۆیدا.

لەوانە

یەکەم: وجودی خوای گەورە، وە یەکتاییەکەی، وە ناسینی سیفاتەکەی، وە ئەوەیش کە لەسەر ئەوە ڕێك

ئەخرێ لە دەرەنجامە کرداریە زۆرەکان کە ناشاردرێتەوە.

دووەم: موناقەشەکردنی فیکرەکان و فەلسەفەکانی تر ئەوانەی کە پێچەوانەی دینی ئیسلامن، ئەمەش دابەش ئەبێ بۆ دوو بەشان، زانینی موناقەشەکردنی دینە ئاسمانیەکانی تر، وە ناوەکەشی بە ئاسمانی لەبەرئەوەی بەو ئیعتیبارەی کەوا بنەڕەت و سەرچاوەکەیەتی، نەك بەو ئیعتیبارەی ئەوەی ئێستاکە لەسەریەتی. بەشی دووەمیش زانینی موناقەشەکردنی فیکرەکان و فەلسەفەکانی تر ئەوانەی کەوا هەڵهێنجراو داهێنانراون لەلایەن مرۆڤەکانەوە، وەکوو فەلسەفەی عەلمانیەت و ماددەگەرایی و وەزعیەکان بەهەموو جۆرە جیاوازەکانیەوە. بۆیە هیچ زانستێك نیە کە

شایەن بێ توێژینەوەو گەڕانی تیێدا بکرێ بۆ ئەو جێ و باسانە ئیللا زانستی کەلام نەبێ.

ئا لێرەوە مەترسی توێژینەوە لە نیزیکخستنەوەی نێوان ئاینەکان دەرئەکەوێ، جا ئەگەر نزیکخستنەوە مەرجداربێ بە ئیعتیباری دینی ئیسلامی ئەوە لە هەمان پلەدایە سەبارەت بە ئاینەکانی تریش (واتە: لای دینەکانی تریش مەرج و سنووری خۆیان هەیە لە نزیك بوونەوە لە دینی ئیسلام، وە ئیعتیڕاف بەدینی ئیسلامیش ناکەن)، بۆیە لەوێدا قەدەغەکراوێك هەیە، ئەگینا لەگەڵ ئیعتیباری لە پێشترێتی ئیسلام و حەقداریەتەکەی ئەوە هیچ ڕێگریەك نیە لە بیناکردنی هاوکاری و نزیکخستنەوە لەسەر ئەو پەیڕەوەی کە لە پاشان باسی لێوە ئەکەین. وە ئەم کارەش پێویستە بە

بەچاودێریەوە بکرێ و توند بکرێ لەسەری ئەمەش لە ڕێی زانستی کەلامەوە لەسەر بابەتی نزیکخستنەوەی نێوان ئاینەکان (واتە: ئەوەی ئەو کارە ئەکات ئەبێ شارەزاییەکی تەواوی لە زانستی کەلامدا هەبێ تاوەکوو نەکەوێتە ناو هەڵەو کوفریات بە خۆشی ئاگادار نەبێ)[٤٤]

سێیەم: وە گومانی تێدا نیە زانستی کەلام زانستێکی شایەنە بە توێژینەوەی ناکۆکیەکان لە نێوان فیرقە ئیسلامیەکاندا، وە هەوڵدان بۆ زانینی کەسی پێکاکەوکەر تیایاندا لە هەڵەکار، یاخود زیاتر پێکاوتر لە چاو غەیری خۆی. وە موناقەشە کردن لە نێوان

---

[٤٤] ڕوونکردنەوەی وەرگێڕە.

موسڵمانەکان لە کاروباری دین داواکراوە شەڕعەن، بە پێچەوانەی هەندێ لەو کەسانەی کە بڕوایان وایە ئەو زانستە حەڕامکراوە، وە گومانیشی تێدا نیە خیلاف واقیعە (واتە: ناتوانی خۆتی لێ بدزیەوە)، جا لابردنی خیلاف یاخود هەوڵدان بۆ ئەوە ئیللا بە کەلام و موناقەشەیەکی چاك ئەبێ. بۆیە کەلام و قسەکردن لە کاروبارە دینیە بنەڕەتیەکەیە، کە لە عورفی ئێمەدا ناسراوە بە عەقائیدی، بێگومان ئەوەش داواکراوە.

وە ئیهمال کردنی خیلافات یاخود هەوڵدان بۆ لە بیر بردنەوەو خۆ بێ ئاگایی کردن لێی ناکرێ ئەوە بەدیلێك بێ لەبری هەوڵدان بۆ گەیشتن بە نزیکتر لە حەق یاخود لە پێکاو تیایدا، جا نەبوونی توانا لە گەیشتن بە کۆکبوونێکی گشتگیر لە نێوان گشت موسڵمانان ئەوە

دروست نیه ناچاری بێ گایی بوون بکات له بوونی خیلافدا. وه بنەما کەلامیەکان بەڵگەن لەسەر ئەوەی کەوا خیلاف بە دەستهاتووە، وە بێگومان دینی ڕاستی ئێمەش بڕیاری ئەوەی داوە کەوا هاوکاری یەکتر کردن لە نێوان موسڵمانان پێویستە و واجبە.

جا ئەم پێشەکیەی خوارەوە بەدیهی و بێ تێڕامانەکانن

یەکەمیان: وجودی خیلاف و بەردەوامیەتی.

دووەمیان: واجبێتی هاوکاری و کامڵکردن لە نێوان موسڵمانان.

ئەگەر گوتمان هاوکاری ناکرێ بەدەست بێت مەگەر ئیللا بە کۆکبوونێکی تەواو نەبێ لە نێوان تێکرای

موسڵمانان لەسەرووی هەمووشتێك لە بیروباوەڕە بنەڕەتیەکەیی و لق و پەلەکەی، ئەمەش ناچاری مەحاڵبوونی واجبێتی هاوکاری ئەکات، ئەوەش باتڵ و پووچە.

وە ئەگەر گوتیشمان کەوا هاوکاری واجبە، ئەوەش مەرجدارکراوە بە یەك دەنگی، بۆیە لەسەرمان پێویستە خیلاف لەبیر بکەین و هەوڵی بێ ئاگایی بوون بدرێ لێی. ئەمەش گومانی تێدا نیە کەوا ڕاست نیە، لەبەرئەوەی ئیهمالکردنی ئەوە هەبوویەکی تێدایە، وە بێ ئاگایی کردنی ئەو شتەشە کەوا ناکرێ لێی بێ ئاگا بێ، هەموو فیرقەیەك گومانی پێکاوێتی و حەق بەوێتی ئەبات، ئیتر چۆن داوای لێ ئەکرێ بێ ئاگابێ لەوەی کە بانگەشەی پێکاوێتی بۆ ئەکات تیایدا.

جا ئەمە کێشەکەیە لە زمنی ئەو ڕووانگەوە.

وە لێکۆڵینەوەی ئەو کەلامە بیناکراوەی کە لەسەر بنەماکانی کەلامیە داخوازی هەمووان ئەکات بەجۆرێك لە تێڕامان کە نێوان ئەو دوو پێشەکیە کۆ ئەکاتەوە، جا یەکێ لەو دووانە لە هەست و بینینەوە وەرگیراوە، کە بریتیە لە گەیەنەرێکی مەعریفەت، ئەوەکەی تریش لە یەکلاکەرەوە دینیەکان وەرگیراوە. بۆیە ئیهمالکردنی یەکێ لەوانە یاخود خۆ بێ ئاگا کردن لێیان ئەوە ڕاست نیە.

جا لەسەر ئەمە واجبێتی کارکردن لەسەر هاوکاری کردن ڕێك ئەخرێ لە کاتی تێبینی کردنی خیلاف، وە واجبێتی بیناکردنی کەلامێکی کرداری بۆ هاوکاری

کردن تێبینی ئەو دوو ڕووەو ئەو دوو حەقیقەتەی تێدا ئەکرێ. بۆیە پێویستە بینای هاوکاری کردن بکرێ لەگەڵ تێبینی کردنی خیلاف. جا یان لەسەر شتە خیلاف لەسەرەکە بینا ئەکرێ، یانیش لەسەر یەکدەنگبوونەکە، وە گومانیشی تێدا نیە بینا کردن نابێ ئیللا لەسەر یەکدەنگبوون نەبێ، وە دووەمیش بیناکردنی کاروکردەوەی واجب بەدەست هێنانەکەی لەسەر ئەو ئەندازەیە کە یەکدەنگبوونی لەسەر بەدەستهاتووە لە نێوان موسڵمانان لەگەڵ نەبوونی ئیهمال کردنی یەك تایبەتمەندیش لە فیرقە ئیسلامیەکان و بەردەوامی موناقەشە کردنیش لە نێوانیان بە چاکترین شێواز.

چوارەم: هەندێ کەس هەن سەیری وجودی خیلافاتی نێوان موسڵمانان ئەکەن لەسەر ئەوەی کەوا مەترسیەکی ڕەشدارە، وە پێویستیشە ڕەتی خیلافات بکرێ بە ڕەهایی، وە ئەمە زیانێکە بەر ئوممەت ئەکەوێ و بە هیلاکی ئەبات. بەڵام ئێمە لە لایەکی ترەوە ئەڵێین بێگومان وجودی خیلافە بایەخپێدراوەکان لە نێوان فیرقە گەورەکاندا، لەگەڵ ئەوەش بونیشی لە لایەکی ترەوە هەندێ لە بەدی و خراپەییەکانی لەسەر ڕێك ئەخرێ ئیللا ئەوە نەبێ زۆربەی بەرژەوەندیەکانی تری لەسەر ڕێك ئەخرێ، کە گرینگترینیان بەردەوامی تێڕامان بەردەوامێتی لێکۆڵینەوەو توێژینەوەیە لەو بنەمایانە. وە هەروەها وجودی مونافەسەکاریشی لەسەر ڕێك ئەخرێ لە ڕەددانەوەی ئەو نەیارە

دەرچووانە لەسەر دین، ئیتر هەر یەکە لە ڕوانگەی خۆیەوە، هەروەکوو ئیمامی غەزالی فەرموویەتی لە کاتی موناقەشەکردنی لەگەڵ فەیلەسوفەکان (من بە زمانی ئەشعەریەکان بە تەنیا گوفتار لەگەڵ ئێوە ناکەم بەڵکوو بە زمانی تێکڕای فیرقە ئیسلامیەکان ئەیکەم، کە هەموویان کۆ ئەبنەوە لەسەرتان).

## ئیحتیاجبوون بە نوێکردنەوەی زانستی کەلام

بێگومان زۆرێك لە زاناکانی ئەو سەردەمە قسەیان کردووە لە بارەی زەڕوڕەتی نوێکردنەوەی زانستی کەلام لەسەر دوو شێوازان

یەکەم: نوێکردنەوە لە مەنهەجەکانی، وە خستنە پاڵی ئەو شتەش کە ئەکرێ بخرێتە پاڵی، ئەگەرچی ئەو بوارە لە ڕوانگەی منەوە سنوردارە بە تێبینی کردنی ئەو شتانەی کەوا زانا پێشینەکانمان پێشکەشیان کردووە.

دووەم: نوێکردنەوە بە خستنە پاڵی بابەتانێکی نوێ زۆر پێویستی بە چارەسەرکردن و پێشکەش کردنی حەلی گونجاو هەیە بۆی، وە زانستێکیش نیە بە

موناقەشەکردنی شایەنتر بێ لە زانستی کەلام ئەمەش بە تێبینی کردنی پێناسەکەی پێشووی.

وە لەو بابەتانە:

بابەتی ئازادی و ئیسلام. لەسەر ئاستی کاروکردەوەکان و ئاستی بیرکردنەوە.

بابەتی ئیسلام و دادو یەکسانی، وە توێژینەوە لە تێگەیشتنی دادو یەکسانی کە چیە.

بابەتی مافی مرۆڤـ و پەیوەندی نێوان دین و مافە سروشتیەکان بۆ مرۆڤـ، وە لە کوێوە بایەخ بە شتێك ئەدرێ کەوا حەق و مافە بۆ مرۆڤـ، وە بە چ تێگەیشتنێك بایەخ ئەدرێ کەوا حەقە بۆی.

ئەو بابەتانەی کە پەیوەندیان بە ئافرەتەوە هەیە، وە ئایا داواکراو یەکسانیە یاخود دادپەروەریە، وە لەسەر چ شتێك دادپەروەری بونیات ئەنرێ.

موناقەشەکردنی زۆرێك لە جێ باسە فەلسەفی و زانستی هاوچەرخ کە وا ئەکات ببێتە هۆکاری کێشەکان بۆیە پێویستە بزانرێن: وەکوو نەزەریەی ڕێژەیی کات و شوێن، وە ئایا ڕابووردوو ئێستا مەوجوودە، وە ئایا کات هەر هەبووەو شوێنیش سنووری بۆ نیە، یاخود کات و شوێن دوو شتن سنووردارن.

وە بەهەمان شێوە پێویستە موناقەشەی بابەتانێکی تر بکرێت لە ڕووی پەیوەندی بەشەکانی جیهان

هەندێکیان بە هەندێکیان کە ئایا پەیوەندیەکی هۆکارو بەهۆکراوێتیە یاخود لەسەر شێوازێکی ترە کە ڕێك ئەکەوێ لەگەڵ عەقیدەو بنەماکانی تەوحید.

وە هەروەها کەسی گومانبریش با گومانی ئەوە نەبات بە دڵنیاییەوە کەوا هێنانی ئەو بابەتانە بۆ نێو زانستی کەلام شتێکی نامۆیە، یاخود ئەوە گۆڕینەو خستنە پاڵێکە کە پێشینەکان ئاگاداری نەبوونەو لایان نەکردووەتەوە بە لایا، لەبەرئەوەی ئێمە ئەڵێین ئەمە هەمان مەنهەجی زانستی کەلامە، هەر بۆیەش زاناکانی پێشینەکانمان بابەتانێکیان خستە نێویەوە وەکوو مەسح کردن لەسەر خوفف و ئیمامەت لەگەڵ ئەوەش هەردووکیان لە بابەتانێکی فەرعین، تێبینی لایەنی بیروباوەڕیان لەوە کردبوو.

وە چەند هەنگاوێکیش نراوە لەو سەردەمەدا بۆ نوێکردنەوە لە زانستی کەلام لێرەدا باسیان ئەکەین ئەوەی کە محمد ئیقبال نوسیویەتی، وە وحید الدین خانیش لە کتێبەکەی خۆی (الإسلام یتحدی)، وە شێخ و عەللامە مصطفی صبری کە کتێبەکەی (موقف العقل والعلم والدین من رب العالمین) بە مەزنترین دانراو ئیعتیباری بۆ کراوە لەو سەردەمەدا، وە لەو کتێبە گزی لێکراوانەیە کەوا حەقی خۆی نەدراوەتێ لە دیڕاسەکردن و توێژینەوەدا (واتە: حەقی خۆیان بەو کتێبە نەدا لە مەنهجەکانی دیڕاسە، چونکە شێردراوەو گزی لێ کرا)، وە هەروەها ئەوەی عەللامە محمد باقر صەدریش پێشکەشی کردووە لە توێژینەوە جوان و

وردەکان. وە لەوانە ئەوەی کە عەللامە طەباطەبائی داپناوە کە هەردووکیشیان لە شیعەن.

ئەو توێژینەوەم بەسێ کاژێران نوسی یا کەمێ زیاتر.[٤٥]

والحمد لله رب العالمين

جگە لە خوای گەورە پێویستمان بە کەس و مەزهەبێك نیە.

دکتۆر سعید فودە

[٤٥] منیش ئەو وەرگێڕانەم بە ١٠ ڕۆژان تەواو کرد بە تایپەوە، بەڵام بە پێشەکی نوسینەوەو پێداچووەنەوەوە ١٢ ڕۆژی خایاند، زۆر لەو شتانەی کە لە پێشەکیدا هێناومە حازر هەم بوو بە تایبەتی ئەوانەی کە لەسەر ئیستیدلالە عەمەلیەکە ئەدوان. ٤ـ ٤ـ ٢٠٢٠ شەوی هەینی لەسەر شەممە. سوپاس بۆ خوا کە یارمەتی دام. وەرگێڕ

# ناوەڕۆك


| بابەتەکان | لاپەڕە |
|---|---|
| پێشەکی وەرگێڕ | ١ |
| نەزەریەی مەعریفەت بە پێنووسی باوکی غەزالی | ١٤ |
| ئیستیدلالی نەزەری | ١٧ |
| ئیستیدلالی عەمەلی | ٢٨ |
| فیڕاسەت | ٤٠ |
| زانستی کەلام | ٧٣ |
| پێناسەی دین | ٨٨ |

| | |
|---|---|
| پێناسەی زانستی کەلام | ٩٤ |
| تەعلیقاتانێك لەسەر پێناسەی زانستی کەلام | ١١٥ |
| جیاوازی لە نێوان فەیلەسووفەکان و موتەکەللیمینەکان | ١١٧ |
| موتەکەللیمەکان | ١٣٢ |
| پێکهێنانی زانستەکان و دەرکەوتنیان | ١٣٧ |
| پەیوەندی زانستی کەلام بە غەیری خۆی لە زانستەکان | ١٥٦ |
| زانستەکانی زمان | ١٨٠ |
| هەندێ لە بابەتە توێژراوەکان هەیە لە زانستی کەلامدا کە لای غەیری ئەو ناتوێژرێتەوە لە زانستەکانی تردا | ١٩٩ |
| ئیحتیاجبوون بە نوێکردنەوەی زانستی کەلام | ٢١٠ |